KURDISTAN



# بەشێک لە بابەتەکانی

## هاوڕێ ئاسۆ مینبەری

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٩، ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ .................... لاپەڕەی ................. ٧**

١- کرداری حەرام و دەردی ژنبوون...

٢- لاوان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا...

٣- بە بیانووی ٢٥ی نۆڤامبرەوە...

٤- ٨ی مارس ڕۆژی هەستانەوەیە...

٥- بۆچی سەرمان لێشێواوە؟...

٦- جینایەتێک لە ژێر ناوی "پاراستنی ناموس"...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠٢٢ ..................... لاپەڕەی .................... ٣٤**

٧- دنیای ئاڵۆزی بەرژەوەندییەکان...

٨- یەکگرتنەوەی دێموکرات و پرسی ژنان...



سەرچاوە Serchawe

٩- بۆ پاراستنی شەرەف یان ترس لە کۆمەڵگە!...

١٠- نا"یەکی دیی خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی...

١١- ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێک بۆ ڕزگاری...

١٢- ژنان، لە قوربانیبوونەوە بۆ پێشەنگایەتی...

١٣- مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردەوە...

١٤- کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم...

١٥- ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەرکێکی گرینگ...

١٦- ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن...

١٧- دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک...

١٨- ژینای ئێمە، یان مەهسای ئەوان؟...

١٩- ژنان لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ژینا...

٢٠- دوایین پەلەقاژەکان بۆ مانەوە...

٢١ زارا، ئەو ژنەی ڕێژیمی بەچۆک داهێنا...

٢٢- ڕێز لە کێ دەگیردرێ!

٢٣- ٨ی مارسی ئەمساڵ جیاوازە! ...

٢٤- شۆڕشی ژینا و هاوتەریب بوونی لەگەڵ ٨ی مارس .......... دیبەیت...

**بابەتەکانی ساڵی ٢٠٢٣ ........ لاپەڕەی .................... ٨٢**

٢٥- خاڵی وەرچەرخان

٢٦- مەیلی ئازادی لەم خاکە نابڕێ...

٢٧- لە ئازایەتیی کچان دەترسێ...

٢٨- ویستی ئێمە لە خواستی ئەوان ناچێ! ...

٢٩- سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام ناگەن...

٣٠- نهێنیی ئەم پارادۆکسە چییە؟...

٣١- مەرگ باشە بۆ ماڵە هاوسێ! ...

٣٢- مانای توندوتیژی نازانێ!

٣٣- ئەم شۆڕشە دەبێ بە چی بگا؟...

٣٤- کایەی سیاسی و بەشداریی ژنان...

٣٥- حوسێن ئەحمەدی‌نیاز: لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو جینایەت و تاوانێک پاساوێکی ئایدۆلۆژیکی لە‌پشتە ... دیمانە

٣٦- ورەی شۆڕش...

٣٧- ٧٨ ساڵ خەبات لە‌پێناو یەکسانی و مافی نەتەوەییدا...

٣٨- ئاگایی و وشیاری وەک پەیژەکانی سەرکەوتن...

٣٩- ژینا ئێستا نیشتمانە!...

٤٠- ئیرادەی هاوبەش! ...

٤١- ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز!

٤٢- بێدەنگی تاوانە! ...

٤٣- خەڵاتی ئازایەتی و خەباتخوازی، لە نۆبڵەوە بۆ ساخارۆف...

٤٤- لێیان تێک چووە! ...

٤٥- خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر هەر برینە! ...

٤٦- توندوتیژیی سیستماتیک...



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی ................ ٢٠١٩، ٢٠٢٠ و ٢٠٢١

### کرداری حەرام و دەردی ژنبوون

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی کارگێڕانی شارەداری لە شارەکانی ئێراندا لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەبێ دووچەرخە وەکوو کەرەستەیەکی هاتوچۆ کەڵکی لێوەربگیرێت تاکوو جیا لە کەمکردنەوەی ڕادەی ترافیک لە شارەکاندا پێش بە پیسبوونی هەوا بگیردرێت و جەوێکی خۆش بە سەر شار و بە سەر ڕەوانی خەڵکدا حاکم بێت، لە زۆربەی شارەکاندا لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە دژایەتی دەکرێت و دووچەرخەسواری بۆ ژنان قەدەغە کراوە و ئیزن بە ژنان نادرێت کە بەتایبەت لە شوێنە گشتییەکاندا دووچەرخەسواری بکەن.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا دووچەرخەسواریی ژنان بە لەبەرچاوگرتنی خاڵە شەرعییەکان ڕەوایە، وتوویەتی: "دووچەرخەسواریی ژنان لە شوێنە گشتییەکان و لەو شوێنانەش کە بکەوێتە پێش چاوی کەسێکی نامەحرەمەوە ، حەرامە".

لە کۆتاییەکانی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵیشدا، عەلی ئێسفەهانی، دۆزگەری پارێزگای ئێسفەهان، دووچەرخەسواریی ژنانی لە شوێنە گشتییەکاندا بە "کرداری حەرام" ناو برد و ئەنجامدانی ئەم کارەی بە شایانی سزادان بەپێی "یاسای سزای ئیسلامی" ناسیوە.

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم بە هێزی ئینتیزامیی ڕاگەیاندبوو کە لە ئەگەری بینینی حاڵەتێکی وەها لە نێو شاردا، سەرەتا هۆشدارییان پێ بدەن و دواتر بەڵگە و پێناسیان لێوەربگرن و ئەگەر ژنان خۆیان لە ڕادەستکردنی پێناسەکانیان بوارد، دووچەرخەکانیان ڕابگیردرێت، بەڵام ئەگەر ئەم کردارە حەرامە لە لایەن ژنانەوە درێژەی هەبوو، دەبێ بەپێی "یاسای سزای ئیسلامی" لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکرێ.

ئەم پێشگرتن و قەدەغەکردنانە بەپێی بڕیاری فەرمیی بەرپرسانی ڕێژیم لە حاڵێکدایە کە گەشتەکانی ئێرشاد لە هەموو شارەکانی ئێراندا بە بەردەوامی هەوڵی سەرکوتی خەڵک دەدەن و پێش بە ئازادییەکانیان دەگرن و ئەمەش دەبێتە دەردێکی سەرباری هەموو دەردەکان؛ بەو پێیە کە ستادی "امر بە معروف و نهی از منکر" بەپێی یاساکای ئێران ڕێک کەوتووە و پەسەندکراوەکانیشی دەبێ جێبەجێ بکرێت بە ئاسانی دەتوانێ پێش بە ژنانی دووچەرخەسوار لە شوێنە گشتییەکاندا بگرێت؛ لە حاڵێکدا کە پێشتر تەنیا باس لە حیجاب و ڕۆشوێنە ئیسلامییەکان بوو!

زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە دووچەرخەسواری شێوازێک لە هاتوچۆی خاوێنە و کەڵکوەرگرتن لەم کەرەستەیە بەتایبەت لەو شارانەدا کە هەوایەکی خاوێنیان نییە وەکوو پێویستییەک دەبێ چاوی لێ بکرێت. پێشگرتن لە نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگا بۆ کەڵکوەرگرتن لەو کەرەستەیە کە وەرزشیش بەئەژمار دێت، هیچ بنەمایەکی یاسایی، شەرعی و تەنانەت عەقڵیشی نییە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتی هاتنەسەرکارییەوە تاکوو ئێستا بەردەوام هەوڵی داوە کە خەڵکی ئێران لە خەم و پەژارەدا بهێڵێتەوە و هەمیشە پێشی بەو کار و چالاکییانە گرتووە کە بتوانن کاریگەری ئەرێنیان لە سەر ڕەوانی تاکەکان هەبێت، بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان زۆرینەی خەڵکی ئێران تووشی خەمۆکی بوونە کە کۆمەڵێک هۆکاری لە پشتەوەیە، نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، نەبوونی ئازادی پۆشینی جلوبەرگ، نەبوونی ئازادیی گەشت و سەیران و تەنانەت نەبوونی ئازادی لە شایی دەربڕینیشدا؛ ماوەیەک پێش ئێستا پێشنوێژی دەستنیشانکراوی ڕێژیم لە شاری نەغەدە لە پارێزگای ورمێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە نامەیەکدا کە بۆ بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ڕێژیم لەو شارە نووسیبووی، ڕایگەیاندبوو: "نابێت زەماوەند و ڕێوڕەسمەکانی شایی و هاوسەرگیری لەو شارەدا زۆرتر لە ٣ کاتژمێر بێت و لەو حاڵەتەشدا نابێت خاوەن زەماوەندەکان شێو و خواردن بە میوانە بانگهێشتکراوەکانی خۆیان بدەن".

ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدا پێش بە چالاکییەکانی ژنان دەگرێت و سەرکوتیان دەکات و تێچووی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەکات کە بەپێی خودی ئامارە بڵاوکراوەکانی ڕێژیم ٦٣ لەسەدی ژنانی خوێندەوار لە ئێراندا بێکارن.

" فاتمە زولقەدر"، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی ژنانی مەجلیسی ڕێژیم، وتویەتی: "لە ئێستادا ٥٣ لەسەدی خوێندکارە کچەکان لە زانکۆکاندا، لە بوارگەلی پسپۆڕیدا دەخوێنن، بەڵام مەودای نێوان گەشەی خوێندن و هەبوونی دەرفەتی کار بۆ ژنان، ئێگجار زۆرە".



سەرچاوە
Serchawe

ناوبراو هەروەها وتوویەتی کە نرخی بێکاریی ژنانی خوێندەوار، ٦٣ لەسەدە کە نرخێکی باش نییە، چونکە دەبێتە هۆی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و شکانەوەیان.

دەیان نموونەی دیکە لە پەراویزخرانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا بوونی هەیە بەڵام هیچ گرینگییەک بەو پرسانە نادرێت و ژنان وەک هەمیشە قوربانیانی ئەو کۆمەڵگا پڕ لە دەرد و ئازارەن.

لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا باس لە حورمەتی ژن دەکرێت و بەم بیانوویە دووچەرخەسواری و هەر چەشنە خۆشڕابواردنێکی لێ حەرام دەکرێت بەڵام زۆرن ئەو ژنانەی کە بۆ دابینکردنی پێداویستی و بژێوی ژیانیان ڕۆژ و شەو بە کۆڵانەکاندا بە دووی پاروویەک ناندا دەگەڕێن و هەندێ جاریش ناچارن حورمەتی ژن بوونیان لەژێر پێ دانێن تاکوو منداڵەکانیان بەهۆی برسیەتییەوە نەمرن.

هەندێکیان باری قورسی خووگری هاوسەر، باوک و برا بە کۆڵ دەکێشن و مەحکووم بە ژیانێکی تاڵی بە دوور لە هەر چەشنە بەختەوەرییەکن، جا بەرپرسانی ئەم ڕێژیمەش لە سەر کورسیی دەسەڵات نانی سەر سفرەی خەڵک هەڵدەلووشن و ئاوی بێ خەیاڵی بەسەریدا دەکەن و لە جێگای گەرم و نەرمی خۆیاندا بڕیاری مان ونەمان بۆ خەڵکی لێقەوماو دەردەکەن و گرینگترین کاریان لە حوکمرانیدا دەبێتە بڕیاردان لە سەر دووچەرخەسواریی ژنان!

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢١ی جۆزەردانی ٢٧١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## لاوان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا

یەکێک کە کاریگەرترین توێژەکانی کۆمەڵگا کە ڕۆڵێکی گرینگ و ئەرێنی لە داهاتووی هەر کۆمەڵگا و وڵاتێکدا دەگێڕن، توێژی لاوانن.

لاوان وێڕای ئەوەی کە هێزێکی شوێندانەر و کاریگەری کۆمەڵگان، لە هەمان کاتیشدا توێژێکی زۆر هەستیارن چونکە بە پێی پێوەرەکانی تەمەن و کەمبوونی ئەزموونی ژیان ڕەنگە تووشی کۆمەڵێک خەسار و کێشە بن کە ڕەنگە قەرەبووکردنەوەیان زۆر ئەستەم بێت و ماوەیەکی زۆریش بخایێنێت.

دیارە گرینگیدان بە توێژی لاوان لە کۆمەڵگاگەلی پێشکەوتوودا جیاوازی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگاکانی لە حاڵی پێشکەوتندا هەیە، چونکە بە پێی پێوەرەکانی ژیانی ئازاد و هەروەها ئیمکانات و ئیمتیازەکانی ژیان، دوو کۆمەڵگای لە یەک جودان.

ڕەنگە بەراوردکردنی ژیانی لاوان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کارێکی درووست نەبێت بەڵام ئاگادار بوون لە دۆخی ژیانی ئەم توێژە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا دەتوانێ بەرچاوڕوونییەک نەک بۆ کۆچ کردن بەڵکوو بۆ هەوڵدان بۆ پێشکەوتن لە لاواندا بێت.

لاوان کەسانێکن کە زیاتر دەکەونە بەر کاریگەری بیری کەسانی دیکەوە، چونکە لە لایەکەوە هێشتا هەندێ حەزی منداڵیان لەگەڵدا ماوە و پێیان خۆشە شوێنکەوتووی کەسانی دیکە بن و نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە لە سەربەخۆیی تاکەکەسی کە بتوانن تەنیا بن ،هەندێ جاریش هەست بە گەورەبوون دەکەن و ئەیانەوێ بڕیاردەری ژیانی خۆیان بن جا درووست و چ هەڵە.

سازماندانی بیری لاوان یەکێک لە قورسترینی ئەو کارانەیە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دەکەوێتە سەر شانی بنکەکانی پەروەردە و هەروەها بنەماڵە، چونکە ئەوە بنکەی پەروەردەیە کە ئەتوانێ بە مەبەستی پیادەکردنی سیاسەتەکانی دەسەڵات کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لە سەر تاکەکان دابنێت.

بایەخدان بە توێژێکی کارا وەکوو لاوان، دەبێ یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت چونکە لاوان سەرمایە بۆ داهاتوون و داهاتوو لە سەر دەستی ئەوان و تواناییەکانیان دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێت و پێشکەوێت. سەرکەوتنی کۆمەڵگا لە گرەوی سەرکەوتنی لاواندایە چونکە پۆتانسییێل و توانای لاوێتی و غرووڕێکی تازە خولقاو لە مێشکی لاودا تەنیا سەرکەوتن پێناسە دەکات و لاو بە هەموو توانایەوە شەڕ بۆ ئەو سەرکەوتنە دەکات.

بایەخدان بە هێزی هزر و جەستە و ئاوەزی لاوان ئەتوانێ لە تێپەڕکردنی پلەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵگادا ڕۆڵی کاریگەری هەبێت، لاوان وەکوو کاتالیزۆرێک ئەتوانن بە وەگەڕخستنی توانا و لێهاتوویی خۆیان کۆمەڵگا بەرەو ئاقارێک ببەن کە تووشی سەرکەوتنێکی گەورە و لەهەمان کاتیشدا بەرچاوی بکەن، جا لەم پێناوەشدا خۆیان تەنیا ئەزموونیان زیاد کردووە و قازانجیشیان بە کۆمەڵگا گەیاندووە، تەنیا شتێک کە لەم پێناوەدا پێویستە ئەوەیە کە هەستی باوەڕبەخۆبوون بۆ لاوان بگەڕێندرێتەوە و ئەو هەستەیان تێدا درووست بکرێت کە بوونیان لە پرسەکانی کۆمەڵگادا گرینگ و چارەنووسسازە.

دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێران و ئەو هەموو گوشارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی کە ئێستاکە لاوان لەگەڵیان بەرەوڕوون وای کردووە کە لاوان خەریکی تێپەڕاندن یان مانەوە لە قەیرانێکی قووڵدا بن کە ڕەنگە بەم زووانە لە کۆڵیان نەبێتەوە. هەر ئەم قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیانە وایان کردووە کە ڕەوتی پێشکەوتنی لاوان لەگەڵ خاوییەکی زۆر بەرەوڕوو بێتەوە و لاوان لەگەڵ دیاردەگەلێکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی بەرەوڕوو ببنەوە کە زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانییەکان بێکاری، نەبوونی متمانە بە داهاتوو، خووگرتن بە مادەی هۆشبەر، هاوسەرگیری زۆرەملێ، هەژاری و قەیرانی شوناسی لێبکەوێتەوە کە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم چەشنە قەیران و دیاردانە خۆی پێویستییەکی زۆری بە کات و دانانی بەرنامە و پلانی ڕێکوپێک وتۆکمە لە کۆمەڵگادا هەیە.

کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی ئاخێنراو لە کێشە و گرفتەکانە کە سەرەڕۆیی و ملهوڕی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی حاکم بە سەریدا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە خەڵکی ئەم کۆمەڵگایەی لەگەڵ کێشە و گرفت بەرەوڕوو کردووەتەوە، دەسەڵاتدارانی تاران بە درێژەدان بە کردەوەکانی خۆیان و گوێ نەدان بە وڵاتانی دیکە و درێژەدان بە کردەوەی تیرۆریستی و هەروەها لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی گەلانی بندەستی ئێران و هەروەها بەرەوپێشبردنی بەرنامەی ناوکی و تاقیکاریی مووشەکی بالستیکی و بە دەیان کردەوەی دیکە، زیاتر لە جاران خەڵکیان خستووەتە ژێر گوشارەوە چونکە ئەمە واقعیەتێکی ڕووتە کە گوشارەکانی ئامریکا بە وەگەڕخستنەوەی گەمارۆی قۆناغ بە قۆناغ و هەروەها گوشاری وڵاتانی دیکەی جیهان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران زۆرتر بە زەرەری خەڵکی بێدەرەتانی ئەو کۆمەڵگایەیە، چونکە مێژووی ٤٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەکەی نیشان دەدات کە سامان و داهاتی خەڵکی ئێران تەنیا و تەنیا لە دەستی

حاکمانی سەرەڕۆدا کۆکراوەتەوە و گوشاری زۆرتر لە بواری ئابوورییەوە هیچ کاریگەرییەکی لە سەریان نابێت، وەک دەڵێن "کەی تێر ئاگای لە برسییە"؟

دۆخی نالەباری ئابووریی ئێران و گرانبوونی لەڕادەبەدەری کەلوپەل و شتومەکی خواردەمەنی و هەروەها نەبوونی کار و کەمبوونی داهات، لەو کێشە سەرەکییانەن کە ئێستا کۆمەڵگای ئێرانیان تەنیوە و لەم دۆخەدا ئەوەی کە لاوان بیری لێ دەکەنەوە تەنیا و تەنیا ئەوەیە کە لە برساندا نەمرن نەک ئەوەی کە بیر لە بنیاتنانی داهاتوو بکەنەوە، بە واتایەکی تر دۆخی کۆمەڵگای ئێران هەستی هیوا بە داهاتووی لە نێوان هەموو تاکەکان و بەتایبەت لاواندا کوشتووە؛ ئەگەر جاران لە بەر دۆخی خراپی ئابووری گوێبیستی هەواڵی دەرچوونی مێشکەکان یان "فرار مغزها" بووین ئێستاکە هەر هەواڵ، هەواڵی خووگری و خۆکوژی و مەرگە!

لاوان لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەمدا هەمیشە لەگەڵ نەهامەتی و دواکەوتوویی بەرەوڕوون، سەرکەوتن لە خەونەکانیاندا دەبینن و ئاواتەکەی لەگەڵ باقی جوانییەکانی ژیانیان دەنێژن.

دیارە لێرەدا ڕەخنەی سەرەکی لە دەسەڵاتە چونکە ئەوە دەسەڵاتە کە ئەبێ بە بایەخدان بە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت لاوان کە پۆتانسییێل و هێزی گۆڕان و خولقاندنی جیاوازییەکانیان تێدایە، هەوڵی ناسینی لێهاتوویەکان بدات و بە باشترین شێوە کەڵک لە تواناکانیان وەربگرێت، ئەوە دەسەڵاتە کە ئەرکی دروستکردنی دەرفەتی یەکسانی دادپەروەرانەی بۆ تاکەکان لەئەستۆیە و ئەبێ هەوڵی پێشکەوتنیان بدات.

ڕوونە کە کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکی چەقبەستوویە کە تەنیا خەریکی پاراستنی بەرژەوەندیی ئاخوندەکانی جەمارانە و تەنیا شتێک کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێساکان و ئامانجەکانیدا جێگای نییە خەڵکن، هەر بۆیە چاوەڕوانی کردنی گۆڕان لەو کۆمەڵگایەدا شتێکی دوور لە ڕاستییە و هیچکات نایەتە دی.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی پووشپەڕی ٢٧١٩



سەرچاوە Serchawe

## بە بیانووی ٢٥ی نۆڤامبرەوە

ئەمڕۆ ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر، واتە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ئافرەتانە.

ڕۆژێک کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەرز ڕادەگیردرێت و بەم بۆنەیەوە کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمینار ڕێک دەخرێت تاکوو سەرەڕای فێرکاری و ئاگایی بەخشین بە توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان، پێناسەیەکی دروست لە جۆرەکانی توندوتیژی بەرانبەر بەم توێژەی کۆمەڵگە بێتە ئاراوە.

توندوتیژی دژ بە ژنان، چەمکێکە کە بۆ پێناسەی کردەوەگەلێکی هەڕەشەئامێز دژ بە ژنان بەکار دێت.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، توندوتیژی دژ بە ژنانی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: "هەرجۆرە کردەوەیەکی هەڕەشەئامێز کە بەپێی ڕەگەزی بەرانبەر ئەنجام بدرێت و و بتوانێت خەساری فیزیکی، جنسی یان دەروونی بە ژنان بگەیەنێت."

بەپێی ئەم پێناسەیە، هەرجۆرە هەڕەشەکردن، ناچارکردنی زۆرەملێ بە ئەنجامدانی کارێک یان زەوتکردنی ئازادی چ لە کۆمەڵدا و چ لە ژیانی تاکەکەسیدا، بە جۆرێک لە توندوتیژییەکان بەئەژمار دێن.

### جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

توندوتیژیی جنسی، توندوتیژیی کەلامی (لە ڕێگای قسەکردنەوە)، دەستدرێژی، لەشفرۆشیی زۆرەملێ، دووگیانبوونی زۆرەملێ، خەتەنەی کچان، کڕین و فرۆشتنی ژنان و کچان، توندوتیژی دژ بە ژنانی کارمەند و کرێکارانی ژن، توندوتیژییەکانی ئاکامی شەڕ، توندوتیژی لە زینداندا، دەستدرێژییە سیستماتیکەکان، توندوتیژیی ئاکاری، توندوتیژیی سیاسی و بە دەیان جۆری دیکە.

توندوتیژی بە هەموو لایەنەکانیەوە تەنیا لە یەک جۆردا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو جۆرگەلێکی وەک: توندوتیژیی

فەرهەنگی، مەعنەوی، جنسی، ساختاری و تەنانەت بنەماڵەییش لەخۆ دەگرێت کە ئێستاکە بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو.

توندوتیژییەکان یان ئاشکران یان شاراوە؛ ئاسەواری توندوتیژییە ئاشکراکان بە ڕوونی دیارە بەڵام لە بەرانبەردا، توندوتیژگەلێک هەن کە ئاسەوارەکانیان بە چاو نابیندرێت بەڵام بەرگەگرتن لەبەرانبەریاندا زۆر دژوارە و ئاسەوارگەلێکی دەروونیی قەرەبوونەکراو لەسەر ژیانی ژنان بەجێ دەهێڵن، وەکوو گرینگی نەدان بە خواستەکانی ژن، نیگای پیاوان، هاوسەرگیریی دووبارە و چەندبارە، ڕەخنەگرتنی بەردەوام، جیاکردنەوەی دایک لە منداڵ، هاوارکردن بەسەر ژندا، ناچارکردنی ژن بە بەجێهێشتنی ماڵ و بە دەیان جۆری دیکە.

توندوتیژی ڕیشەی لە کۆمەڵدایە و بە ئامانجگەلی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام دەدرێت و لایەنی جەستەیی، جنسی و دەروونیشی هەیە.

بیری پیاوسالارانە، ناوزەدکردنی ژنان وەکوو ڕەگەزی دووهەم  و لە هەمان کاتدا لاواز لە بواری ڕەگەز و توانایی فیزیکییەوە، ناوزەدکردنی پیاو وەکوو تەنیا دابینکەری ئابووریی بنەماڵە و بە دەیان بابەتی دیکە، لەو هۆکارانەن کە ژنان لە ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکی لە بواری کۆمەڵگە، کارکردن و تەنانەت درێژەدان بە خوێندنیش دەسڕنەوە و بە خانەنشینکردنیان ئازادییان لێ زەوت دەکەن.

هۆکاری سەرەکیی شاراوە مانەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان، دەتوانێت زاڵبوونی بیری پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا بێت چونکە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵدا جێگیر دەکات کە ژن دەبێ بە جلی سپییەوە بچێتە ماڵی مێردەکەی و بە جلی سپی واتە کەفەنەوە بێتە دەرەوە.

بە پێی ئامارە بڵاوکراوەکان تەنیا ٣٥ لەسەدی توندوتیژییە بنەماڵەییەکان بە پۆلیس ڕادەگەیەندرێت و لە زۆربەی کۆمەڵگاکان و بە پێی زۆربەی فەرهەنگە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا، سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر توندوتیژییەکان دژ بە ژنان، شاردنەوەی توندوتیژییەکانیش لەلایەن ژنانەوە وەکوو کارێکی باش لەقەڵەم دەدرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە لە یاساکانی ئێراندا هیچ ماددە یاساییەک بە ناوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژییە بنەماڵەییەکان، دیاری نەکراوە و هیچ یاسا و سزایەک بۆ بەدواداچوونی ئەم جۆرە تاوانانە نییە.

هەر بۆیە زۆربەی ئەو ژنانەی کە لە ئێراندا، تووشی لێدان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دەبن تەنیا دەتوانن سەردانی پزیشکی دادوەری بکەن کە زۆربەی کاتەکانیش بەهۆی پیاوانە بوونی یاساکانی ئێران، خودی ژن بە تاوانباری سەرەکی دەناسرێت و پرسی "تەمکین" دێتە گۆڕێ و پیاو بە بیانووی تەمکین نەکردنی ژن، دەبێتە براوەی پرسەکە و ژنیش وەک هەمیشە قوربانیی سەرەکیی ڕووداوەکەیە.

لە ماوەی سالأنی ڕابردوودا بە پێچەوانەی بەرزبوونەوەی چاوەڕوانییەکان کە بەنیسبەت گەشەی زانست و چوونەسەرەوەی ئاستی خوێندەواری و جیهانبینی هاتووەتە ئاراوە، دەبینین کە توندوتیژییەکان زیاتر لە جاران خۆیان دەنوێنن و بەداخەوە شێوازەکانیان توندتر و دڕندانەتر لە جۆرەکانی ڕابردوو ئەنجام دەدرێت.

ئاگرتێبەردانی ژنان، کوشتنیان بە ناوی نامووسەوە، لێدان و شکاندنی دەست و لاق، دەرکردنیان لە ماڵ و زەوتکردنی هەموو چەشنە مافێکی ژنان تەنیا نموونەگەلێک لەو توندوتیژییانەن.

زۆر جار ژنان بەهۆی زۆربوونی توندوتیژییەکان ئەگەر لە دەستی پیاوانی بنەماڵەشەوە ڕزگاریان بێت بەداخەوە تەنیا ڕێگەیەک جگە لە خۆکوژی لە ڕێگەی خۆسووتاندن و خۆهەڵواسین یان خواردنی دەرمانەوە نادۆزنەوە. بەڵام هۆکاری سەرەکی پەنا بردن بۆ مەرگ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی ژنان لەجیاتی بیرکردنەوە بە بەردەوامی لە ژیان، ڕێگای مەرگ و نەمان هەڵدەبژێرن؟

وڵامی ئەم پرسیارە زۆر ساکارە، چونکە کۆمەڵگە بە شێوەیەک ژنان قزاوەت دەکات کە خۆشیان بڕوا بە تاوانباربوونی خۆیان دەکەن و هەستی گوناح وایان لێ دەکات کە باشترین سزا بۆ خۆیان بە مەرگ دەزانن.

بەگشتی یاساکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران یاساگەلێکی دژە ژن و پیاوسالارانەن، چونکە لە هەموو تاوانەکاندا تەنانەت ئەگەر هاوبەشیش بێت، ئەوە سزای دیاریکراو بۆ ژن زۆر زۆر قورستر لە پیاوانە وەک بڵێی ڕەگەزە باشەکە لای ئایین و شەریعەت و تەنانەت خوداش، پیاوە!

ئەڵبەت تەنیا کەرەستەی دەستی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتی ژنان یاساکان نین، بەڵکوو ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی میدیا و قوتابخانەکانیشەوە بە فێرکردن و دووبارە کردنەوەی کلیشەکانی کۆمەڵگە، ڕۆڵی ژن لە چواردیوارییەکی تەنگ و تاریکدا و لە لای قاپ و خواردەمەنییەکانی نێو ئاشپەزخانە پێناسە دەکات و هەر چەشنە کارێکی دیکە بە مەرجی ئیجازەدانی

پیاوان بۆ ژنان بە ڕەوا دەزانێت.

دیارە سەرکوتی یەک لە دوای یەکی نەسڵەکان وای کردووە کە بەداخەوە زۆربەی کاتەکان خودی دایکەکان ڕۆڵی سەرەکی لە سەرکوتی کچەکانیانیادا بگێڕن و ئازادی و مافی کچەکانیان بە عەیبە ناو ببەن، لە پەنای ئەوەشدا چاوەڕوانیی ئەوەیان دەبێت کە کچەکانیان وەکوو خۆیان ژیان بکەن و بەرەیەکی دەستەمۆ و دیل وەکوو خۆیان پەروەردە بکەن.

خەسارناسیی بابەتێک وەک زۆربوونەوەی توندوتژییەکان جیا لەوەی کە کاتێکی زۆری پێویستە، باسێکی لێزانییە و دەبێ کەسانێکی پسپۆڕ لە بوارگەلی جیاوازەوە بەدواداچوونی بۆ بکەن تاکوو ڕێگەچارەیەکی باش بۆ بنبڕکردن یان لانیکەم کەمکردنەوەی ئەم ئازارانە دیاری بکرێت بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە تاک دەبێ لەگەڵ کۆمەڵێک یاسا، کۆمەڵێک دابونەریت و کۆمەڵێک عورفی هەڵە کە کۆمەڵگەیان تەنیوە شەڕ بکات، ژیان مافی هەموو تاکێکە و هیچ کەسێک بۆی نییە بڕیار بۆ ژیان، ئامانجەکان و داهاتووی کەسێکی دیکە بدات.

بەو هیوایە کە ژنان و بەتایبەت ژنانی کوردیش بتوانن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان تێبکۆشن و ژیانێکی بەدوور لە توندوتیژی و هەڵاواردنیان هەبێت.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی سەرماوەزی ٢٧١٩

## ٨ی مارس ڕۆژی هەستانەوەیە

لە کاتێکدا خەریکین بە بەرەوپیریی ڕۆژی جیهانیی ژن واتە ڕۆژی ٨ی مارسەوە دەچین کە لە زۆربەی شوێنەکانی جیهاندا ئێستاکەش پرسی ژنان وەکوو یەکێک لە پرسە گرینگەکان دەبێ چاوی لێ بکرێت. پرسێک کە نەتەنیا توێژی ژنان بەڵکوو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و بەدڵنیاییەوە ئاکامەکەشی بە قازانجی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نابێت.

لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە کە لەسەر داواکاریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژنان دیاری کراوە تاکوو ئێستا ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژێکی پیرۆز لەلایەن خەڵکی سەرتاسەری جیهانەوە یادی دەکرێتەوە و ڕێزی لێ دەگیردرێت.

لەم نێوانەدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی نیزامەکەی خۆیدا هیچکات ئامادە نەبووە کە دان بە ڕۆژی جیهانیی ٨ی مارسدا بنێت و بە هەر شێوەیەکی نامرۆڤانەش کە بۆی کرابێت ژنانی خستوونەتە نێو تەلبەندی باوەڕە هەڵە و ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆیەوە، تاکوو توێژێکی ئەسیری خواستەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا جێگیر بکات.

جێگای دڵخۆشییە کە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا و سەرەڕای هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکان، دەسەڵاتی ئاخوندی نەیتوانیوە توێژی ژنان لە خواست و داوا بەرحەقەکانی خۆیان دوور بکاتەوە.

چالاکییەکانی ژنانی کورد چ وەکوو پێشمەرگەکانی مەتەرێزی شاخ و چ وەکوو چالاکانی مەتەرێزی شار، بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە نارەزایەتییەکان بە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمە ئاخوندییەکەی گەیشتوونەتە لووتکە، جێگای هیوا و دڵخۆشین، ئەوەش بەو مانایەیە کە ژنان توانیویانە زنجیرەکانی کۆیلەبوون بپسێنن و لە گرینگترین پرسەکانی کۆمەڵگادا کە پێوەندییان بە بونیاتنانەوەی نیشتمان هەیە بەشدار بن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە مانای هەنگاو هەڵێنانی ژنان بۆ کاریگەربوون و ڕۆڵگێڕان لە داهاتووی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەک کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر لەسەر دەستی دایکانێکی وشیار بونیات بنرێتەوە هیچ هێزێک ناتوانێت کاریگەریی نەرێنیی لەسەری هەبێت.

ئەوەی کە زیاتر لە هەر شتێک دەبێ لە ڕۆژی ٨ی مارسدا بایەخی پێ بدرێت ئەو مێژووەیە کە بووەتە هۆکاری دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژن.

ئەگەر لە ساڵی ١٨٥٧ لە شاری نیۆیۆرکدا ژنان بەنیسبەت دۆخی خۆیان لە شوێنی کارکردنیان ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای مافی خۆیان کرد، ئەوە ئەمڕۆ تەنیا جێژن گرتن و پیرۆزبایی کردن ناتوانێت کردەوەیەکی گونجاو بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە بێت.

لە ڕاستیدا ڕۆژی ٨ی مارسی هەموو ساڵێک دەبێ وەکوو سەرەتایەکی دیکە بۆ دەستپێکی خەباتێکی تازە بێت، خەباتێک کە ژن و مافەکانی ژنان تێیدا وەبەرایەتی بەسەر هەموو داواکارییەکانی دیکەدا بێت، خەباتێک کە ژن بە مرۆڤ بزانێت، خەباتێک کە کۆمەڵگا بەو تێگەیشتنە بگەیەنێت کە ژنانیش مافی ژیانیان هەیە.

بە پێچەوانەی ئەو پێناسەیە کە ساڵانێکە کۆمەڵگای پیاوسالاری ئێمەی بە خۆیەوە خەریک کردووە، ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی نامووسی هیچ پیاوێک نییە، ڕۆژی دیاری بەخشین نییە، ٨ی مارس ڕۆژێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی مێژوویەکی پڕ لە ئێش و دەردی چینایەتی و ڕەگەزی بۆ ژنان، بۆیە ڕۆژی ٨ی مارس دەبێ زیاتر لە هەر شتێک ڕۆژی هەستانەوەیەکی دووبارە و ڕۆژی بوێری و دەرک کردن بە خەباتێک بێت کە ژن تێیدا چیدیکە نە کۆیلەی باوەڕ هەڵەکان بێت و نە کۆیلەی مرۆڤ و یاساکان. لە ڕۆژی ٨ی مارسدا دەبێ ژنان هەوڵ بۆ پساندنی زنجیری ئەو موڵکایەتییە بدەن کە ساڵانێکە بە ناوی شەرەف و نامووسەوە پێی دیل کراون.

کاتی ئەوە هاتووە کە نەتەنیا ڕۆژی ٨ی مارس بەڵکوو هەموو ڕۆژەکان و ساتەکان ببنە دەرفەت بۆ شکاندنی تابۆی نایەکسانی و ژنان و پیاوان بە گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆیی، هاوهەنگاو لەگەڵ یەکتر هەوڵ بۆ دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگادا بدەن و هێزی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان یەک بخەن.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ٢٧١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆچی سەرمان لێشێواوە؟

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە وێنەی کچان و ڕستەگەلێکی کورت وەکوو فریشتەکەم ڕۆژت پیرۆز، خوداوەند بزەیەکی کرد و کچ خولقا و کۆمەڵێک ڕستەی دیکە تەنرابوو!

زۆر کەس پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لە کچەکانیان کرد و بە هۆنینەوەی شێعر و نووسینی کەپشێنی پڕ واتا ئاواتی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەریان بۆ کچەکانیان خواست.

دیارە کە ئاواتەخوازی ژیانێکی باش و دادپەروەرانە و بەدوور لە ئازاربوون بەتایبەت بۆ کچان کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە وەبەر ئازار دەکەون لە ئەساسدا کارێکی جوان و ڕێکوپێکە بەڵام زۆر گرینگە کە کەی و چۆن دایک و باوک ئەو هەستە دەرببڕن و چ کەسێک بکەن بە ئولگویەکی باش بۆ منداڵەکیان!

ڕۆژی ۳ی پووشپەڕی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی مەعسوومە، ئەم ڕۆژە لە ساڵی ۱۳۸۵ی هەتاویدا لە لایەن شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگیی ئێرانەوە دیاری کرا و فەرهەنگسەرای کچانی ڕێژیمی ئێرانیش بە فەرمی ئەم ڕۆژەی وەکوو ڕۆژی نەتەوەیی کچان لە ئێراندا ناودێر کرا!

هۆکاری سەرەکیی ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەکوو ڕۆژی کچ لە ڕاستیدا ڕیشەی لە هاوسەرگیری نەکردنی مەعسوومەدا هەبووە و ڕێژیمی ئێرانیش بە مەبەستی ناساندنی مەعسوومە وەک ئۆلگوویەکی دیار بۆ کچانی موسڵمان و بەتایبەت پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە ئەم ڕۆژەی دیاری کردووە.

لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم باس کردن لە چەمکەکانی "عفاف" و "نجابت" و هەروەها تەبلیغکردن بۆ هاوسەگیریی پێشوەختە بە مەبەستی دووربوون لە گوناح و فێربوونی "آیین همسرداری" و بە واتایەکی تر کۆیلایەتییەکی ئاشکرا بۆ کچانە.

مەبەستی ئەم نووسراوەیە درووستکردنی ناکۆکی لە نێوان ئایین و ئایینزاکاندا نییە بەڵکوو مەبەست ڕوونکردنەوەیەکی

ئاشکرایە کە چۆن کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە لە ژێر ناوی ئایین و ئایینزاکانەوە دووبەرەکی و ڕق و قین دەخاتە نێوان خەڵک و بەم شێوەیەش درێژە بە دەسەڵاتە نگریسەکەی خۆی دەدات.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت بۆ کچان زۆریش جێگەی بایەخ و پێزانینە بەڵام نەک لەلایەن دەسەڵاتێکی ڕەشی وەک کۆماری ئیسلامییەوە کە ئەگەر حوکمی سێدارە بە سەر کچێکدا بسەپێنێت، پێش لەوە و بە ناوی دینەوە دەستدرێژی دەکاتە سەری و کچێنی لێ دەستێنێ!

ڕۆژانە بە دەیان کچ لە سەرتاسەری ئێراندا بە ناوی نامووسەوە دەکوژرێن و بە سەدان کچ بەهۆی گوشارە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە کە هۆکاری سەرەکیی هەر هەمووشیان نابەرپرسایەتیی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانە جەمارانە، خۆیان دەکوژن، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە کچان لە خوێندن دادەبڕێن و بە زۆر بە شوو دەدرێن، زۆریان هەن کە بۆ دابینکردنی پاروویەک نان لەشفرۆشی دەکەن و بە دەیان و سەدان بەڵایان بە سەردا دێت، ئایا باشتر نییە ئەم دەسەڵاتە لە جیاتی دروشمی بریقەدار و ناودێرکردنی ڕۆژێک بۆ ئەم کچانە کە هەر ئاگاشی لە دۆخی ژیانیان نییە، بیر لە دابینکردنی بژێوی ژیانیان بکاتەوە؟ ئایا باشتر نییە لە جیاتی سەرفکردنی پارە بۆ مەزارگەی مەعسوومە و باقی ئیمامزادەکانی دیکە، ئەو پارەیە بۆ گەشەکردنی ئەو کچانە سەرف بکات کە تاکوو درەنگانی شەو لە سەر شەقامەکان دەستفرۆشی دەکەن تاکوو کەرامەتیان لەکەدار نەبێ؟

هەر لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٣دا و بە پێشنیاری ئەنجومەنی داکۆکیکردن لە منداڵان، ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبری وەکوو ڕۆژی جیهانیی کچان دیاری کردووە کە ئامانجی سەرەکیش لەم کارە ڕۆشنگەری لە بواری نابەرابەریی ڕەگەزیدا بووە، لە حاڵێکدا کە لە کۆماری ئیسلامیدا ئەم ڕۆژە لە پێناو جەختکردنەوەی کۆمەڵگای سونەتیی ئێران لە سەر باکرەبوونی کچاندا پێناسەیەکی دیکەی بەخۆوە گرتووە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆژەدا خوازیاری ئەوە بووە کە هەموو وڵاتانی ئەندام زیاتر لە جاران بۆ ئاگایی بەخشین بە کچانی خوارەوەی ١٨ ساڵ، سەبارەت بە نابەرابەریە ڕەگەزییەکان کار بکەن و دەرفەتی زیاتریان پێ بدەن.

**ئامانجی سەرەکی لە ناودێر کردنی ڕۆژی ۱۱ی ئۆکتۆبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی کچان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:**

**نەهێشتنی هەڵاواردنەکان**

**نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کچاندا**

**کەمکردنەوەی ڕێژەی کارکردنی کچانی منداڵ**

**دژایەتیکردن لەگەڵ خەتەنەکردنی کچان**

**دژایەتی لەگەڵ هاوسەرگیریی زۆرەملێی کچان**

**پێشگرتن لە توندوتیژییەکان بەرانبەر بە کچان**

**پێشگرتن لە هاوسەرگیریی پێشوەختە و دووگیان بووی پێشوەختەی کچان و هتد**

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەیکە پەرەیەکی بەرجاو بە ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی خۆی بدات لە هیچکام لە بۆنە جیهانییەکاندا و بەتایبەتیش ئەگەر پێوەندییان بە ژنانەوە هەبێت خۆی بە بەرپرسیار نازانێت، زۆر جار بینیومانە کە بچووکترین کۆبوونەوەکانی تایبەت بە ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانی بە توندترین شێوە سەرکوت کردووە تاکوو پێش بە هاوارە عەقخوازەکان بگرێت.

لێرەدا ئەوەیکە جێی باسە ئەمە، ئایا کارێکی باشە کە ئێمە وەکوو دایک و باوک، پیرۆزبایی ڕۆژێک لە کچەکانمان بکەین کە بە هیچ شێوازێک بڕوامان بە بنەڕەت و هۆکاری ناودێرکردنەکەشی نییە؟ ئایا ئەمە بە واتای مۆری تەئیددانان لە سەر کردەوە ڤیزەونەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو کچانەی نەتەوەکەمان نییە کە ئێستا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا و هەر لەم ڕۆژەدا کە خۆیان باس لە مەعسوومیەت و پاکداوێنی مەعسوومە دەکەن دەستدرێژییان دەکەنە سەر؟ بەڕاستی ئەم هەموو سەرلێشێواوییە لە کوێوە دێت؟ ئایا بەڕاستی سەرمان لیشێواوە و ستەمەکانی ئەم ٤٠ ساڵە بەرانبەر بە خۆمان نابینین یان نا لایک و کۆمێنتی دنیای مەجازی وای لێکردووین کە هەموو ڕۆژێک هۆکارێک بۆ پۆستکردنی بابەتێک بدۆزینەوە؟ ئایا پێویست نییە تۆزێ بە خۆماندا بینەوە و ئێمەش وەکوو خەڵکانی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لە جیاتی ئەوەیکە شانازی بە باکرەبوونی کچەکانمانەوە بکەین و زووم بخەینە سەر بەشێکی تایبەت لە ژیانیان، بیر لە داهاتوو و هەموارکردنی ڕێگای سەرکەوتنیان بکەینەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

بە ڕاشکاوی دەبێ بزانین کە ئێمەی کورد فەرهەنگێکی زۆر زۆر جیاواز لەو شتەمان هەیە کە ٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامی خەریکی بە گەروومانیدا دەکات و دەیهەوێ بمانخنکێنێ، ئێمە نەتەوەیەکی لەحاڵی شۆڕشداین، شۆڕش تەنیا بە مەبەستی هەڵگرتنی چەک و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران نییە، بەڵکوو لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە مانای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ فەرهەنگە هەڵە و نادرووستەکانە کە بەرماندا سەپاوە و دەبێ لە جێگایەکدا کۆتایی بەم شتە بێنین.

بەو هیوایە کە کچانی کوردستان لە ژێر ئاڵای دادپەروەری و یەکسانیدا هەناسەی ئازادی هەڵمژن و تێر تێر شانازی بە کچبوونی خۆیانەوە بکەن.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## جینایەتێک لە ژێر ناوی "پاراستنی نامووس"

ڕۆژانە گوێمان لە هەندێ هەواڵ دەبێت کە بە قووڵ بوونەوە لە ناوەڕۆک و نێوئاخن و هۆکارەکانی، بێزمان لە مرۆڤ بوونی خۆمان دەبێتەوە، هەواڵگەلێکی دڵتەزێن کە ڕەنگە تا ساڵەهای ساڵ لە مێشکماندا بمێننەوە و بە دووپاتبوونەوەی ڕووداوی لەو چەشنە، ئازارەکەیان سەرلەنوێ ڕووحمان تووشی شڵەژان بکات.

سالآنێکە لە نیشتمانی ئێمەدا، کۆمەڵێک جینایەت لە ژێر ناوی "پاراستنی نامووس"، پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە، کۆمەڵێک کەس دەبنە قوربانی، کۆمەڵێکیش میداڵیای شەرەفپارێزی لە سینگیان دەدەن و لەسێبەری نەبوونی یاسای دروست و ئینسانیدا، فەخر بە جینایەتکاربوونی خۆیانەوە دەکەن و زۆر ئاسایی درێژە بە ژیانیان دەدەن!

کێ وتوویەتی کە باوک مافی هەیە کچەکەی بکوژێت تەنیا بەو تاوانەی کە کەسێکی خۆش ویستووە؟ کێ وتوویەتی کە برا مافی هەیە خوشکەکەی لەت لەت بکات تەنیا بەهۆی ئەوەی کە بە حەزی ئەو ناجووڵێتەوە؟ کێ وتوویەتی پیاو خاوەنی ژنە و هەرکاتێ ویستی ئەتوانێ بە کفنەوە ڕەوانەی گۆڕستانی بکات؟

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە تاڵانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک دڵتەزێنترە کە هەندێک بەناو مرۆڤ، لایەنی ناحەق دەگرن و وەک بڵێی ژن و کچی ئەم کۆمەڵگایە کاڵای نێو ویترینی فرۆشگاکانن، ئیزنی کڕین و فرۆشتن و تەنانەت لەنێوبردنیان بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن، کە نەکا شەرەف و ئابڕوویان ببەنە ژێر پرسیارەوە!

ئەم کەتوارە ئێجگار دڵتەزێنە، چوارچێوەی ماڵ و بنەماڵە کە دەبێ باشترین پەناگە بۆ هەر تاکێک بێت، بووەتە قەسابخانە و جەلادەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان، مەگەر کچ و کوڕ چ جیاوازییەکیان هەیە کە تەنیا لادانی کچ لە یاساکانی بنەماڵە پێناسەی بۆ کراوە؟ ئایا کوڕەکانمان هیچکات هەنگاوێکی ناڕاستیان هەڵنەگرتووە؟

ژیان پڕە لە ئەزموون، هەرکەس بە جۆرێک شتەکانی دەوروبەری ئەزموون دەکات و ڕەگەز هیچکات نابێ ڕۆڵێکی ئەوەندە قورس ببینێ لە بۆ تاوانێکی هاوبەش، سزای کچ زیاتر لە کوڕ بێت.

مرۆڤ خولقاوە تاکوو ئەزموون بکات، تاکوو فێری خۆشویستن ببێت، تاکوو هەڵە بکات و فێری شتی باش ببێت، بەڵام نە بەلاڕێداچوون تاوانە و نە هەڵەکردنیش سزای مەرگە.

درووستکردنی هەندێک چوارچێوەی باو لە کۆمەڵگا و بنەڕەتی بوونەوەی هەندێ باوەڕی هەڵە وای کردووە کە تاکەکانی کۆمەڵگا تووشی لادانی کۆمەڵایەتی بن، هەر لە ماوەی رابردوودا بە چەندین جۆر تاوان لە ژێر ناوی "قەتڵی نامووسی" لە کوردستاندا ڕوویان دا کە دڵی مرۆڤ دەخەنە ژان؛ بەڵام ئەی بۆ کۆتاییان پێ نایەت؟!

لە کۆمەڵگایەکدا کە پڕە لە کێشەی ئابووری و لێوڕێژ لە دەرد و ئازارە، هەموو تاکەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان قوربانین. باوکێک کە پاش ٢٢ساڵ ڕەنج و چەرمەسەری دەبێتە بکوژی منداڵەکەی، دایکێک کە بە قسەیەکی بچووک دەوروبەر بەنیسبەت منداڵەکەی هەستیار دەکاتەوە، برایەک کە خۆی بە پاسەوانی خوشکەکەی دەزانێت، هاوسەرێک کە خۆی بە کڕیاری هەست و جەستەی هاوسەرەکەی دەزانێت هەموویان و هەرکامەیان بە شێوازێک قوربانیی چەقبەستوویی بیری کۆمەڵگان بەڵام لەم نێوانەدا ئەوەی کە دەکەوێتە بەر ئازار و زۆر نامرۆڤانە گیانی لێ ئەستێندرێت، ژنە! وەک بڵێی ژن تەنیا بۆ ئەوە خولقاوە کە بمرێت.

لەم ساڵانەدا ئەوەندە گوێمان لە هەواڵی لەم چەشنە بووە لە ئیتر خەریکە ئەم دیاردە قێزەونە لە لامان ئاسایی دەبێتەوە، هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوونی.

باوک و برا ئەگەر گوێگر و هاوڕێیەکی باش بۆ کچ و خوشکەکەیان بن، ئەگەر کچەکان لە ماڵەوە هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن، بە دڵنیاییەوە متمانەیەکی دوولایەنە درووست دەبێت کە پێویستی بە شاردنەوەی هەندێک راستی نابێت کە لە کۆتاییدا جینایەتێک بەدوای خۆیاندا بێنن و لە دواییشدا کۆمەڵگا تووشی دڵەڕاوکێ بکەن و ژنان و کچانیش زیاتر لە پێش تووشی نیگەرانی و ترس.

کۆمەڵگا کاتێک ئەتوانێ شوێنێکی ئارام و جێی متمانە بێت کە تاکەکان گوێ لە یەکتر بگرن، تووڕەیی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و هەوڵ بدەن بە ئارامی و لە ڕێگەی لۆژیکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە قۆناغی ئێستادا ئەبێ بکرێت، وتنی "ڕاوەستە"یەکی ئێجگار قایمی کۆمەڵگای کوردستان بەم دیاردە قێزەونەیە، ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگان کە دەبێ ڕاشکاوانە و لێبڕاوانە، "نا"یەکی قایم بەم جیانەیەتانە بڵێن و

نەهێڵن چیدیکە بیری دواکەوتووی سونەتی ببێتە مایەی گیان لەدەستدانی کچان و زیندەبەچاڵبوونی هەزارانی ئاوات و ئارەزوو.

ئەم کەتوارە دڵتەزێنە چارەسەر دەبێت بەو مەرجەی کە هەمووومان پێکەوە، هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگرین و چیدیکە ئیزن نەدەین کە کچان و ژنانی ئەم وڵاتە قوربانی بن، ئەوان خوشک و دایکی ئێمەن و قوربانی بوونیان خەسارێکی جێدییە، هەر بۆیە کۆمەڵگای مەدەنی لەم بارەوە زیاتر لە هەمووومان دەبێ خۆی بە ئەرکدار بزانێ و هەنگاوێکی کردەیی هەڵبگرێت.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢١

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠٢٢

# دنیای ئاڵۆزی بەرژەوەندییەکان

یەکێک لە یاسا سروشتییەکانی ژیان، حەزی مرۆڤەکان بۆ قازانجکردن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیانە. بەرژەوەندی وەکوو چەمکێکی گرنگ لە زانستە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، کۆمەڵناسی، مێژوو، فەلسەفە، یاسا و پەروەردە و لە هەموویان گرینگتر لە زانستی سیاسیدا دێتە بەرباس و کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. خودی بەرژەوەندی بۆ ئەوەی کە وەکوو واقع چاوی لێ بکرێت، پەیوەست دەبێ بە کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگایەک کە تێیدا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گرینگیی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەوە بەپێی کۆمەڵگاکەیە کە ڕەنگە بەرژەوەندییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت. بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگاکە، پۆلێکی خوێندن بێت، ئەوە تاکی خوێندکار بەرژەوەندیی لەوەدایە کە زیاتر بخوێنێت، زیاتر گوێ بگرێ، زیاتر لەگەڵ مامۆستاکە پێوەندی دروست بکات و زیاتریش بتوانێ بە دروستکردنی پێوەندی، زانیاری لە هاوپۆلییەکانی خۆی کۆبکاتەوە، کەوایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی کە سەرکەوتنە لە پۆلەکە، پێویستە ڕێوشوێن و مێکانیزمی تایبەت بگرێتە بەر کە ئەم ڕێوشوێنە تایبەتە بەمانای کێبڕکێ و ڕقابەتکردنە لە نێوان تاکەکانی ئەم پۆلەدا.

بەڵام ئەم کێبڕکێیە لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر لە پۆلێکی خوێندندا، شێواز و جۆری دیکە لەخۆ دەگرێت و بەپێی پێویستیی کۆمەڵگاکە و بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکە، گۆڕانی بەسەردا دێت، کەوایە ڕەنگە هەر تاکێک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکەی خۆی جیا لە دۆزینەوەی ڕێگا چارە، ڕێگاچارەش بخولقێنێ!

ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسراوەیەدا دەگونجێ، بەرژەوەندییەکان لە دنیای سیاسەتە، ئەو زانستەی کە هەموو وڵاتانی دنیا و هەموو تاکەکانی دنیاش تەنانەت ئەگەر وای بنوێنن کە زۆر لێی دوورن و گرینگیی پێ نادەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئاوێتەی ژیانیان بووە و کاریگەریشی لەسەر ژیانیان دەبێت.

زۆرجار دەوترێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە کاتێک تاکێک دێتە نێو ژیانێکی کۆمەڵایەتییەوە، جیا لە ماف



سەرچاوە
Serchawe

و ئەرکەکانی خۆی وەکوو تاک، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ماف و ئەرک دەبێتەوە کە لە بەرانبەر کۆمەڵگاکەیدا هەیەتی، بۆیە زۆرجار پێویستە کە تاک لەخۆبوردوو بێت و قازانج و بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگاکە لە بەرچاو بگرێ، لەم پێناوەشدا پڕ ئاشکرایە کە ئەگەری زۆرە هەندێ جار قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو نەگیردرێن!

بەڵام ئەمە تا چەند لە کۆمەڵگای ئێمە واتە لە کوردستاندا جێگای گرتووە؟ تا چەند تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەوڵیان داوە بەرژەوەندیی گشتی وەپێش بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان بخەن و تا چەند ئامادەن بۆ بەرژەوەندیی گشتی، خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان ببن بە قوربانی؟

ئەمە ڕەخنەیەکی زۆر جیدییە کە زۆر جار بەرەوڕووی تاکە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەبێتەوە، زۆرجار دەوترێت کە تاکێکی سیاسی یان باشتر بڵێم تاکێک کە بە هەر هۆکارێک کەوتووەتە نێو دنیای سیاسەتەوە . مەبەست ڕێبەرانی بزووتنەوەکان نییە . بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئامادە بووە کە چ کارگەلێکی نالۆژیکی و بەدوور لە ئەخلاقیش بکات، بەڵام بەڕاستی لە پێناو چیدا؟

کاتێک باس لە سیاسەت لە کوردستاندا دەکرێت بێگومان بیر و زەینی مرۆڤ بۆ لای حیزبە سیاسییەکان دەچێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەمە پێناسەی کۆمەڵگای کوردستانی داگیرکراوە کە بە بێ هەبوونی حیزبەکان ماناکەی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام هەر لەم چوارچێوەیەدا و بەبێ جیاوازیی حیزبەکان لە بواری ئیدئۆلۆژی و بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتی خۆیانەوە، تا چەند تاکە سیاسییەکانی نێو ئەم چوارچێوەیە توانیویانە سیاسی بن و بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان وەکوو تاک نەکەنەوە؟

ئەمە ڕاستە کە بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی یەکەم پلە بۆ بەدەستهێنانی ئەزموون و تێپەڕاندنی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و خەباتە بەڵام، ئەی بەرژەوەندیی گشتی؟ مەگەر جگە لەمەیە کە هەر حیزبێک بۆ پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە یان گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵگای بەردەنگی خۆی دامەزراوە؟ ئەی ئەگەر وایە چۆن ئەبێ تاکەکان بیر لە قازانج و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان بکەنەوە و زۆرجاریش بە ئاسانی قازانج و بەرژەوەندیی گشتی پێشێل بکەن؟

ئەو کێبڕکێ و ڕقابەتکردنە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا تا چەند لە مەیدانی سیاسەتدا درووست و لۆژیکییە؟ ڕێگا درووستەکە لەم دنیایەدا کامەیە؟ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکەکەسی یان بەرژەوەندیی گشتی؟

ڕاستییەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاردەربوون وەکوو حەز لە هەر تاکێکی سیاسیدا بوونی هەیە، بۆیە هەوڵەکانیش بۆ گەیشتن بەو حەزانە بەردەوامن، بەڵام کاتێک باس لە سیاسەت و پلاندارێژی بۆ داهاتووی گرووپێکی تایبەت و بەتایبەت نەتەوەیەک دەکرێت، چیدیکە بەرژەوەندیی تاکەکەسی نابێ واتایەکی بمێنێت، تێکەڵبوونی تاک لەگەڵ گرووپەکە، بە مانای هاوپێوەندیی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەشە، کەوابوو ناکرێ تاک باس لە ئامانجی هاوبەش بکات، کەچی لە پەنای ئەوەشدا زیاتر بیر لە ئامانجەکەی خۆی بکاتەوە و ئامادە بێت بەرژەوەندیی گشتی بکاتە قوربانی بۆ بەرژەوەندییەکەی خۆی! هەر ئەمەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی باند و تاقم و دەستە لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا و وا دەکات کە تاکەکان بە لەژێرپێنانی کەسایەتی و کەرامەتی خۆیان ببن بە مۆرە تاکوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی بچووکیش بووبێت، ناچار بن کڕنۆش بۆ کەسانێک ببەن کە ڕەنگە ئەوانیش شیاوی پێگەکەی خۆیان نەبن، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە خودی تاکەکانی کۆمەڵگان کە بە بایەخدان بە کەسانی تر، جێگە و پێگەیان پێ دەدەن و لە ئاکامیشدا دیکتاتۆرێکی لێ ساز دەکەن تاکوو حوکم بەسەریاندا بکات!

ئەم پرسە بۆ ئێمەی کورد کە ساڵانێکی زۆرە لە چوارچێوەی حیزبە جیاوازە کوردستانییەکاندا خەبات دەکەین تاکوو مافی نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی کورد بستێنین و بە هەزاران قوربانیمان لەم پێناوەشدا داوە، دەبێ بابەتێکی گرینگ و جێی تێڕامان بێت.
دنیای سیاسەت، دنیایەکی ئاڵۆزە، بۆیە پێویستە تاکێک کە خۆی بە سیاسی دەزانێت سەرەتا خۆی بناسێت و بزانێ تا چەندە ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکە قوربانی بدات و بەرژەوەندییەکانی خۆی پشتگوێ بخات؟ تا چەند ئەتوانێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هاوبەشە هەنگاوی کردەیی هەڵ بگرێت و تا چەند ئامادەیە هاوکار و یارمەتیدەری کەسانی تر بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بێت؟

ئێمە کاتێک دەتوانین بە ئامانجە گشتی و سەرەکییەکەی خۆمان وەکوو نەتەوەی کورد بگەین کە بتوانین سیاسییەکی بە ئەخلاق بین! و ئامادە نەبین بۆ هەر پۆست و مەقامێک پشت لەو کەسانە بکەین کە ڕۆژانێ خۆیان کردبووە پلە بۆ سەرکەوتنمان و قوربانیان دا. ئەگەر تاکێک بگاتە ئەم ئاکامە کە دەتوانێ بەرژەوەندیخواز نەبێت و بە بەدەستەوەگرتنی نیمچە دەسەڵاتێک، پێگەی خۆی لە بیر نەکات و بیر لە تۆڵەکردنەوەی ئازارەکانی ژیانی لە کەسانی ژێردەستی نەکاتەوە، ئەو کاتەیە کە دەتوانێ کەسێکی بەسوود بۆ کۆمەڵگاکەی بێت و هەموو هەنگاوەکانیشی هەنگاوی کردەیی بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندی گشتی بن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتنەوەی دێموکرات و پرسی ژنان

لە پاش ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوییەوە کە دابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و ئەم دوو حیزبە بە دوو ناوی جیاوازەوە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دا، تاکوو ئەمڕۆ کە بە خۆشحاڵییەوە پاش نزیک بە ١٦ ساڵ دابڕان، ڕیزکانی حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتوونەتەوە و ئێستا لەژێر ناوێک و لە قەبارەی حیزبێکدا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن، پرسی ژنان هەمیشە یەکێک لە پرسە گرینگەکان بووە کە لەلایەن هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتەوە بایەخی تایبەتیی پێ دراوە.

حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی مۆدێرن و خاوەن پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە بەرانبەر بە پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هەروەها چین و توێژەکانی پێکهێنەری ئەم جوغرافیایە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە، ئەم بابەتەش لە ڕاستیدا سەرچاوەگرتوو لەو ڕاستییەیە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی هەڵقولاو لە هەناوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ویست و داخوازییەکانی ئەوانە.

ناکرێ حیزبێک سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و جەماوەری ئەو کۆمەڵگەیە بێت، بەڵام ویست و داخوازی و پێویستییەکانی لەلا گرینگ نەبێ، هەر ئەم ڕاستییەشە کە حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر لەم سۆنگەیەوە، حیزبی دێموکرات بە درێژایی ٧٧ ساڵ خەباتی بێوچانی خۆی لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش توێژی ژنان، لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک درێغی نەکردوە. هەر لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تاکوو ئەمڕۆ کە حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانی نەتەوەیی خۆی بەردەوامە، ژنان توانیویانە باشترین ڕۆڵ و گرینگترین ئەرکیان لەئەستۆ بێ، زۆر جار بینیومانە کە نەتەنیا شان بە شانی پیاوان، بەڵکوو زۆر بەهێزتر و بوێرانەتر لەوان ئەرکی پێشەنگایەتیی خەباتیان لەئەستۆ بووە، قوربانییان داوە، ئازاری دووری و غەریبی و بێکەسییان چێشتوە، بەڵام گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەیان، بووەتە هەوێنی گرینگی بەردەوامییان لەم ڕێبازەدا.

ئێستا کە ٧٧ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ و ڕیزەکانی حیزبیش یەکیان گرتۆتەوە و بەرنامەی داهاتووی ئەم حیزبەش لەسەر بنەمای بەردەوامیدان بە خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیددیتر لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، نابێ لەبیرمان بچێ کە ژنان چۆن دەتوانن لە سەرکەوتنی پرۆسەی خەبات دژ بە داگیرکەردا ڕۆڵی

ئەرێنی و کاریگەر بگێڕن.

گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگەی کوردستان و هەروەها پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بەم توێژە ڕەنگە لە هەندێ بوارەوە جێگای ڕەخنە و سەرنجی ورد بن، بەڵام بێگومان خاڵە بەهێزکانیش ئەوەندە هەن کە بتوانرێ گەشبینانە لە ڕاستای هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ بەرەپێشبردن و پێشخستنی پرسەکانی ژنان چاوی لێ بکرێ.

ژنان لە چوارچێوەی ئەم قەبارە سیاسییەدا جیا لەوەی کە دەرفەتیان پێ دراوە تاکوو خۆیان ببیننەوە، بە بەردەوامی هان دراون کە ئەرک وەئەستۆ بگرن، پشتگیری کراون تاکوو هەنگاوی ئەرێنی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان وەکوو ژنان و ئامانجی گەورەتر واتە دوورەدیمەنی ڕزگاریی نەتەوەکەیان هەڵبگرن و بتوانن بە کردەوە هەست بە گرینگی هەبوونی خۆیان بکەن، کە ئەم ڕاستییە لە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ئاستی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بەگشتی لە ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. ئەم هەبوون و تێکۆشانە ڕێک خاڵی بەرانبەری پێناسەی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان و بەشداریی ژنانە کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە، هەوڵی داوە تووشی لاوازیی بکات و بە سەرکوتی هێزی ژنان، کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرێکی نالەبار ببا.

لە ڕاستیدا پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ئەگەرچی هەواڵێکی زۆر ناخۆش بۆ کۆماری ئیسلامییە و بەگشتی بووە هۆی ناهومێدبوونی ڕێژیم لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، بێگومان بە پێچەوانەوە بەتایبەت بۆ توێژی ژنان جێگای هیوایە.

یەکگرتنەوە، دەرفەتێکی نوێیە بۆ ئەو ژنانەی کە لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا، قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیوە و تێدەکۆشن تاکوو سەرەڕای دابینکردنی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن، لە چارەنووس و داهاتووی سیاسیی نیشتمانەکەشیاندا کاریگەرییان هەبێ.

ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتەکەدان و بێگومان کەڵکوەرگرتن لە هێز و توانایی و لێهاتوویییەکانیان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا ئەتوانێ زۆر گرینگ بێ.

بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ئەو دوورەدیمەنەی کە بۆ بونیاتنانەوەی ئەم نیشتمانە لەم حیزبەدا پێناسەی بۆ کراوە، پێویستی بە هەموو هێز و پۆتانسییێل و توانای خەڵکی کوردستان هەیە، لەم نێوەشدا ژنان ئەرکی قورسیان لە سەر شانە، چونکە بە پێچەوانەی هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستان هاوکات چەندین ئەرکی دیکەیان لەسەر شانە کە

دەبێ هاوتەریب خەبات بۆ جێبەجێکردنیان بکەن؛ بۆیە پێویستە ژنان و بەتایبەت ئەوانەی کە لە ریزەکانی شۆڕشدان، زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی و پێشەنگایەتی بکەن و یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزب بکەنە دەرفەتێکی نوێ بۆ هەستانەوەیەکی دووبارە بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٢**

## بۆ پاراستنی شەرەف یان ترس لە کۆمەڵگە!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و وەک هەمیشە ڕوودانی کارەساتێک کاردانەوەیەکی ئێجگار بەرچاوی لە کۆمەڵگەدا بەدوای خۆیدا هێنا کە وەک هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی گرتەوە و هەرکەس بەپێی تێگەیشتنی خۆی و بەپێی ڕوانینی خۆی هەوڵی دا ئەم ڕووداوە شەنوکەو بکات.

بە کورتی ڕووداوەکە ئەمە بوو: ژنێک لە مەریوان بەناوی "شلێر ڕەسووڵی" لەلایەن جیرانەکەیەوە و بە بیانووی ئەوەی کە هاوسەرەکەی نەخۆشە و پێویستی بە یارمەتییە، بانگهێشتی ئەو ماڵە دەکرێ، بەڵام لەناکاو بەبێ هیچ دەسەڵاتێک خۆی بە تەنیا لە بەرانبەر بوونەوەرێکی دەستدرێژیکەردا دەبینێ و تەنیا ڕێگایەک کە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە بە مێشکدا دێت، ئەوەیە کە لە پەنجەرەی ماڵەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، شلێر پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا و ئەم ڕووداوە بووە سەردێڕی هەواڵەکان و سووژەیەک بۆ باس و خواس لە سۆشیاڵ میدیادا!

ئەوەی کە جێگای سەرنج و وردبوونەوەیە کاردانەوەکان و نووسینەکان بەنیسبەت ئەم پرسە بوو. یەکێک کردەوەکەی شلێری بە ئازایەتی ناو برد و نازناوی قارەمانی پێ بەخشی، یەکێکی دیکە بە دروشمی ئاوێتە لەگەڵ وشە پڕ لە ئازارەکانی نامووس و شەرەف و ئابڕوو، هاتە سەر شەقام و شلێری بە نموونەی ژنی پارێزەری شەرەف و کەرامەت ناو برد و کردیە هێمایەک بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری. بەڵام ڕاستیی ئەم ڕووداوە چی بوو؟ کێ تاوانباری سەرەکی بوو؟ و دەیان پرسیاری دیکە. ئەوەی کە لەم ڕووداوەدا گرینگە ئەوەیە کە دەبێ بزانین بۆچی ئاکامی تاوانێکی لەم چەشنە کە لەلایەن پیاوێکەوە ڕووی داوە دەبێ ببێتە مەرگی ژنێک کە بە مەرگێکی سەربەرزانە ناوی لێ ببردرێ؟ بۆچی دەبێ کۆمەڵگە ئەوەندە تووشی ڕووخان و قەیرانی کۆمەڵایەتی بووبێت کە کردەوەیەکی لەم چەشنە ڕوو بدات و ئاخۆ ئەبێ کێ لە بەرانبەر ڕووداوی لەم چەشنەدا بەرپرسیار بێت؟!

نووسین و ئاخاوتنەکانی ئەم چەند ڕۆژەی سۆشیاڵ میدیا زۆر سەرنجڕاکێش بوون، خەڵکی مەریوان ڕژانە سەر شەقام تاکوو تەرمی شلێر بە خاک بسپێرن و ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان کرد بە ڕووداوێکی لەبیرنەکراو.

مەرگی شلێر ناخهەژێن بوو، بەڵام با لەبیرمان نەچێ کە شلێر وەکوو سەدان ژنی دیکەی کورد قوربانی بوو، قوربانیی بیری

تەسکی پیاوسالاری و داوەریکردنی تاک لایەنەی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسە هەستیارەکان.

**بەڵام پرسیار ئەمەیە:**

ئەگەر شلێر ئەو بوێرییەی نەبوایە کە خۆی فڕی بداتە خوارەوە کە بەداخەوە گیانی لەپێناویدا دانا، ئەو بەناو بوونەوەرەش دەستدرێژی بکردایەتە سەری، ئایا هەر ئەو کەسانەی کە ئێستا بە شەهید ناوی دەبەن و وەک قارەمانێک ناوی لێ دەبەن کە بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی گیانی لەدەست دا، دیسان هەروا ناویان لێ دەبرد؟ یا ئەوانیش دەچوونە ڕیزی کاروانی ئەوانەوە کە لۆمەیان دەکرد و دەیان تۆمەتی ناڕەواشیان ئەخستە پاڵی؟

لە ڕوودانی پرسی لەم چەشنەدا زۆرجار تاکەکان تاک لایەنانە باسی هۆکار و دەرەنجامەکان ئەکەن و تەنیا لایەنێک بە تاوانبار دەزانن، بەڵام بۆ پێشگرتن لە ڕوودانی ڕووداوی لەم چەشنە پێویستە کە لایەنە جیاوازەکان لێک بدرێنەوە تاکوو بە خەسارناسییەکی ڕێکوپێک پێش بە دووپاتبوونەوەیان بگیردرێت.

لەم ڕووداوەی دواییدا، کە بەداخەوە شلێر بوو بە قوربانی، چەندین لایەنی جیاواز هەیە کە دەبێ سەرنجیان بدرێت.

لە سەرەتادا لایەنی یاساییە، کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، داڕێژەرانی یاسا بەپێی ئیدئۆلۆژیی دژەژنی خۆیان، هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی لە ژنان ناکەن و بگرە زۆرجاریش ڕێژە و جۆری سزاکان تەنانەت لە تاوانی هاوچەشنیشدا، بۆ ژنان قورستر و گرانترە. کەوایە ئەگەر وای دابنێین کە لەم ڕووداوەدا شلێر بەرگری لە خۆی بکردایە و لایەنی دەستدرێژیکەری بکوشتبایە، دیسان ئەوە یاسا پاڵپشتیی لە شلێر نەدەکرد و بێگومان سزای لەسێدارەدان و پێدانی پارە بە بنەماڵەی دەستدرێژیکەریش ئەبوو بە لایەنێکی دیکەی باسەکە.

بەم پێیە ڕاستە کە لایەنی یاسایی زۆر گرینگە و دەبێ پشتیوانی تاکەکان بێت بەڵام خودی لایەنەکانی دیکەی وەکوو فەرهەنگی زاڵ بە سەر کۆمەڵگە کە ئەمەش بەشێکی بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات ئەگەڕێتەوە و هەروەها ڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە، لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕوودانی ڕووداوی لەم چەشنەن.

دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین، ئەگەر شلێر بوێری خۆکوشتنی نەبوایە و ببوایەتە قوربانیی دەستدرێژی، ئایا ئێمە وەکوو تاکەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش خودی ژنان، بە چاوی قوربانی چاومان لێ دەکرد؟ ئایا لە بواری دەروونییەوە

پاڵپشتیمان لێ دەکرد و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانمان پڕ دەکرد لە هەشتەگی پاڵپشتی لە شلێر؟

بێگومان بەپێی ئەو ناسینەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمە و شێوازی ڕوانینمان هەیە، ئەوکات شلێر لای ئێمە نەک قوربانی، بەڵکوو تاوانباری سەرەکی بوو!

تاوانبارێک کە بە شێوازی جیاواز داوەریمان لە سەر ئاکارەکەی دەکرد و لای خۆشمان دادگاییمان دەکرد و توندترین سزاشمان بۆی بە ڕەوا دەزانی.

پێویستە بزانین کە شلێر و شلێرەکان قارەمان نین، ئەوان قوربانیی بیری پیاوسالاری، قوربانیی دەسەڵات و قوربانیی دابونەریتی چەقبەستووی کۆمەڵگەن، پێویستە بە ڕوانینێکی وردبینانە و ژیرانە بابەتە لێک بدەینەوە و کۆمەڵگەش تێبگەینین کە گۆڕانی بنەڕەتی پێویستە بۆ پێشگرتن لەم ڕووداوانە، مامۆستایەک کە ئەمڕۆ هاتووەتە سەرشەقام و چەپڵە بۆ شلێرەکان لێ دەدات، دەبێ بزانێ کە ئەرکی پەروەردەی نەوەی داهاتوو زیاتر لە جاران لە سەر شانی قورسایی دەکات ، هەر بۆیە پێویستە لە جیاتی درووستکردنی قارەمان لەم ڕووداوانە، هەوڵی بنەڕەتی بۆ گۆڕینی بیر و هزری کۆمەڵگە بدرێت تاکوو دواهەنگاوی کۆمەڵگە گەیشتن بە بەختەوەری بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## "نا"یەکی دیی خەڵکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامی

ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە بازنەیەکدا خولاوەتەوە کە بەڕوونی ئەکرێ بوترێ کە بەنیسبەت نەتەوەکان و بەتایبەتیش بەنیسبەت نەتەوەی کورد سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە.

ئەم سیاسەتە ڕوون و ئاشکرایە ئامانجە سەرەکییەکەی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بووە کە بەڕوونی لە دەستێوەردانە ئاشکراکانیدا دیارە، جا بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر ڕێگایەک کەڵکی وەرگرتووە کە چاوخشاندنێک بە سەر ڕۆژژمێری ڕووداوەکانی ئەم ٤٣ ساڵەدا بەڕوونی نیشانمان دەدات کە چۆن ئەم ڕێژیمە لە هیچ تاوانێکی دژەمرۆیی دژی نەتەوەی کورد دەستی نەپاراستووە.

هەر لە ڕووداوەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە لە شۆڕشی ٥٧ و فەرمانی جیهاد بەدژی نەتەوەی کورد، ڕەشبگیرییەکان لە کوردستان، تێرۆرەکان دژی هێزە کوردییەکان و هەموو تاوانەکانی دیکە هەتا دەگاتە مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ٩٧ و هەتا ئەمڕۆش کە ڕۆژێک بە سەر مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا تێدەپەڕێت؛ ئەوە کۆماری ئیسلامی بووە کە بە دڕندانەترین شێوە و بە بیانووگرتن بە ڕووداوەکانی دیکەی نێوخۆ، هەوڵی داوە جیا لە بەلاڕێدابردنی پرسە گرینگەکانی ڕۆژەڤی وڵات، سەروەریی خاکی وڵاتانی دراوسێش پێشێل بکات و هیچ بایەخێک بە کاردانەوە جیهانییەکان نەدات.

پڕ ئاشکرایە کە چییەتیی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران وا دەخوازێ کە بەردەوام خەریکی خوڵقاندنی کێشە و ئاریشە بۆ خەڵک و بۆ وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش بێت، هەربۆیە دوور لە چاوەڕوانی نییە کە کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانی خۆی لە هەموو ڕێگایەکی نامرۆڤانە و هۆڤانە کەڵک وەربگرێت. ئەم ڕێژیمە تەنیا یەک ئامانجی هەیە، ئەویش مانەوەی خۆیەتی بە هەر نرخێک!

لە دوای مووشەکبارانەکەی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و هاوکات لەسێدارەدانی سێ لاوی تێکۆشەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵک لە ٢١ی خەرماناندا بە مانگرتنێکی گشتی لە سەرتاسەری کوردستاندا، هێزی

لەبڕاننەهاتووی گەلیان بە ڕێژیم نیشان دا کە بێگومان هەر ئەو بێدەنگییە، خۆی توانیی بەهێزترین دەنگ و گەورەترین هەڵوێست بەرانبەر بەم کردەوە تێرۆریستییە بێت.

ئێستا کە نارەزایەتییەکان بە کوشتنی ژینا ئەمینی لە کوردستان و ئێران پەرەیان ئەستاندوە و کاردانەوەی وڵاتان و کەسایەتییە جیهانییەکانیشی بەدوادا هاتوە، ڕێژیم زیاتر لە هەمو کات هەستی بە لاوازی و لە لێژاییدابوونی دەسەڵاتەکەی کردووە بۆیە بە هێرشی ئەمجارەی خۆی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێرۆری تێکۆشەرانی کورد و ژن و منداڵی بێتاوان و دەستدرێژی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، ویستی ڕقی خۆی لەم تووڕەییە بە سەر کوردستاندا بڕێژێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە خەڵکی کوردستان کردوە کە جارێکی دیکە بۆ وڵامدانەوە بە کردەوەکانی ڕێژیم، ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەر بەپیل بانگەوازی ئەم ناوەندەوە بچن و بە مانگرتنێکی سەرتاسەری بۆ جارێکی دیکە هێزی لەبڕاننەهاتووی خۆیان و پەیامی پاڵپشتیی خۆیان لە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بە ڕێژیم دووپات بکەنەوە، بۆیە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆڵەکانیان و مانگرتن و یەکگرتوویی لەم ڕۆژەدا دەتوانێ زیاتر لە پێشوو ڕێژیمی ئێران بە چۆک دابێنێ و بەرەو لێواری ڕووخانی ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی ڕەزبەڕی ٢٧٢٢

## " ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێک بۆ ڕزگاری

ئەو ڕۆژەی کە "ژینا ئەمینی" بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە ڕووی لە تاران کرد و لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد، وتی ئێمە لێرە غەریبین، نە خۆی و نە هیچکەسی تریش بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ناوی ژینا ئەتوانێ ببێتە مانشێتی گرینگترین ڕۆژنامە و هەواڵدەرییەکانی جیهان و ڕاپەڕینێک وەڕێ بخات.

مەرگی تراژیکی ژینا توانیی ببێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، مەرگێک کە دەکرێ بڵێین هەوێنی لەدایکبوونەوەی هزری مرۆڤتەوەرانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسێکی گرینگ بوو، پرسێک کە نەک تەنیا کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، کە هەموو سنوورەکانی جیهانیشی بەزاند و بە دروشمی "ژن، ژیان؛ ئازادی" لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەنگی دایەوە.

ڕوونە کە کۆمەڵگەی ئێران ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ سەدان کێشەی جیاوازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... بەرەوڕوویە و هەر جارە یەکێک لەم هۆکارانە، هەوێنی سەرهەڵدان و نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان بوو. بەڵام ئەمجارە مەرگی ژینا بوو کە هەموو کۆمەڵگەکەی هێنایە سەر شەقام و بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو، پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆی ژنان بوو و بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینێک کە لە کوردستان سەری هەڵدا، ژنانی لە شارە جیاوازەکانی کوردستان و ئێرانیش هێنانە سەر خەت و دواتر وای لێ هات کە چین و توێژە جیاجیاکانی وەک مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکارانیش وێڕای باقی خەڵکەکە و وەک توێژی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگە هاتنە سەر شەقامەکان تا داوای مافی زەوتکراوی خۆیان بکەن.

دروشمی "ژن، ژیان ؛ ئازادی" بوو بە "زن، زندگی، آزادی" و شەقامەکانی شارەکانی ئێرانی تەنی، بوو بە "Freedom ، Life، و " Woman و "نساء، حياة، حرية" بەم شێوەیە وڵاتانی دیکەشی گرتەوە و ئەو پەیامەی بە گوێی جیهان گەیاند کە ئەمجارە خەریکە شۆڕشێکی ژنانە لە ئێراندا سەرهەڵدەدات کە توانیویە جیهانیش لەگەڵ خۆی ڕێک بخات.

لەم نێوانەدا ئاستی وشیاریی ژنان یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە دەبێ بایەخی تایبەتی پێ بدرێت، چونکە بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بێدەنگکردنیان، ئەوە ئەمجارە ژنانن کە بە هاوار و دەنگی نارەزایەتیی خۆیان، لە خەوی بێئاگایی وەخەبەر هێناوەتەوە و بەگژ بیری دواکەوتووی ئاخوندەکانی ڕێژیمدا دەچنەوە.

ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و بە ناوی "شۆڕشی ژینا" ناوی لێ دەبەن، سەرهەڵدانێکی زۆر جیاواز لەوانەی ڕابردووە، هەر بۆیە بێگومان دەسکەوتەکانیشی دەبێ زۆر زۆر جیاواز بن.

پێچەوانەی ڕابردوو کە ناڕەزایەتییەکان لە شارێک سەریان هەڵدەدا و ئامانجەکەیان چارەسەرکردنی هەندێ پرسی ئابووری یان کۆمەڵایەتی بوو، ئەمجارە ناڕەزایەتییەکان چوونەتە قۆناغیکی نوێوە و بوونەتە ڕاپەڕین، لە هەموو شارەکاندا ئەم ڕاپەڕینانە بەردەوامن و هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن، ئەمجارە بە پێچەوانەی جاران دروشمەکان باس لە سێ چەمکی گرینگ دەکەن، "ژن" کە بە درێژایی ٤٣ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەلایەن ڕێژیمەوە چەوساوەتەوە و هیچکات دەرفەتێکی لەم چەشنەی بۆ خۆنیشاندان و دەنگهەڵبڕین نەبووە، "ژیان" کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لە خاچ دراوە و ئەوەی کە مانای نەبووە ژیانی سەردەمیانە بووە، لە کۆتاییشدا "ئازادی"، بووکی هیوای گەل کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا هیچکات مانای ڕاستەقینەکەی هەستی پێ نەکراوە.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی مۆدێرنە، شۆڕشێکر لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسییێل ، شۆڕشێکی دەگمەنە کە ئەگەر بە ئەنجامی دڵخواز بگات، دەچێتە مێژووەوە و نەوەکانی داهاتوو نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو جیهاندا وەکوو وانە دەبێ لێی فێر بن.

ئەوەی کە لەم ڕاپەڕینەدا گرینگە، فاکتەرەکانی بەجەماوەریبوون، هاوهەنگاوبوون، هاوهەڵوێستی و لە هەمووی گرینگتر پێشەنگایەتیی ژنانە.

زۆر بابەتێکی سەرنجڕاکێشە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ژنان و بەستنەوەیان بە بیری چەقبەستووی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو هەموو بوودجەیە، ئەوە ژنانن کە دەنگیان هەڵبڕیوە و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، ژنانن کە سینگیان کردووەتە قەڵغان و بە لابردنی ڕووسەری و وەدەرخستنی قژەکانیان پایەکانی دەسەلاتی ڕێژیمیان خستووەتە لەرزە و خەریکن هەیمەنەی پووشاڵیی ڕێژیم ڕادەماڵن.

بەڵام خاڵی گرینگ لەم ڕاپەڕینەدا ئەوەیە کە ئاراستەی دروشمەکان خەریکە لە ژنانەبوونەوە دەگاتە جێگایەک کە باس لە هاوپێوەندیی نەتەوەکان دەکات، باس لە خواست و ویستی گشتیی کۆمەڵگە دەکات و هەر هەموو ئەمانەش دیسانەوە لە دروشمە بەناوبانگەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆیان ڕێک دەخەنەوە، ئێستا ژینا و شۆڕشەکەی بوونەتە هێڵی هزریی کۆمەڵگە و، ئاراستەی کۆمەڵگە لەم ڕێبازەدا بەرەوپێش دەچێت و بە پێچەوانەی هەموو ڕوانگەکان، پیاوان پاڵپشتی

ڕاستەقینەی ژنان و داخوازییە ڕەواکانی ئەوان و خۆیانن.

جەماوەرییبوونی ئەم ڕاپەڕینانە و سەرهەڵدانی بەربڵاوی خەڵک لە شارە جیاوازەکان، لەلایەک لاوازیی هێزی سەرکوتی بەدواوە بووە و لەلایەکی تریشەوە یەک گوتاری جەماوەری ڕاپەڕیو، هەر خودی ئەم دوو فاکتەرەشن کە ئەتوانن هێزێکی چەند قات بە ڕاپەڕینەکە ببەخشن و هیوای ئەوە بە خەڵک بدەن کە ئەم ڕاپەڕینانە ئامانجەکەیان دڵخواز دەبێ و بە ئاکام دەگات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەرچەند مەرگی ژینا، مەرگێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام بێگومان خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا بەئەژمار دێت و دەتوانێ وەک لە دروشمەکانیشدا هەبوو ببێتە هەوێنی ژیان.

شۆڕشی ژینا نیشانی دا دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێکە بۆ ڕزگاری و دەتوانێ کاروانی خەبات بە وێستگەی ئازادی بگەیەنێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەڕی ٢٧٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## ژنان، لە قوربانیبوونەوە بۆ پێشەنگایەتی

بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتانەی کە حوکمیان بەسەر کوردستاندا کردووە و بەتایبەتیش تەمەنی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە وەکوو دەسەڵاتێکی دژەژن پێناسەی بۆ کراوە، ژنان لە ڕیزی یەکەمین قوربانییەکاندا بوون.

ژنان وەکوو توێژێکی خاوەن بەهرە و توانای تایبەتی کۆمەڵگە بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر هێرشی ناڕەوای دەسەڵات و یاسا داڕێژراوەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە داڕێژەران و بونیاتنەرانی پیاوانێک لە ڕەگەزی ئاخوندەکان بوون، کە هیچکات توانای بینین و هەستکردن بە توانایی و لێهاتوویی ژنانیان نەبووە و چاویان بەرایی دیتنی سەرکەوتن و بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی نەداوە. خودی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ، بە هەموو جومگە و ناوەند و بەرپرسانیشیەوە بوونەتە قەڵغانێک بۆ بەرگری لە هێرشی ژنان، ئەویش هێرشی هزر و ئەندێشەیان!

وەستانەوەی ژنان لە بەرانبەر بیری دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ەوە خۆی نیشان دا، ژنان لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، بەگژ بیری دواکەوتووی بەناو بەرپرسانی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوودا چوونەوە و بە ڕێپێوان و ناڕەزایەتیدەربڕین لە سەر شەقام و لە زانکۆکاندا هەر ئەوکات دژی سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ هەڵوێستی توندیان گرت، بەڵام بەداخەوە جێگیربوونی دەسەڵاتی دژەن و بەدوور لە بیری مرۆڤتەوەرانە وای کرد کە ژنان هەر لەو کاتەوە وەکوو شارۆمەندی پلە چەندی کۆمەڵگە سەیر بکرێن و بکەونە پەراوێزەوە و بە بەردەوامی قوربانیی دەستی یاسا و خواست و ویستەکانی ئاخوندەکانی جەماران بن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژنان هیچکات نەیانویستووە لە پێگەی لاوازی توێژی قوربانیی کۆمەڵگەدا جێگایان بێتەوە، یان پێناسەیان بۆ بکرێ، بۆیە لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا، هەرکات کە بۆیان لوابێ و هەرکات کە دەرفەتێ ڕەخسابێ، هاتوونەتە مەیدان و دژی هەموو یاسا داڕێژراوە بێبنەماکان و بیری دواکەوتووانەی دەسەڵات وەستاونەتەوە کە بێگومان کوردستان و ژنانی کورد لەم بوارەدا هەمیشە پێشەنگایەتییان لە ئەستۆ بووە.

قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی لەم زەمەنەی ئێستادا خاڵێکی وەرچەخان بوو بۆ دووبارە هەستانەوە و دووبارە هاتنە



سەرچاوە Serchawe

مەیدانی ژنان، وزەیەک بوو کە توانیی نەک تەنیا ژنانی دیکەش کە هەموو کۆمەڵگە بە هەموو چین و توێژەکانەوە بێنێتە سەر شەقام و بۆ جارێکی دیکە شەقام بهەژێنێ.

ڕەنگە ئەم بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەی جوغرافیای دەسکردی ئێراندا دەژین، سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی دوای مەرگی ژینا سەرسووڕهێنەر بووبێت، چونکە ڕۆژانە بە دەیان ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەبنە قوربانی، دەکوژرێن، خۆیان دەکوژن، تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و دوورەپەریزی دەبن؛ بەڵام بۆچی وەکوو مەرگی ژینا هیچ کردەوەیەکی تۆکمەی وەک ئەوەی ئێستایان بەدوادا نایەت؟

مەگەر کچی شین (دختر آبی) قوربانیی سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی نەبوو کە بەهۆی ئەوەیکە نەیتوانی یاریی تیمە دڵخوازەکەی ببینێ خۆی سووتاند و گیانی لەدەست دا؟ ئەی بۆچی هیچ کاردانەوەیەکی لە چەشنی ئەوەی ئەمڕۆی سەر شەقامەکانی کورستان و ئێرانی بەدوادا نەهات؟ ئەویش وەک هەزاران ژینای دیکە قوربانیی دەستی دەسەڵاتێک بوو کە باوباپیرانیشی ڕەنگە بەدڵیان نەبووبێ، بەڵام ملکەچ بوون و دەنگیان لێوە نەهات و گوتیان با قوربانی بین!

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ لە سەری ڕاوەستین. کورد بە درێژایی مێژووی خوێناویی خۆی هیچکات نەیویستووە کە قوربانی بێت. هەمیشە هەموو سەرکردەیەکی کورد لە هەر بڕگەیەکی مێژوودا و لە هەر بەشێکی ئەم جوغرافیا لەتکراوەدا، هەوڵی ئەوە بووە کە بوون و شوناسی خۆی بسەلمێنێ، هەوڵی داوە بە پێناسەی دروست لە خواست و ویستی نەتەوەیی، ڕێگا بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکاتەوە، بەڵام لەم پێناوەدا هەمیشە تووشی لەمپەر بووە، بۆیە لە هیچ جێگایەکی مێژووی ئێمەی کورددا نابینرێ کە جیا لە مافی خۆمان، دەستدرێژیمان بۆ سەر ماف و خاک و نیشتمانی کەسی دیکە کردبێ هەمیشە هەوڵمان داوە لە بەرانبەر هێرشەکاندا بەرگری لە خۆمان بکەین و مافی خۆمان وەدەست بێنین.

مەرگی ژینا بۆ ئێمەی کورد دەستدرێژی بۆ سەر بوون و شوناسمان بوو، هەر بۆیە بە هەموو هێز و تواناوە هەوڵمان دا لە بەرانبەر دوژمنی سەرەکیماندا کە کۆماری ئیسلامییە ڕاوەستین، ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد خاوەنداریەتیمان لە خۆمان کرد و بێدەنگیمان هەڵنەبژارد، هاتینە مەیدان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بۆ جارێکی دیکە "نا"مان بە کۆماری ئیسلامی گوت و بەڕاشکاوی پێمان ڕاگەیاند کە ئێمە هەر وەک ٤٣ ساڵی ڕابردوو کە بۆ نەهاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە هاتینە مەیدان و بە کردەوە دژکایەتیمان لەگەڵ بوونی کرد، ئەوە ئێستاش پاش ٤٣ و پاش وەخەبەرهاتنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، دیسان هەر لەو مەیدانی کردەوەیەداین و بە کردەوە سەلماندوومانە نامانەوێ قوربانی بین.



سەرچاوە Serchawe

بەڵام خاڵی گرینگی ئەمجارە بوون و ڕۆڵی ژنان بو، ژنان لە کوردستان بە بەردەوامبوون لە ڕاپەڕینی ئەمجارە، سەلماندیانەوە کە وەک هەمیشە نەک ڕۆڵی قوربانییان بۆ خۆیان پێناسە و قەبووڵ نەکردووە، بەڵکوو بەپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی و باوەڕبەخۆبوونەوە، پێشەنگایەتی ئەم ڕاپەڕینە دەکەن و ئامادەن لە پێناو دەستەبەرکردنی و ماف و ئازادییەکانیادا هەموو جۆرە نرخێک بدەن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٣ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی خەزڵوەری ٢٧٢٢

## مەرگی ژینا ڕوحی بەو ژیانە نوێیەدا کردەوە

مەرگ، هەمیشە یەکێک لە وێستگەکانی ژیان بووە کە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان لێوڕێژە لە پرسیار، پرسیارگەلی سەرسووڕهێنەر کە ڕەنگە زۆر جاریش ئاوێتەیەک لە ترس و نیگەرانی بن؛ چونکە لەو ڕووداوانەی ژیانە کە ڕەنگە کەمترین بایەخی پێ بدرێت و کەمترین زانیاریی ڕاستەقینەی لە سەر هەبێت، ڕووداوێک کە وەکوو ئەزموونێکی نەناسراو بۆ هەموو کەسێک ڕوو دەدات و تەنیا شێوازەکەی جیاوازە.

لە هەر باوەڕ و ئایین و کۆمەڵگەیەکیشدا بێگومان پێناسەکردنی مەرگ، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی پارامێترە جیاوازەکانی خۆی پێناسەی بۆ دەکات. لە کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە وەکوو ڕووداوێکی سروشتیی ژیان چاوی لێ بکرێت و بە کۆتاییهاتنی ژیان ناوی لێ ببردرێت، لە کۆمەڵگەیەکیشدا ڕەنگە وەکوو حەق و سەرەتای ژیانێکی دیکە ببیندرێت، بەڵام لە هەر هەموویاندا نەمانی فیزیکیی مرۆڤەکان و بەجێهێشتنی جیهانی ماددی خاڵی سەرەکییە. زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بە مردن پێوەندیی مرۆڤ لەگەڵ جیهان دەپچڕێت و ئەو بوونە لە جیهاندا بۆ هەمیشە دەسڕدرێتەوە.

بەڵام زۆرجار پێناسە و باوەڕ و بایەخەکانی کۆمەڵگە وا دەکەن کە هەندێک مەرگ جا بە هەر هۆکارێک بێت ببنە سەرەتا بۆ ژیانێکی دیکە، نەک ژیانێکی نوێ بۆ خودی ئەو تاکە، بەڵکوو ژیانێکی مەزن کە دەتوانێ مانای زۆر شت بگۆڕێ یان مانا و پێناسەی نوێ بۆ هەندێ شتی تر بێنێتە ئاراوە!

لەم گۆشەنیگایەوە ئەگەر لە مەرگی ژینا بڕوانین دەتوانین ڕێک ئەو پێناسەیەی بۆ بکەین کە توانیی گۆڕانێکی ئێجگار گەورە درووست بکات، مەرگێکی جیاواز بوو کە ڕەنگە ئەزموونەکەی بۆ ژینا قورس و پڕئازار بووبێ و لە هەمان کاتیشدا نەمانی ئازارێکی زۆر گەورەی بە بنەماڵە و دەوروبەرییەکانی گەیاندبێت، بەڵام توانیی ببێتە خاڵێکی دەسپێک، خاڵێک بۆ سەرەتایەکی نوێ، خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژوویەکی پڕ لە ترس و سڵکردنەوە لە داگیرکەردا کە ڕەنگە ڕووداوێکی تر نەیتوانیبا بەو ڕادەیە بزوێنەر بێ و کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست.

لە فەلسەفەی ژیاندا، مانەوە و هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەم مانەوەیە، پارامێتری سەرەکین، هەموو کردەوەیەک لەو پێناوەدا

دێتە ئاراوە کە بتوانێ مانەوە و ژیان مسۆگەر بکات، بۆیە لە چوارچێوەی ژیانی شۆڕشگێرانەشدا هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە مردن لە پێناو ژیانی باشتر جێگای شانازییە، بۆیە زۆر بوون و هەن ئەو کەسانەی کە ئامادەن لەپێناو ژیانی باش و ئازادانەدا، گیان بسپێرن و هەموو گیانفیداییەک بکەن.

ژینا وەکوو هەموو کچەکانی ئەم نیشتمانە حەزی لە ژیان بوو و بە خواستی خۆی باوەشی بە مەرگدا نەکرد، بەڵام مەرگی ژینا توانی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا، بە جۆرێک کە سەرەتا کوردستان و دواتر هەموو ئێران و دوای ئەوەش هەموو جیهانی بەنیسبەت دۆخی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو جوگرافیایەدا هەستیار کردەوە.

خاڵی گرینگ لە مەرگی تراژیکی ژینادا، هەستیارکردنەوەی باقی توێژەکانی کۆمەڵگە بوو، نەوەیەکی نوێ کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ساڵانێکی زۆر پارەی بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی تەرخان بوو، بە دژی خودی ئەو ڕێژیمە هاتە مەیدان و ئەمە کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە مەرگی ژینا، ژینایەک کە نموونەیەک لە هەزاران کەس لەو نەوەیە بوو، ژینایەک کە نوێنەری هەموو خواست و ویستەکانی نەوەیەکی ستەملێکراو بوو کە زۆر بێپەنا و دڕندانە و بێ هیچ هۆکارێک بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم شەهید کرا.

پیرۆزبوونی ژیان و ئامادەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دانی گرانترین نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، لەم قۆناغەی دواییدا تەنیا یەک سەرەتای هەبوو، سەرەتایەک بۆ کۆمەڵگە کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی فیزیکیی ژینا!

کاتێ لە سەر کێلی مەزاری ژینا نووسیان: ژینا گیان، تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز، پەیامێکیان بە گوێی جیهان گەیاند، ئەویش ئەو پەیامە گرینگە کە مردن کۆتایی نییە و هەندێ جار مەرگ جوانترین سەرەتا و دەسپێکە؛ مەرگی ژینا دەسپێکی شۆڕشێک بوو کە کۆماری تەمەن ١٦ ساڵی هێنایە مەیدانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر و وای کرد کە کۆمار وا لە ژیان بڕوانێ کە لە هەر شتێک زیاتر ئازادیی خۆش بوێ! کەوایە ئەمە بەو مانایەیە کە ژیان مانا ڕاستەقینەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە، چیدیکە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران نایانەوێ بە بێ ئازادی بژین هەر بۆیە ئامادەن لەم پێناوەدا، واتە لەپێناوی ژیاندا، بمرن!

مەرگی ژینا، لەو ڕووداوە گرینگانە بوو کە پاش تێپەڕبوونی ٥٠ ڕۆژ، دیسان برینەکەی تازەیە، بۆ ساڕێژکردنی ئەم برینەش هەر ڕۆژ لە شوێنێکی ئەم کوردستانە گیانفیداییەکی تر ئەکرێت و هەرجار و لە هەر سووچێکی ئەم نیشتمانە

چیرۆکێکی تازە لە قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی تۆمار دەکرێت؛ ئێستا چیرۆکی ژیان ئەو چیرۆکە مێژووییەیە کە پێشەکییەکەی بە مەرگی ژینا تۆمار کرا و نێوەڕۆکەکەی پڕ بووە لە وێنەی لەبیرنەکراوی تێکۆشانی بوێرانەی گەل و بێگومان کۆتاییەکەشی بەدەستی ئازادیخوازانی ئەم نیشتمانە بە براوەیی دەنووسرێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی خەزڵوەری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!

دەڵێن هیچ خۆشەویستییەک بارتەقای خۆشەویستیی دایک و باوک بۆ جگەرگۆشەکەیان نییە، خۆشەویستییەکی بێسنوور کە زۆر جار دایک و باوکان ڕوو لە منداڵەکانیان دەڵێن تا نەبن بە دایک و باوک لەو خۆشەویستییە تێناگەن! ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەبینرێت، دەمانباتە قووڵایی بیرکردنەوەیەکەوە و تووشی تێڕامانێکمان دەکا کە ڕەنگە لە هیچ قۆناغێکی ژیانماندا ئەزموونمان نەکردبێ.

لە شەقامەکانی کوردستاندا، ڕۆڵە دڵ پڕ لە خۆزگەکانی ئەم نیشتمانە بەرانبەر بە داگیرکەر دەوەستنەوە، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی نابەرانبەر و نادادپەروەرانەدا و تەنیا بە یەک چەک، ئەویش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن و بە گوللەی دوژمنی دڵ پڕ لە قین وڵامیان دەدرێتەوە. ئەوان شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی نەمرانی گەلەوە، دوژمن لە تەرمەکەشیان دەترسێ و هەوڵی ڕفاندیان دەدات، ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیان بە پێچەوانەی ڕەوتی باوی کۆمەڵگە لە دیمەنێکی لێوڕێژ لە شیوەن و ڕۆڕۆوە، دەبێتە گۆڕەپانێکی بە لرفە لە هێزی گەل کە بە دروشمی شەهید نامرێ دەڕازێتەوە. کوڕ لە خەمی لەدەستدانی باوکدا، پەیامێکی ورەبەخش بە خەڵک دەدا و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان داگیرکەرە و دەبێ بەرەنگاری ببینەوە. باوک لە سەر گۆڕی کوڕە شەهیدەکەی دەڵێ "چونکە لە ٢٥ی گەلاوێژدا لەدایک بوو ناوم لێ نا کۆمار" و باس لە کوڵی دڵی زامداری بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی دەکات؛ بەڵام وەک قەڵایەک لە باوەڕ سوورە لە سەر ڕێبازێکی پیرۆز کە هەڵیبژاردووە و کوڕەکەشی لە پێناویدا شەهید بووە. دایکی جەرگسووتاو، بە چەپڵە سوورەوە پێشوازی لە تەرمی کوڕە شەهیدەکەی دەکات و دایکێکی دیکە بە هەموو ئازاری لەدەستدانی کوڕەکەیەوە دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە کوردستان، کچی نیشتمان نەبم بەڵام ئەگەر تۆڵەی نەستێنم!

ئەمانە تەنیا نموونەیەکی بچووک لە دەریای خۆڕاگری و باوەڕی ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا و لە ڕەوتی نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکاندا، ئازیزانی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە و، هەر ئێستا کوردستان پڕە لەم چیرۆکانە کە دەنگیان بە گوێی هەمووماندا گەیشتووە.

زیاتر لە دوو مانگە ڕووباری بە لرفەی هێزی گەل، کوردستانی کردووەتە جەهەنەمێک بۆ دوژمن. زیاتر لە دوو مانگە خوێن



سەرچاوە
Serchawe

دەدەین و ئەم دیالۆگانە لە زاری کەسانێکەوە دەبیستین کە ڕەنگە هیچکات نەتوانین هەست بە ئازارەکەی دەروونیان بکەین. بیستنی ئەم وتە ڕاستەقینانە لە زاری زامدارترین کەسەکانی ئەمڕۆی نیشتمانی ئێمەوە ناخهەژێنە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەبیرمان دێنێتەوە کە دەبێ لە کوێی هاوکێشەی ئەم ژیانە داسەپاوەدا ڕاوەستین و بە دوژمن بڵێین بوەستە! چیدیکە ناتوانی بمانکوژی، ئازارمان بدەی و لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنێی، ئەوە نیشتمانی ئێمەیە و بێگومان ئەوەی کە ئەبێ بڕوات تۆی نەک ئێمە!

کاتێک دایکێک لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی کوڕە شەهیدەکەیدا، دەڵێ کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی دەکەم بە نیشتمان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەفای بۆ خاکەکەی ڕادەگەینێ، ئەرکی قورسی بەردەوامبوونیش دەخاتە ئەستۆی خەڵکەوە، بێگومان ئەمە بۆ هیچ دایکێک کارێکی ئاسان نییە کە بەو ڕادە لە خۆڕاگرییەوە و لەکاتێکدا کە خەریکە بۆ هەتاهەتایە تەرمی کوڕەکەی بە خاک دەسپێرێ بە وشەکانی هەم بتوانێ هەستی خەڵک بجووڵێنێ و هەم ئەرک بخاتە سەر شانی جەماوەر و لە ڕاستیدا ببێتە لیدری ڕاپەڕینەکان.

بێگومان یەکێک لە گرینگترین جیاوازییەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردستان لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی پێشوو، ڕۆڵی ژنان لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا دایکان پێشیان بە منداڵەکانیان دەگرت تاکوو نەچنە نێو دۆخی ئاڵۆزی شارەکانەوە بۆوەی گیانیان بپارێزرێ، ئێستا دایکان هاوشان لەگەڵ منداڵەکانیان لە گۆڕەپانی خەبات و ڕاپەڕیندا بەشدارن و بە نیشاندانی خواستی هاوبەشی دوو بەرەی جیاواز لە یەک قاپدا، داوای مافەکانیان دەکەن.

هەرچەند ئەو نرخەی کە ئێستا لە کوردستان دەدرێت، زۆر زۆر قورستر لەوەیە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا دەبیندرێت، بەڵام بێگومان ئەم نرخ و قوربانیدانە، جیاوازیگەلێکی بنەڕەتیشی هەیە، بۆیە گەیشتووەتە ئەم قۆناغە. مانگرتنی بەردەوامی ڕۆژانە، ڕاپەڕینی بەردەوامی شەوانە، بەشداریی خوێندکاران، بازاڕییان، ژنان، لاوان و تەنانەت مێرمنداڵان لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەدا، نیشان دەدات کە چۆناوچۆن هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئامادەی گیانفیدایی بۆ وەرگرتنەوەی خاک و نیشتمان لە داگیرکەرن.

لە ماوەی هەموو ساڵانی ڕابردوودا کە ڕێژیمی ئێران حوکمی لەسەر کوردستان کردووە، ژنان هەمیشە و لە هەموو ڕووداوەکاندا پێشەنگایەتیان لەئەستۆ گرتووە، بەڵام دەڵێی ئەم قۆناغە لە خەبات، زیاتر هێزی ژنانی دەرخستووە و لەم قۆناغەدا زیاتر خەریکی سەلماندنی ئەو ڕاستییەن کە هەمیشە و لە هەر دۆخێکدا توانایی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنیان هەبووە و هیچکات پێناسەی باوی ڕێژیمیان بە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیان نەزانیوە.

بیستنی ئەم ڕستەیە، "کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم" لە زاری دایکێکی دڵ بریندارەوە زیاتر لەوەی کە بارستایی خەمێکی قووڵمان پێ نیشان بدات، ئەو پەیامەمان پێ دەگەیێنێ کە سەرەڕای هەموو زامەکان، لەسەر پێین و بەردوامین تاکوو بتوانین بەو ئامانجە بگەین کە ڕۆڵەکانی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانیدا گیانیان بەخت کرد.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٥ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەرکێکی گرینگ

لە ٢٥ی نۆڤامبری هەموو ساڵێک هەتا ١٠ی دێسامبر و بە ماوەی ١٦ ڕۆژ کۆمەڵێک چالاکیی جیاواز لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان بەڕێوە دەچێ.

لە ڕاستیدا ٢٥ی نۆڤامبر و ئەو ١٦ ڕۆژە پڕتەقاڵییە، دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی کە فۆکۆسی زیاتر بخرێتە سەر ئەو پێشێلکارییانەی بەنیسبەت مافەکانی ژنان لە جیهاندا ڕوو دەدەن، هەر بۆیە زۆر بە بایەخەوە دەبێ لێی بڕوانین و بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان زیاتر دەبێ هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتانە بدەن تاکوو بتوانن باشتر و زیاتر کار لە سەر کێشەکانی ژنان بکەن.

ئەمساڵ ٢٥ی نۆڤامبر و ١٦ ڕۆژی پڕتەقاڵی هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک کە قەتڵی حکوومەتیی ژنێک بوو بە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی!

لە ڕاستیدا خودی قەتڵی حکوومەتی یەکێک لە جۆرە دیارەکانی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێرانە، توندوتیژییەک کە دەسەڵات بەپێی دەرفەت و ئیمکاناتی خۆی و بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکانی خۆی زۆر بەئاسانی دەیکات و لە بەرانبەر هیچ ئاسەوارێکیشیدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، هەربۆیە دەبێ گرینگییەکی تایبەتی پێ بدرێت و کاری زیاتری لەسەر بکرێت.

ڕاستیدا قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد توانی کۆمەڵگە بخاتە سەر هەست؛ فاکتەرە دیارەکانی ژن بوون و کوردبوونی ژینا لە قەتڵی حکوومەتیی ئەم کچە کوردەدا کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو، ڕەنگە ڕووداوی لەم چەشنە بە ڕێژەیەکی دیار لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕووی دابێت بەڵام قوربانیبوونی ژینا وەکوو کچێکی کورد و هەستیاربوونی کۆمەڵگەی کوردستان بەنیسبەت خاوەندارەتی کردن لە کچەکەی، وای کرد کە قەتڵی حکوومەتیی ژینا دەنگدانەوەی جیهانی بەدوای خۆیدا بێنێت و ببێتە یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی لانیکەم ١٠ ساڵی ڕابردوو لە جیهاندا. ڕاستە کە قەتڵی حکوومەتیی ژینا دەبێ وەکوو یەکێک لە دیارترین پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان چاوی لێ بکرێت، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەم توندوتیژییە، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک توندوتیژیی دیکە کە دەکرێ

وەکوو توندوتیژیی سیستماتیک ناویان لێ ببەین، لە کۆمەڵگەدا پەرە بستێنن، توندوتیژیگەلێک کە سیستمی دەسەڵاتداری زۆر بە ئاسانی پەرەیان پێ دەدات و خودی سیستمەکە وەکوو بکەری سەرەکییان بە ئەژمار دێت.

بەو پێیە کە لە ١٦ ڕۆژی پرتەقاڵی داین، پێویستە زیاتر بپەڕژێینە سەر ئەو پێشێلکارییە دیارانەی کە وەکوو توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویان داوە.

هەواڵدەرییە مافی مرۆییەکان لەم ماوەیەدا بەوردی پەرژاونەتە سەر ئەم بابەتە و بەردەوام هەوڵیان داوە ئاماری تایبەت لە ڕێژەی پێشێلکارییەکان وەک کوژران، دەسبەسەرکردن، ڕفاندن و ... بخەنە بەر دیدی خەڵکەوە، بەڵام بابەتێکی گرینگ کە دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژییەکان و زۆر کەمتر ئاوڕێ لێ دراوەتەوە ـ ئەڵبەت لەبەر هەستیاربوونی پرسەکە و فاکتەرەکانی دیکە کە پێوەندی و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوتی ڕاپەڕینەکە هەیەـ ، ئەو توندوتیژییەیە کە لای ژنانەوە هەمیشە بە ترسەوە باسی لێ کراوە و زۆرجاریش تەنانەت بیرکردنەوە بە ئازارەکانی قوربانییەکە و وێناکردنی ئەو هەلومەرجەی کە قوربانیی تێدا بووە، ئازارێکی پێ چاشتوون کە ڕەنگە کەمتر لە ئازاری خودی توندوتیژییەکە نەبووبێ.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا زانیارییەکان لە نێوخۆی کوردستانەوە باسیان لەوە کرد کە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو ژنانەی کە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە و لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەدا دەسبەسەرکراون، لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە لە گرتنگەکاندا دەستدرێژییان کراوەتە سەر و بەم هۆیەوە هەندێکییان ئێستا دووگیانیشن. ئەڵبەت ئەم دەستدرێژییانە تەنیا تایبەت بە ژنان نەبووە و هەن پیاوانێکیش کە هاوشێوەی ژنان کەوتوونەتە بەر ئەم توندوتیژییەوە و ئازار دراون.

لە ڕاستیدا پرسی دەستدرێژی یەکێک لە تاڵترین و بەژانترینی توندوتیژییەکانە کە بەرانبەر بە تاکەکان دەکرێت، لێرەدا زیاتر باس لەو دۆخە دەکەم کە بە سەر ژناندا زاڵ دەبێت، چونکە بەپێی عورفی کۆمەڵگە هەر کات ژنان کەوتبێتنە بەر پەلاماری کەسانێکی دڕندەوە و دەستدرێژییان کرابێتە سەر، یەکەم کاردانەوەیەک کە لەگەڵی بەرەوڕوو بوونەتەوە ئەوە بووە کە ژنان خۆیان بە تاوانبار ناسێندراون، هەر بۆیە زۆرجار قوربانییان یان ڕاستیی ڕووداوەکەیان شاردووەتەوە یان ناچار بوون کە پەنا بۆ ڕێگاگەلێک ببەن کە کۆتاییەکەیان تاڵ و خەمناک بووە.

دەستدرێژی توندوتیژییەکی ئاشکرایە، ژنان کە ڕەنگە زیاترین قوربانییانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی بن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمترین ئاستی زانیاری و ئاگاییان بەنیسبەت ئەم توندوتیژییە هەیە، بۆیە زۆر جار لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ

ئەم دیاردەیەدا، ڕێگایەک هەڵدەبژێرن کە کەمترین لۆژیکی تێدایە. ژنان لەم دیاردەیەدا قوربانین نەک تاوانبار، زۆرجار تێنەگەیشتنی کۆمەڵگە لەم ڕاستییە وا دەکات کە ئەوان خۆکوژی بە باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەم کێشەیە بزانن، هیچ حاشا لەوە ناکرێت کە ئاسەوارەکانی ئەو ڕووداوە ئەتوانێ تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ تاک بمێنێتەوە و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا بیخاتە ژێر کاریگەریی نەرێنی خۆیەوە، بەڵام بێگومان بایەخدان بەو بابەتە و کارکردن لەسەری زۆر گرینگە.

هەستیاربوون بەو دۆخە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانە کە دەبێ زۆر جدی کاری ڕۆشنگەری و هیوابەخش بۆ قوربانییانی ئەو جینایەتە بکەن. چونکی ئەو پرسیارە زۆر ڕاشکاوانە بەرەوڕوویان دەکرێتەوە کە ئەگەر ئەوان ئەرکی وشیارکردنەوە و پێدانی زانیاری و ئاگایی بۆ تاکەکانیان لە ئەستۆ نەبێت، ئەدی کێ دەبێ ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێ؟

**ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## ژنان لەم بزووتنەوەیەدا ڕێبەرن

زیاتر لە سێ مانگە ژینگەی کوردستان بووە بە گۆڕەپانێکی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەران، گۆڕەپانێک لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسییێل کە دوو فاکتەری سەرەکیی بەجەماوەریتربوون و ڕادیکاڵتر بوون، توانیویانە پێناسە و فۆرمێکی جیاوازتر لەوەی پێشوو بەم بزووتنەوەیە ببەخشن.

بە کورتی بزووتنەوەکە ئاوا دەستی پێ کرد: کچێکی کورد بە سەفەر ڕووی لە تارانی پێتەختی ئێران کرد، لەوێ بە بیانووی نەبوون یان پێڕەونەکردنی یاسای داسەپاوی حیجابی زۆرەملێ کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی بەناو پۆلیسەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم و بەهۆی لێدان و توندوتیژییەک کە بەرانبەری کرا، بەداخەوە بە هەزاران ئاوات و خۆزگەی بەدی نەهاتوو، شەهید کرا. لەسەر گۆڕەکەی ژینای جوانەمەرگ نووسرا: «ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز» و ئەمە بوو بە دەسپێکێک بۆ سەرهەڵدانێکی مەزن نە تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە ئێرانیش، سەرهەڵدانێک کە زیاتر لە سێ مانگە درێژەی هەیە و هەر ڕۆژێکی لێوڕێژ بووە لە کۆمەڵێک حەماسە و چیرۆکی جیاواز و لە هەمان کاتیشدا کاریگەر!

چەندین فاکتەر هەن کە لە بزووتنەوەی ئەمجارەدا گرینگ و جێی بایەخن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:

### ▪ کوردبوونی ژینا:

لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی ئێران بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە کە کوردستان و گەلی کورد لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داماڵێ، بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی وەرگرتووە و زۆرجاریش بە تێچوویەکی ماددیی زۆرەوە پیلانی دارشتووە تاکوو بتوانێ خەسار بە کوردستان بگەیەنێ، لە ڕاستیدا زیندووبوونی کوردستان لە باری سیاسییەوە و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە کوردستان هەمیشە وەکوو دوژمنی دەسەڵات چاوی لێ بکرێت؛ بۆیە لە سەفەری ژینای کوردستانیشدا بۆ تاران، هێزەکانی گەشتی ئیرشاد وەکوو ئەوی تر و دوژمن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد و ئەو ڕق و بێزارییەی کە دەسەڵات لە کوردی هەبوو، ئەمجارە کە کوشتنی ژینادا خۆی دەرخست.

## ▪ ڕەگەزی ژینا:

لەوەتەی کۆماری ئیسلامی وەکوو دەسەڵاتی حاکم بە سەر ئێراندا هاتووەتە سەر کار، دژایەتی لەگەڵ ژن بەشێکی حاشاهەڵنەگر لەم دەسەڵاتە بووە. هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لەلایەن ئاخوندەکانی ڕێژیمەوە، ژنان یەکەم توێژی کۆمەڵگا بوون کە کەوتنە بە ڕقی ڕێژیمەوە، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەم مەبەستە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بۆ ژنان بوو کە هەر لەو کاتەشدا لەگەڵ دژایەتیی ژنان بەرەوڕوو بووەوە، بەڵام ڕێژیم بە داڕشتنی یاسا و کەڵکوەرگرتن لە ئایین وەکوو ئامرازێک بۆ سەرکوتی ژنان، توانی حیجاب بە سەر ژنانی ئێراندا بسەپێنێ. ئەمە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا، حیجاب بەشێکی قەبووڵنەکراو لە ژیانی ژنان بووە، هەر بۆیە بینیومانە کە بە شێوازگەلی جیاوازیش و لە قۆناغی جیاوازدا بەنیسبەت ئەم بابەتە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و بەرەوڕووی بوونەتەوە.

فاکتەری ژنبوونی ژینا و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی حاکم کە چییەتییەکەی دژایەتیلەگەڵ ژن و ئازادییەکانیەتی لە هۆکارە سەرەکییەکانی کوشتنی ژینا بەدەستی پێتەخنشینان بوو؛ دوژمنایەتیی دەسەڵات و ئیدئۆلۆژییەکەی لەگەڵ ژنان بووە هۆی ئەوەی کە ژینا ببێتە قوربانیی قەتڵێکی حکوومەتی!

## ▪ هەستیاربوونی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت ژنان:

لە ڕاستیدا شەهیدبوونی ژینا و لەسەرهەستبوونی کۆمەڵگای کوردستان بەنیسبەت قەتڵی حکوومەتیی ژینا توانی گۆڕانێکی گەورە درووست بکات و پێناسەی ڕاستەقینەی کوردستان زیاتر دەربخات کە ئەمە لە ڕاستیدا وەکوو شکستهێنانی دەسەڵات دەبێ چاوی لێ بکرێ. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەی توندوتیژییەکان تێیدا بەنیسبەت ژنان زۆرە، خودی یاسا و دەسەڵات بە شێوەی سیستماتیک بەرانبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن و لە ڕێگەی میدیا و قوتابخانە و باقی پێگەکانیشەوە کە لەبەر دەستی دەسەڵاتدان توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان ئاسایی دەکرێنەوە؛ ڕێژیم بەنیسەت کوردستان لەم بوارەدا سیاسەتێکی جیاوازی هەبووە، ئەگەر لە مانگێکدا لە سەرتاسەری ئێران ١٠ ژن کوژرابێتن و لە کوردستان یەک ژن، بێگومان ڕێژیم هەوڵی داوە ئەوەی کوردستان زەقتر نیشان بدات، بۆ ئەوەی کوردستان شوێنێکی نائەمن بۆ ژنان نیشان بدا و بڵێ پیاوی کورد جگە لە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان هیچ ئاکارێکی ئەمڕۆیی نازانێ و بەگشتی پیاوی کورد بە مرۆڤێکی نەزان و دەمارگرژ و توندوتیژ لەقەڵەم بدات.

بەڵام مەرگی ژینا ئەم پێناسەی لە ڕێژیم تێک دا؛ پیاوانی کوردستان بەنیسبەت قەتڵی حکوومەتیی ژینا لەسەرهەست بوون، چونکە مەرگی ژینایان بە دەستدرێژیی ئاشکرای دەسەڵات بۆ سەر شوناسیان واتە کوردبوونیان و بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگای کوردستان واتە ژنانی کوردستان زانی!

ڕەنگە زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایە بن کە ئەگەر ئەمە بەنیسبەت کچێک لە شارێکی دیکەی ئێران . مەبەست جگە لە کوردستانە . ڕووی دابا هەڵوێستەکە هەر ئەوە دەبوو و پیاوان دەهاتە سەر شەقام، بەڵام ڕاستییەکە شتی دیکەمان پێ دەڵێت، مەگەر کچی شین(دختر آبی)، بەهۆی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ ڕێگریکردنی ژنان بۆ چوونە نێو ستادیۆمی فووتباڵ و بینی یاریی تیمی دڵخوازی خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەر نەدا؟ مەگەر ئەمە توندوتیژیی سیستماتیکی دەسەڵات بەرانبەر بە کچێکی ئێرانی نەبوو؟ ئەی چۆن بوو کە بەنیسبەت مەرگەکەی هیچ ناڕەزایەتییەک نەهاتە ئاراوە؟

▪ **بەجەماوەریتربوون**:

ڕاپەڕینێک لە کوردستانەوە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کرد، هەموو خەڵکی کوردستان بە چین و توێژی جیاوازەوە هاتنە سەر شەقام و دژی ڕێژیم و دڕندەییەکانی ڕاپەڕین، زۆری نەخایاند کە شارەکانی دیکەی ئێرانیش هاتنە سەر شەقام و بەکەڵکوەرگرن لە دروشمێک کە ئاخێزگەکەی کوردستان بوو، پەیوەست بە ڕاپەڕینەکەوە بوون؛ ڕاپەڕینەکە توانیی هەم لە بواری حەشیمەتەوە بەربڵاوتر بێت هەم لە باری جوغرافییاییەوە، ڕووبەرێکی گەورەتر لەگەڵ خۆی بخات.

▪ **ڕادیکاڵتربوون**:

ئەگەرچی پێشتریش ناڕەزایەتییەکان دروشمی ڕادیکاڵیان تێدا دەوترایەوە و تەواویەتی ڕێژیم و ڕێبەرانی دەکرانە ئامانج بەڵام لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا هەم دارشتنی دروشمەکان جیاوازترە و هەم خەڵکی ڕاپەڕیو کردەوەی ڕادیکاڵتر لە خۆیان نیشان دەدەن؛ ئانالیزکردنی کردەوەی خەڵکی ڕاپەڕیو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران نیشان دەدات کە خەڵک بە ئامانجی ڕووخانی ڕێژیم هاتوونەتە سەر شەقام، سەرنجدانێکی خێرای ئاخرین ستۆری و پۆستی شەهیدەکانی ڕاپەڕینەکان بەتایبەت لە کوردستان دەری دەخات کە ئەوان خۆیان یەکلایی کردووەتەوە، بۆیە بوێرانە و بەمەبەستی بە ئامانج گەیاندنی ڕاپەڕینەکە هاتبوونە مەیدانی کردەوە.

## ▪ دابەزینی تەمەنی بەشداربووان لە ڕاپەڕینەکە:

چاوخشاندنێک بەسەر ڤیدیۆ و وێنە بڵاوکراوەکان نیشان دەدات کە زیاترین ڕێژەی بەشداربووان لەم ڕاپەڕینە کەسانێکن کە تەمەنیان کەمە، کەسانێک کە هاوکات لەگەڵ ژیانکردن لەژێر چەتری دەسەڵاتی سەرەڕۆ و تۆتالیتەری ئێران و سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکیان و ڕاکێشانیان بۆ ڕیزی بەسیج و مودافعانی حەرەم و گرووپە نیابەتییەکان بە بیری ڕزگاری لە چنگی دیکتاتۆری پەروەردە کراون! نەسڵێکی نوێ کە ڕێژیمیان لە خۆیان بێهیوا کرد و بە هەبوونیان لە مەیدانی کردەوەدا بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند کە داهاتوویان دەوێ و نایانەوێ لە بەرانبەر بێدادی و سەرەڕۆیی ڕێژیمدا بێدەنگ بن.

## ▪ بەشداریی ژنان:

ئەوەی کە زیاتر دەبێ بایەخی پێ بدرێت، بوونی ژنانە، بە پێچەوانەی پێناسەی باوی کۆمەڵگا و ئەوەی کە ڕێژیم هەمیشە هەوڵی دابوو جێگیری بکات، ژنان لە مەیدانی کردەوەدا خۆیان بە کۆمەڵگا سەلماندەوە، بە دەیان ژن لەم ڕێبازەدا چوونە کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، دایکی شەهید بە بوێرییەوە دەڵێ کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم، هاوسەری شەهید بە وتنەوەی دروشمی شەهید نامرێ دەبێتە لیدەری ڕاپەڕینەکە، دایکی شەهیدێکی دیکە بە چۆپی کێشان دەچێتە پێشوازی تەرمی کوڕەکەیەوە، دایکێکی دیکە بە بوێرییەوە گرتە ڤیدیۆیەک بڵاو دەکاتەوە و ڕاشکاوانە دەڵێ بکوژی کوڕەکەی من کۆماری ئیسلامییە! ئەمانە نموونەگەلێکی بچووک لە هەزاران تابلۆی پڕ لە وانەی شۆڕشی ژنان، شۆڕشێک کە بە شەهیدبوونی ژنێک دەستی پێکرد و ئێستاش ژنانن کە بە بوونیان لە مەیداندا و بە پاڵپشتیردن لە کوڕ و هاوسەر و براکانیان بوونەتە هەوێنی درێژەپێدانی.

ژنان بە بەشداریی چالاکەنە و پۆزەتیڤ لەم ڕاپەڕینەدا سەلماندیان کە ڕێبەرن! ڕێبەرانێک لەخۆبوردوو و بەهێز کە ئامادەن بۆ ڕزگاریی خاک و نیشتمان پێشمەرگانە تێبکوشن و لە بەرانبەر هێزە دڕندەکانی ڕێژیمدا سینگیان بکەنە قەڵغان بۆ پاراستنی نیشتمان. ژنانی کوردستان ژینایان کردە سەرقافڵەی کاروانی تێکۆشان و بە بەشداریی چالاکانە، ناوی ژینایان کردە ڕەمزی بەرخودان بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران.

ڕاستە کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش توانییان خۆیان تێدا ببیننەوە بەڵام

بێگومان بەشداریی ژنان توانی ڕەنگوبۆنێکی جیاوازتر لەوەی جاران بەم شۆڕشە ببەخشێت، هەر بۆیە ئاسۆی ڕزگاری زۆر ڕوونتر لە جارانە. ژنان بوونەتە سەرقافڵەی کاروانی بێپسانەوەی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و ئەبێ دواوێستگەی ئەم ڕاپەڕینە هەر ڕزگاری بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ١ی بەفرانباری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## دەرکردنی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن و ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک

سێ مانگ بە سەر ڕاپەڕینی ژینا، ئاخێزی خەڵکانی ئێران و کوردستاندا تێپەڕی. بێگومان شۆڕشی ژینا تاکوو ئێستا دەسکەوتی باشی هەبووە و ڕەنگە گرینگترین دەسکەوتی سازدانی هاوپێوەندی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی پێکهێنەری جوغرافیایەک بێت کە پێی دەگوترێت ئێران، یان ئەو هەستی هاوسۆزی و هاوخەمی و هاوخەباتییەی کە ئێستا هەیە و یەکگرتووییەکی تا ڕادەیەک باشی بۆ خەبات دژبە تاریکپەرەستانی جەماران پێک هێناوە؛ بەڵام یەکێک لە دەسکەوتە گرینگەکانی دیکەی شۆڕشی ژینا کە لە ماوەی ڕابردوودا شەپۆلێک لە خۆشحاڵی و ڕەزامەندیی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، دەرکرانی ڕێژیمی ئێران بوو لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەگەر وردتر لە بابەتەکە بڕوانین دەبێ لە خۆمان بپرسین بۆچی دەبێ دەسەڵاتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی بەو کارنامە پڕ لە شوورەییەی خۆیەوە کە بەنیسبەت دۆخی ژنان تۆماری کردووە، لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژندا جێگای پێ بدرێت؟ یان چۆن و بە پێی چ پێوەرگەلێک ڕێژیمێکی ژنکوژی وەکوو ئەم ڕێژیمە دەتوانێ ئەندامی کۆمیسیۆنێکی لەم چەشنە بێت؟ کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرەکیترین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی جیهانی بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنانە و ٤٥ ئەندامی هەیە کە بە دەنگی ئەندامانی شورای ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

ڕێژیمی ئێران تەنیا ساڵێک لە ئەندامەتیی خۆی تێپەڕ کردبوو کە بە زۆربەی زۆری دەنگەکانی ئەندام لەم کۆمیسیۆنە دەر کرا و هەر لە جێدا ئەمە یەکەمین جاریشە کە وڵاتێک لەم کۆمیسیۆنە دەربکرێت.

ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران و کوردستان و ئەو توندوتیژی و هەڵاواردنە ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێژیمی ئێران لە پێش چاوی هەموو دنیاوە بەنیسبەت ژنان دەینوێنێ هۆکاری سەرەکیی دەرکردنی ئەم بڕیارە بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی ئەم دەرکردنە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک بوو کە نەدەبوو پێشتر کرابا، ئەویش دیاریکردنی ڕێژیمێکی دڕندەی ژنکوژی وەکوو ئێران بە ئەندام لەم کۆمیسیۆنە بوو! ئەویش لە کاتێکدا کە خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باقی ناوەندە گرینگەکانی جیهانیش کە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ و مافی ژناندا چالاکی دەکەن باش ئاگادارن کە ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتانەیە کە تاکوو ئێستا پەیوەست بە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردنەکان دژبە ژنان نەبووە، چونکە چییەتیی ڕێژیمی

ئێران دژی ژنان و ماف و ئازادییەکانیانە و ئەوە خودی دەسەڵاتە کە بە داڕشتنی یاسای دژەژن و نامرۆڤانە زیاترین ڕێژەی چەوسانەوەی بەنیسبەت ژنان بۆ خۆی تۆمار کردووە.

ڕێژیمی ئێران یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە کە بەئاشکرا مافی ژنان پێشێل دەکات، بەپێی ڕیزبەندیی بەرنامەی گەشەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە بواری ڕەگەزییەوە نایەکسانییەکی زەقی تێدایە و لەم بارەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان لە ڕیزی ١١٥دا جێگای گرتووە. سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ئێران و کوردستانیش پێمان دەڵێت کە بڕیاری دەرکردنی ئێران لەو کۆمیسیۆنە زۆر پێویست بوو و دەبێ بە بایەخەوە چاوی لێ بکرێت. چونکە ئەو بڕیارە لە دژی ڕێژیمێک دراوە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی لە گرتنگەکاندا دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر دەسبەسەرکراوان و لەم پێوەندیەشدا بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە خودی گرتنگەکانەوە درکێندراوە، دەستدرێژییەکان بۆ سەر هەر دوو ڕەگەز بووە، بەڵام ئەوەی کە بە نیسبەت ژنانی دەسبەسەرکراو کراوە زۆر دڵتەزێنترە.

لێدان و ئەشکەنجە، دەستدرێژی سێکسی، ڕفاندن، دەسبەسەرکردنی نایاسایی، بێسەروشوێنکردن، بێڕێزی کردن و بە دەیان جۆری دیکەی توندوتیژی لە ماوەی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەرانبەر بە ژنان کراوە و ئەوەی کە ئێستا دەبێ گرینگیی پێ بدرێت، بایەخی دەرکرانی ڕێژیم لەم کۆمیسیۆنە بە هۆکارەکانی سەرەوەیە.

لەڕاستیدا ئەم دەرکرانە بۆ ڕێژیمی ئێران قورس تەواو بوو، چونکە زیاتر لە ڕابردوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە چییەتیی ڕێژیم بە وڵاتانی دیکە بناسرێت و بێگومان هەڵوێستەکانیش بەرانبەر بە ڕێژیم دەگۆڕدرێت. لە لایەکی دیکەوە دەرکرانی ڕێژیم، ڕەوایی بەخشین بە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ئاستی نێونەتەوەیی بوو و هەر ئەمەش وا دەکات کە ڕێژیم ناچار بێت ئاگاداری کردەوە دژەمرۆییەکانی خۆی بێت، چونکە بێتوو ڕێژیم بەمجۆرە سەرەڕۆیانە درێژە بە کردەوەکانی خۆی و بەتایبەت پێشێلکارییەکانی مافی ژنان بدات، ئەوەندەی دیکە ڕۆڵی ڕێژیم لە ئاستی نێونەتەوەییدا لاوازتر دەبێ و ئەگەری ئەستاندنەوەی متمانە لەو ڕێژیمە لە ئاستەکانی دیکەشدا بەهێزتر دەبێت. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورە بۆ ژنانە کە بتوانن لە پێناو نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردنەکانی ڕێژیم بەرانبەر بە خۆیان هەنگاوی قورستر هەڵ بگرن و بێگومان هەمووانیش دەزانین کە ئەمە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینایە کە هەموو جیهانی بەنیسبەت پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنان بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی لە کوردستان و ئێران هەستیار کردەوە.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک بە پێشەنگایەتیی ژنان بوو، هەر بۆیە دەنگدانەوەی ئەم شۆڕشە لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە هەموو کات توانیی کێشە شاراوەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەربخات و هەموو چەواشەکارییەکانی ڕێژیمی بەنیسبەت ژنان و ئەو پێگە و

دەرفەتانەی کە بە درۆ بانگەوازی بۆ دەکرد کە بۆ ژنانی دابین کردووە، دەرخست. ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا هیچکات وەکوو مرۆڤ مافیان پێ نەدراوە، لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان بێبەری کرابوون و بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی سەرکوت و هەڵاواردندا بوون، بۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری دەرکردنی ڕێژیم توانی هەڵەیەکی زۆر زەقی خۆی لە وەرگرتنی ئەم ڕێژیمە وەکوو ئەندام ڕاست بکاتەوە و ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی زێڕین بۆ ژنان تاکوو بتوانن خۆیان بە جیهان بسەلمێننەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٧ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی بەفرانباری ٢٧٢٢

---

## ژینای ئێمە، یان مەهسای ئەوان؟

لەوەتەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی ژێردەست لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بەرەوڕووی جۆرەکانی هەڵاواردن و سڕینەوەی شوناس و لە هەمووی گرینگتر پێناسەی بێگانەبوون لە ئاو و خاکی خۆی بووەتەوە، پرسی کورد و ئەوی تر - دوژمن - هاتووەتە ئاراوە و زۆر جار هەوڵ دراوە کە شەڕ لەگەڵ ئەم پێناسانە بکرێ.

ژینا ئەمینی کچە کوردێک بوو کە وەکوو هەزاران منداڵی کوردستان هەر لە سەرەتای لەدایکبوون و ناودێرکرانیەوە بەرەوڕووی ئەو هەڵاواردنە بووەوە کە وەکوو ئەوی تر ناسرا؛ هەربۆیە ناوی تۆمارکراوی ناسنامەی ژینا بوو بە مەهسا، ناوێک کە ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕین و بەرخودانی خەڵک لە کوردستان و ئێران هێشتا مشتومڕی لەسەرە و ئەوەی کە ئاشکرایە زەوتکردنی شوناس و بوونی ژینا لە ژێر ناوی داگیرکراوی مەهسایە!

کاتێک کە ژینا بەو شیوازە دڕندانەیە لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیمەوە گیانی لێ ئەستێندرا، پێداگربوون لەسەر ناسنامە ڕاستەقینەکەی لە یەکەم چرکەکانی بەخاکسپاردنیەوە لە سەر کێڵی گۆڕەکەی خۆی نواند، لەسەر کێلەکەی ناوی بە ژینا نووسرابوو، ژینایەک کە کورد بوو و تا کاتی شەهیدبوونیشی هەر بە ناوی ژینا بانگ کرابوو، ئەمەش پێچەوانە خواست و ویستی داگیرکەر بوو. بەڵام بابەتێکی گرینگ کە لەم بارەوە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بوو کە لەنێوان خەڵکی کوردستان و خەڵکی باقی بەشەکانی ئێراندا ڕووی دا، ئەویش پێناسەکردنی ئەو کچە بە دوو ناوی جیاواز بوو کە ئێستاکەش هەر بەردەوامە!

لە کوردستاندا، ژینا بە ژینا دەناسرێت چونکە بەم ناوە کوردییەیە کە ژینا دەتوانێ ببێتە سیمبول بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستانیش هەر لە ڕێگەی ئەم ناوەوە دەتوانن خاوەندارەتی لە کچێکی کورد بکەن، کە لە ڕاستیدا خاوەنداریەتیکردن لە ژینا وەکوو کچێکی کورد، خاوەنداریەتیکردن لە شوناسی ڕاستەقینەی نەتەوەیەکە، بەو مانایە کە ژینا دەتوانێ وەکوو نوێنەری نەتەوەیەک چاوی لێ بکرێ! ژینا لەم پێناسەیەدا دەتوانێ نوێنەری نەتەوەیەکی بەشخوراو، پەراوێزخراو، ماف پێشێلکراو و لە هەمانکاتدا، توێژێکی ستەملێکراو و چەوساوە بە ناوی ژن بێت.

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە بە زەفکردنەوەی ناوی مەهسا لە بەرانبەر ناوی ژینادا زیاتر هەستی پێ دەکرێت. لە ڕاستیدا

زەفکردنەوەی ناوی مەهسا، کەمڕەنگکردنەوە و لە زۆرحاڵەتیشدا سڕینەوەی پرسێک بە ناوی پرسی کورد بوو؛ هاوکێشەکە ئەمەیە: مەهسا لە بەرانبەر ژینا، کورد لە بەرانبەر ئەوی تر!

لانیکەم خوێندنەوە و سەرنجدانی بەرنامە و پلانی حیزبەکانی کوردستان دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە کە ئەوان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا داوای مافی خۆیان دەکەن، بۆ نموونە حیزبی دێموکرات بە داواکردنی فێدراڵیزم و هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی لە داهاتووی ئێرانی ئازاد و دێموکراتیکدا سەلماندوویەتی کە پرسی کوردستان و ئێران هەر دوو گرینگ و جێی بایەخن و لەم چوارچێوەیەدا وەکوو حیزبێکی کوردستانی هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافی خەڵکەکەی خۆشی دەدات، لەم چوارچێوەیەشدا بە پێی پێویست لەگەڵ لایەن و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کەوتووەتە وتووێژەوە، بەڵام ئەوەی کە لەم دواییانەدا ڕووی دا، نیشان دەدات کە ئەم ویست و داخوازییە لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە جێگای خۆی بگرێتەوە! هەر بۆیە بە پێچەوانەی ئەوەی کە لایەنە کوردستانییەکان هەوڵیان دا ڕاپەڕینەکە ڕێبەری بکەن و کوردستان وەکوو سەرچاوەکەی بناسن، لایەنەکانی دیکە وەکوو ئەوی تر لە پرسی کورد دەڕوانن و پاش زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ بەردەوامبوونی کوردستان لە ڕاپەڕین و هاتنە سەرشەقام، شارەکانی دیکە و بەتایبەت گەورەشارێکی وەکوو تاران هەنگاوێکی ئەرێنییان لە پێناو دروستکردنی یەکڕیزیدا هەڵنەگرتووە، لە زۆر حاڵەتیشدا تەنانەت نکۆڵی لە بەستێن و کانتێکستی ڕاپەڕینەکە واتە کوردستان کراوە، کە بێگومان ئەمە هەر دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە کە ئەوان کورد بە ئەوی تری خۆیان دەزانن و نایانەوێ ببنە سووتەمەنیی ڕاپەڕینێک لە دەسپێشخەرەکەی کورد بووە!

زۆر کەس لە چالاکانی کورد لە ماوەی ڕابردوودا داوایان کرد کە هەوڵ بدرێ ژینا لە دنیای دەرەوەدا بە ناوی خۆیەوە بناسرێت، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانیان جێگای نەگرت و ئێستا زیاتر لەوەی کە ژینا وەکوو کچێکی کورد بناسرێ کە بووەتە ئامانجی هێرشی نەتەوەیی و ڕەگەزی لەلایەن ڕێژیمەوە، مەهسا بووەتە کچێکی ئێرانی کە بەداخەوە کە لەڕاستیشدا ناتوانێ نوێنەرایەتیی نەتەوەکەی خۆی بکات، ئەمە لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا تا ڕادەیەکی بەرچاو دیارە، زۆر کەس لە کوردستاندا بە بێ سەرنجدان بەو ڕاستییە کە ئەم ناوە دەتوانێ هۆکارێکی گرینگ بۆ سڕینەوەی شوناسی ژینای کوردستان بێت کەوتنە داوی پڕوپاگەندەکانی لایەنەکانی دیکەوە و بە جەختکردنەوە لە سەر جۆگرافیایەکی هاوبەش بە ناوی ئێران ژینایان لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی تا ڕادەیەک داماڵی!

ئەوەی کە ئەبێ لەمبارەوە گرینگی و بایەخی پێ بدرێت ئەوەیە کە ژینای ئێمە و مەهسای ئەوان نوێنەرایەتیی دوو گوتاری لێک جیا دەکەن، کوردستانیبوون و ژنبوونی ژینا، لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە کوشتنی حکوومەتیی ژینایان لێ کەوتەوە، هەر ئەم هۆکارانەش بوون کە ژنانیان هێنایە سەر شەقام و ڕۆڵی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەیان پێ دان.

جەختکردنەوە و پێداگری لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرینگە، بۆیە پێویستە هەر تاکێکی کورد و بەتایبەتیش ژنان لە پێشەنگایەتیی ئەم ڕاپەڕینەیان لە ئەستۆیە بە وردبین ییەوە لەم بابەتە بڕوانن و کار بۆ جێگیرکردنی شوناسی ڕاستەقینەی ژینا و خۆیان وەکوو ژنی کورد لەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییەدا بکەن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ژنان لە کۆماری کوردستانەوە تا شۆڕشی ژینا

لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی لە شکڵی کۆماریدا و ئەویش لە جوغرافیای کوردستاندا تێدەپەڕێت، کۆمارێک کە ئەگەرچی سەرەڕای کورتیی تەمەنی دەسەڵاتەکەی، بەڵام ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ بە گرینگترین دەسکەوت و شانازییەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد دادەنرێت.

لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە بۆنەکانی پێوەندیدار بە کۆماردا باس لە بەستێنی مێژوویی و سیاسیی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتە مێژووییەکانی کراوە، دەسکەوتەکانی چ لە باری سیاسی، چ لە باری هزری و چ لە بوارەکانی دیکەی وەکوو کۆمەڵایەتی، پەروەردە و ...، بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا جێگا دەگرێ، کاریگەریی کۆماری کوردستان لەسەر دۆخی ژنانە و هەروەها ئەو ڕاستییەش کە چۆن ژنان لە کۆماری کوردستانەوە گەیشتنە ئەمڕۆ و ئێستا پێشەنگی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادین!

کۆماری کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەستی بۆ کۆمەڵێک خاڵ برد کە تا پێش لەوە هیچ گرینگییەکیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و نەخوێندەوارییش تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو، نەبوو، یەکێک لەم پرسانە پرسی ژنان بوو! لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا کە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان سفر بوو و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە خێزانییشدا پەراوێز دەخران و نەدەبیندران، ئەمجارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیدا توانییان هەست بە بوونی خۆیان بکەن کە یەکەمین هەنگاویشی وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بوو کە ئێستاش پاش ٧٧ ساڵ لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

خاڵێکی گرینگ و جێی تێڕامان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێ خودی پێشەوای نەمر، بۆ دەسپێکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە، خێزانی خۆی واتە مینا خانمی قازی دێنێتە گۆڕەپانی کاری پراگماتیکەوە و وەکوو ژنێک پێشەنگایەتیی ئەم ئەرکەی دەخاتە سەر شان، لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ژمارە دوو چاویان لێ دەکرا و تەنیا شیاوی کارگەلێکی وەک هاوسەرداریتی و دایکایەتی و وەچەخستنەوە بوون، ئەمە شۆڕشێکی گەورە بوو کە ژنان لە یەکەمین دەسەڵاتی کۆماریدا خۆیان ببیننەوە و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەوەی کە پێشەوا قازی ئەم هەنگاوەی لە بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ کرد، ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان بێت بۆ ئەوەی کە بەم بوونە، ژن بتوانێ جێگای خۆی بگرێتەوە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئێستاشدا کە گۆڕان لە زۆر شتدا دروست بووە و ئاوەزی مرۆڤەکانیش بەردەوام لە گەشەکردندایە، هێشتا هەن کەسانێک کە بیر لە شتی باش دەکەنەوە و گرینگیی پێ دەدەن بەڵام، بۆ خۆیان و چوارچێوەی ژیانی خۆیان بە قەدەغە و بڤەی دەزانن! ئەو هەنگاوەی پێشەوا قازی لەو سەردەمەدا هەنگاوێکی جیددی و بەبایەخ بوو، چونکە لە خۆیەوە و لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کرد و ئەوەش بوو بۆ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە خەڵکی دیکەش هەم گۆڕان لە بیرکردنەوەیاندا درووست بکەن و هەم بایەخ بە تواناکانی ژنان بدەن.

دەسپێشخەربوونی پێشەوا قازی لەم بوارەدا، خاڵێکی وەرچەرخان بوو، کە توانی ژن بگەڕێنێتەوە بۆ پێناسەی راستەقینەی خۆی. لەو کاتەوە تاکوو ئێستا و بەتایبەت سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سڕینەوەی ژنان و پێناسەکردنی ڕۆڵی لاوەکی وەک هاوسەربوون و دایکبوون و بەپیرۆز نیشاندانی ئەم ئەرکانە، بە پشتبەستن بەو بەکگراوندە مێژووییە کە لە کۆماری کوردستاندا و بەگشتی لە مێژووی کورددا هەبووە، ژنان هیچکات ملکەچی دەسەڵات و پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک نەبوون، نموونەکەی هەر ئەو حیجابە زۆرەملێیە بوو کە پاش ٤٤ ساڵ، نەیتوانی ژن بکاتە کۆیلە و ژنان بە هەر چەشنێک کە بۆیان کرابێ دژایەتییان کردووە، تا جێگایەک کە خودی ئەم حیجابە زۆرەملێیە کە ڕێژیم پێی وابوو کۆڵەکەکانی مانەوەی قایمتر دەکات، بووەتە هۆکارێک بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا کە لە ژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا خەریکە خودی ڕێژیم تووشی نوقم بوون دەکات.

بێگومان شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک نییە کە بڵێین یەکجاری و لەناکاو سەری هەڵدا، شۆڕشێکی کە درێژەدەری هەموو بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانی دیکەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویان دا بەلام گرینگتر لە هەمووی ئەم بابەتەیە کە سەرهەڵدانەکەی لە کوردستانەوە بوو، واتە بەستێنی مێژوویی لە کوردستان یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دەسپێکی ئەم شۆڕشە بوو هەرچەند نابێ لەبیرمان بچێت کە مێژووی چەندین ساڵەی دژایەتیی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و بیری داسەپاو لەلایەن دەسەڵاتەوە لە هۆکارەکانی دیکەی پەنگخواردنی هاواری ژنان بوون، دیارە ساڵانێکی زۆرە ژنان بە شێوازی جیاواز بەرەنگاری ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە دەبنەوە کە بێگومان بەشێکی هەرەزۆری ئەم ویست و خواست و توانایا هەر لە کۆماری کوردستانەوە و لە ئاکامی پەروەردەی ئەم دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ؛ کۆماری کوردستان بوو کە بە گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ژن و گرینگیدان بە بوونی ژن، فێری کرد کە ئەرک لە ئاستی نیشتمانەکەیدا و لە ئاستی خۆی وەکوو مرۆڤدا وەئەستۆ بگرێت و ببێتە خاڵێکی زێڕین بۆ لێفێربوون.

کە وایە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی درێژەی هەمان شۆڕشێکە کە ٧٧ ساڵ پێش و بە دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان چەخماخەکەی لێ درا و ئێستاش بەردەوام بوون و سەرکەوتنی ئەتوانێ لە ڕزگاری خاک و نیشتمان و گەڕانەوەی سەروەری بۆ خاکە داگیرکراوەکەمان کاریگەریی ئێجگاری زۆری هەبێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

# دوایین پەلەقاژەکان بۆ مانەوە

ورده ورده خەریکه لە ٥ مانگەی شۆڕشی ژینا لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، نزیک دەبینەوە، شۆڕشێکی جەماوەری کە وەک زۆرجاریش باسی لێ کراوە، فاکتەرە سەرەکییەی دەسپێکردنی زۆر جیاوازتری لە چاو بزووتنەوەکانی پێش خۆی بوو، هەر بۆیە زۆر خێرا توانی سنوورەکان تێک بشکێنێ و لە کوردستانەوە بگاتە شارەکانی ئێران و لەوێشەوە دەنگی زۆر کەسایەتیی جۆراوجۆری جیهانی و وڵاتانی جیهان بخاتە پاڵ دەنگی مافخوازانەی خۆیەوە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەتایبەت لە کوردستان، شۆڕشەکە بەردەوام و شێلگیرانە بوو، چونکە وەک لە مێژووی کوردستاندا دیارە، ئەوە کورد بووە کە هیچکات ئامادە نەبووە بچێتە ژێر ڕکێفی پاوانخوازی و لە هەموو بڕگە مێژووییەکانیشدا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی داوە و بێگومان لەو ڕێگایەشدا پێشەنگ بووە، هەر بۆیە ئەمجارەش و لە درێژەی ئەو بەڵێنە لەمێژینەی کە کورد بە خۆی داویەتی کە هیچکات ملکەچی ستەمکار نەبێت، ئەوە نەتەوەی کوردە کە بە هەموو هێز و تواناوە لە گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ داگیرکەردا بەردەوامە و خەریکە نرخی ئازادی بە خوێن دەدا!

ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا خۆی دەنوێنێ، هەڵوێستە سەیروسەمەرەکانی بەرپرسان و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا بوو، پاش شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد. بینیمان کە ڕێژیم کەوتە بەرگریکردن لە خۆی و بە چەواشەکردنی ڕاستییەکە و بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکانی کامێرای چاوەدێریی ناوەندی گەشتی ئیرشاد هەوڵی دا مەرگی ژینا لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە، بێئاگا لەوەی کە دەسکاریکردنی نەزانانە و چەواشەکارانەی ئەو گرتە ڤیدیۆیانە و وایراڵبوونی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین بەرانبەر تووڕەیی خەڵکی زیاتر کرد، چونکە بە پێچەوانەی ویستی ڕێژیم خەڵک سەرنجی ژینایان دا و بۆیان پرسیار بوو کە ئاخۆ جلەکان و ڕواڵەتی ژینا، چ دژایەتییەکی لەگەڵ یاسا داسەپێنراوەکانی ئەوان بوو کە ئاوا بێبەزەییانە کوشتیان! هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاودا تووشی شکست بوو، شکستێک کە وای کرد ناچار بێ بۆ قەرەبووکردنەوەی دەست ببات بۆ زەبری چەک و وڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵک لە شەقام و کۆڵانەکاندا بە ساچمە و فیشەکی جەنگی بداتەوە! بەڵام ئەمە هەموو پرسەکە نەبوو، پرسە سەرەکییەکە ئەوە بوو کە سەرەڕای کەڵکوەرگرتنی ڕێژیم لە چەک و هێزی سەرکوتکەری خۆی بۆ بێدەنگکردنی شەقام، خەڵک بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، کۆشکی پۆشاڵیی ڕێژیمیان خستە مەترسیی ڕووخانی

یەکجارییەوە.

لە یەکەم ساتەکانی دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە تاکوو ئێستا ڕێژیم هەوڵی داوە بە کەڵکوەرگرن لە هەندێ دەرفەت، شۆڕشەکە تووشی لاوازی بکات، بۆ نموونە لە ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرادا کە بە ناوی ڕۆژی ژن لە ئێراندا ناسراوە، بە ڕێکخستنی بەرنامە و فرتوفێڵی چەواشەکارانە ویستی پێناسە داسەپێنراوەکەی خۆی بۆ ژنان جارێکی دیکە بکاتە ڕۆژەڤ و بە پیرۆز نیشاندانی بژاردەکانی دایکبوون و هاوسەربوون، دژایەتیی بنەڕەتیی خۆی لەگەڵ شۆڕشەکە دەربڕی. لە ڕاستیدا ئەوەی کە جێگای خۆشحاڵی بوو، بەتایبەت لە کوردستان ئەوە بوو کە خەڵک زۆر وشیارانە پیلانەکەیان خوێندەوە و بە بایکۆتی پیشانگا و پیلانەکانی دیکەی ڕێژیم، ئیزنیان نەدا کە هیچ شتێک لە مەیدانی کردەوەدا بتوانێ بەرەنگاری شۆڕشی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ژیان و ئازادی ببێتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردووشدا دیسانەوە لە هەوڵێکی دیکەدا، کۆڕێک بەناوی کۆڕی ژنانی تێگەیشتووی ئینقلابی ئیسلامی، هەستاون بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکدا و بە قسەی خۆیان ویستوویانە "ئێغتشاشات"ی ئەم دواییانە مەحکووم بکەن و بەرگری لە نیزامی ئیسلامی و ڕێبەری نیزامەکەیان بکەن! لەم بەیاننامەیەدا پێناسەی ئازادییان لەگەڵ بەرەڵایی و خۆڕووتکردنەوە تێکەڵ کردووە تاکوو بە خەیاڵی خۆیان، بەردەنگەکانیان وا تێ بگەن کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک بۆ خۆڕووتکردنەوە و پەرەدان بە بەرەڵایی بووە و ئەوە زیاتر لە ٤ مانگە خەڵک بە هەڵە لەم بابەتە تێگەیشتوون و بەم شێوازەش کۆمەڵگای ئێرانیان تێک داوە!

لە ڕاستیدا بەشێک لە فەلسەفەی دەسپێکردنی شۆڕشی ژینا، شەڕ لەگەڵ ئەم پێناسەیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ئازادی دەیکا، ئازادی پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە و بێگومان هیچکام لەو کەسانەی لە ماوەی ٤ مانگی ڕابردوودا خوێنیان بۆ بلێسەدارترکردنی ئەم شۆڕشە دا، بە شێوازی کۆماری ئیسلامی، ئازادییان پێناسە نەکردووە؛ لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە وێنە و ڤیدیۆی خودی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمە کە پەیتاپەیتا بڵاو دەبێتەوە و تێیدا ئەوەی کە بەدی ناکرێ ئەو حیجابە ئیسلامییەیە کە بۆ خەڵکی بە ڕەوا دەزانن و خۆیان لێی هەڵدێن! هەموو ئەم هەوڵانەی ڕێژیمیش، نیشاندەری ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا، توانیویە کۆشکی دەسەڵاتیان بڕووخێنێ و ناچاری کردوون بەم شێوازە دوایین پەلەقاژەکانی خۆیان بۆ مانەوە بکەن.

شۆڕشی ژینا، دژکردەوەی هەموو ئەو ستەمانەیە کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا، لە ژنان و کچان و تەنانەت پیاوانی ئێران و کوردستان کراوە، دژکردەوە بە سیستەمێک کە فێری کردن ژن نیوەی پیاوە و نابێ هیچ نارەزایەتییەکیش دەرببڕی،



سەرچاوە
Serchawe

مافەکانی دەبێ پێشێل بکرێن تاکوو ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی بەهێزتر بێت، پیاوانی وا پەروەردە کرد کە ملکەچی یاسا دژەمرۆییەکانی ئەوان بن و شاگەشکە بە پیاوبوون و هێزی خۆیان بن، هەر بۆیە شۆڕشی ژینا بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانن و بە پەلەقاژەی جۆراوجۆر ئەیانەوێ، بە لاڕێیدا ببەن و بایەخ و لە گەورەیی ئەم شۆڕشە کەم بکەنەوە. بێگومان شۆڕشێک کە پاش ئەم هەموو ساڵە بۆ بەرگری لە کەرامەت و مافی کچێک دەستی پێ کردووە، بە هیچ دەسەڵاتێکی خوێنمژ سەرکوت ناکرێت و هەر بە ئاکامی دڵخوازی خۆی دەگات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

## زارا، ئەو ژنەی ڕێژیمی بەچۆک داهێنا

ڕۆژی هەینی، ٢١ی ڕێبەندان و ڕێک ڕۆژێک پێش لە بەڕێوەچوونی ڕێپێوانە گاڵتەجارییەکەی ڕێژیم بۆ ٢٢ی ڕێبەندان، زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی لە زیندانی سنە دەر کرا! ئەم دەرکرانە پاش ئەوە بوو کە خامنەیی جەلاد بە دەرکردنی بڕیارێک، لێخۆشبوونی بۆ زیندانییان ڕاگەیاند و ویستی وای پیشان بدات کە سەرەڕای ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵک و دژایەتییان لەگەڵ سیستەمی ویلایەتی فەقیهـ، ئەوە ئەوە لە ئاست خەڵکدا وا دڵی گەورەیە و لەبیری دەکات کە چۆن لە شەقامەکاندا دژی خۆی و دەسەڵاتە نگریسەکەی دروشمی نەمانیان دەدا!

زارا پاش دەرکرانی لە زیندانی سنە، بەپەلە و لەوپەڕی بوێریدا گرتە ڤیدیۆیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا ئاماژەی بەوە کرد کە خۆی و پارێزەرەکەی بە هیچ شێوازێک داوای لێخۆشبوونیان نەکردووە و لە ماوەی ٥ خولەکدا بەبێ ئاگاداریی بنەماڵە و هاوڕێیانی و بەبێ ئەوەی ئیزن بدرێت تەنانەت کەلوپەلەکەی کۆ بکاتەوە، لە زیندان دەر کراوە.

زارا محەممەدی ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی ٩٨دا، لە لقی ١ی دادگای شۆڕشی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر "سەعیدی" حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، دواتر حوکمەکەی زارا لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی سنە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر "مستەفا تەیاری"، بۆ پێنج ساڵ زیندانی تەعزیری گۆڕدرا. زارا ڕۆژی دووشەممە ١٨ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ لەنێو ئاپۆڕای بنەماڵە و هاوڕێیانیدا چووە بەردەم دادگوستەریی سنە و لەوێوە بەڕێی گرتووخانە کرا.

بە سەرنجدانێکی زۆر سادەی دۆسییەکەی زارا، دەردەکەوێ حوکمی داسەپاو بەسەریدا چەندە ناڕەوا بوو، بەڵام گرینگ خۆڕاگری و بەرخودانێک بوو کە لە زارا دیتمان، بەرخودانێک کە لە کاتێکی زۆر کەمدا وای کرد زارا لای خەڵکی کوردستان بە زارای نیشتمان ناوبانگ دەر بکات و لە ساڵی ٢٠٢٢دا، بچێتە ڕیزی ١٠٠ ژنی کاریگەری جیهانەوە!

ڕێژیم پێی وابوو بە دەسبەسەرکردنی چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی و سەپاندنی حوکمی قورس بە سەریاندا لە چالاکی و تێکۆشان پاشگەزیان دەکاتەوە و دەتوانێ زیندان بکاتە شوێنێک ترس بخاتە دڵیانەوە تا بە پارێزەوە درێژە بە تێکۆشان بدەن نەکا ڕۆژێک ڕێیان بکەوێتە زیندانە ترسناکەکانی ڕێژیمەوە، یان دەنا نەتوانن چیدیکە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. بەڵام بە پێچەوانە کەسێکی وەکوو زارا لەنێوان توێژی ژنانی سەرکوتکراوی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەرکەوت، زارایەک

کە لە قۆناغی خوێندکاربوونیشیدا و لە زانکۆدا کە بەردەوام چاوی حەراسەت و کۆمیتە ئینزباتی بەسەر خوێندکارانەوەیە، بەرەوڕووی بیری دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبۆوە و وەک کچێکی ئازا و بوێر هیچکات ملکەچی بڕیارەکانیان نەبوو، ئەمجارەیان بە هاتنە نێو ڕووبەرێکی گەورەتری کۆمەڵگەی کۆلۆنیکراوی کوردستان و بە وانەوتنەوە بە منداڵانێک کە بە حەز و خولیاوە لە سەر پۆلەکانی وانەوتنەوەکەی دادەنیشتن و لەگەل زارای مامۆستایان سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"یان دەوتەوە، هەوڵی دا زیاتر لە پێشوو چالاکییەکانی بەربڵاو بکاتەوە.

ئەوانەی کە لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا لە ڕۆژهەڵات چالاکییان کردووە دەزانن کە ڕێژیم چەندە لە پەرەسەندنی ئەم چالاکییانە دەترسێت، چونکە زمان یەکێک لە پێوەرە گرینگەکانی مانەوەی نەتەوەیە و کاتێک حەشیمەتێکی زۆر ڕوو لە پۆلەکانی خوێندن بە زمانی دایکی دەکەن، بێگومان بیری نەتەوەدۆستی و هەوڵدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لە مێشکیاندا چەکەرە دەکات و هەنگاو بۆ ڕزگاریی نیشتمانەکەیان هەڵ دەگرن، بۆیە ڕێژیم زۆر بە ترسەوە چاوی لە پۆلەکانی وانەوتنەوەی کوردی دەکرد و ویستی بە دەسبەسەرکردنی زارا و سەپاندنی حوکمی نارەوای زیندان بە سەریدا کە وانە وتنەوە بە منداڵانی کوردستان پاشگەزی بکاتەوە.

لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوی زارا بۆ خۆڕادەستکردنی بە ناوەندە ئەمنییەتییەکان و سەربەرزانە ڕۆیشتن بۆ زیندانی ڕێژیم لەسەر ڕاستییەک کە وەکوو مافی بێ ئەملاوئەولای خۆی و نەتەوەکەی سەیری دەکرد و دواتریش بڵاوکردنەوەی خێرای ڤیدیۆیەک بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردستان لە دەرکرانی لە زیندان، هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی تێک شکاند!

ڕێژیم پێی وابوو بە دەرکردنی خێرای زارا لە زیندان، دەتوانێ ناو و خەبات و بەرخودانی زارا لە نێو جەماوەری کوردستاندا خەوشدار بکات و بڵێ ئەوە قارەمانەکەتان! داوای لێخۆشبوونی لە ڕێبەری نیزامەکەمان کردووە و ئێستاش ئازاد کراوە! پێیان وابوو زارا پاش ساڵێک هاتنەدەرەوە لە زیندان دەستخۆشییان لێ دەکات و بۆ لەمەوبەدوا ملکەچی بڕیارەکانیان دەبێ، نەیانزانی کە زارا وەک خۆی لە یەکەم ڕۆژی ڕادەستکردنەوەی بە زیندان گوتی "بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ، قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە" بە هەموو هێزیەوە هیممەتی کردووە کە بەرەنگاری ستەمەکانیان ببێتەوە، بۆیە زارا لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ زیندانیبوونیدا، بێگومان زیندانی کردە قوتابخانە بۆ ئەوەی بتوانێ بەهێزتر لە جاران، هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خۆی و نەتەوەکەی هەڵ بگرێت.

زارا، کچی نیشتمانێکە کە ڕێز لە ژنبوونی کەسانێک وەک زارا دەگرێت؛ زیاتر لە ٥ مانگە کوردستان خرۆشاوە تا داوای مافی خۆی و کچەکانی وەک زارا محەممەدی و ژینا ئەمینی و زەینەب جەلالیان بکات، وەک زارا لە کاتی دەرکرانی لە زیندانا گوتی ، تا چرای ئێمە نەسووتێ ئێوە هەرگیز ڕووناکایی نابینن بە چاوی خۆتان، زاراکان ئەو چرایانەن کە نابێ

بهێڵین هیچ پیلانێکی دوژمن، ڕووناکاییان کەم بکاتەوە، بوون و بەردەوامبوونی زاراکان، هێز و ورە بە هەموومان دەبەخشێ و چۆک بە دەژمن دا دەدا، هەروا کە زارای نیشتمان توانی ڕێژیمی ئاخوندەکان و زیندانەکەیان بەچۆک دابێنێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

---

## ڕێز لە کێ دەگیردرێ!

٤ مانگ پاش کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم لە تاران، موعاونەتی کاروباری ژنان و بنەماڵەی دەوڵەتی سێزدەیەم، کۆنگرەیەکی لەژێر ناوی «کۆنگرەی نێونەتەوەیی ژنانی کارتێکەر» بەڕێوە برد.

لە ڕاستیدا پاش کوژرانی ژینا ئەمینی ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە، ئەگەرچی ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتییە، سەرەتا دژ بە کردەوەیەکی قیزەون و شەرمهێنەری گەشتی ئێرشاد دەستی پێ کرد بەڵام ئامانجەکەی زیاتر ناڕەزایەتیدەربڕین بە ڕوانین و کردەوەکانی ڕێژیم بەنیسبەت پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا بوو، بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی ئەم ناڕەزایەتییانە لە میدیا جیهانییەکاندا شەپۆلێکی بەربڵاو لە کاردانەوەکان بەتایبەت لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکانی جیهانی بە دوای خۆیدا هێنا.

هەر ئەم کاردانەوە خێرایەی خودی خەڵک و بەتایبەتیش تویژی ژنان و کەسایەتییە دیارەکانی جیهانیش وای کرد کە کۆماری ئیسلامی دەستەوداوێنێ فێڵێکی نوێ بێت؛ بۆیە لە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی و ٤ مانگ پاش کوژرانی ژینا و بەردەوامبوونی ناڕەزایەتییەکان، بۆ وڵامدانەوە بە گوشارە هەمەلایەنەکان گاڵتەجارێکی بەڕێوە برد.

ئەم کۆنگرەیە بە بەشداریی ٣٠٠ میوان لە ٩٠ وڵاتی جیهانەوە بەڕێوە چوو، لە سێ بواری کارئافەرینی، داهێنان و چالاکیی کۆمەڵایەتیدا و بە وتەی خۆیان بە پێوانەی پێوەرە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکان، هەڵسەنگاندن بۆ کەسەکان کرا و لە کۆتاییدا ٧ کەس لەم ژنانە کە بە ژنی کارتێکەر ناسێندران، خەڵات کران.

بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرەیە لەم دۆخەدا کە کۆمەڵگەی ئێران لە گێژاوی ناڕەزایەتییەکاندایە و دۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە چەشنێکە کە بە بچووکترین ڕووداو ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمیش دێتە ئاراوە، بەڕێوەبردنی ئەم کۆنگرەیە ئاڵترناتیڤێکی مەحاڵ بۆ پێشگرتن لە ڕووخان و لەناوچوونە، ڕەنگە ڕێژیم پێی وا بووبێت کە بە بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمە ئەتوانێ ئەختێک لە گوشارەکان کەم بکاتەوە بەڵام لە ڕاستیدا خودی بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمە، وای کرد کە هێرشەکان بۆ سەر ڕێژیمی ئیسلامی زیاتر ببێتەوە.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەنێو خودی دەسەڵاتیشدا کۆمەڵێک ڕەخنە لەم کۆنگرەیە گیرا و ناکۆکیی نێوان باڵەکانی سەر بە ڕێژیمی بە دواوە بوو. لەم پێوەندییەدا، کەسایەتییە ڕیفۆرمخوازەکان و لەوانە عەباس عەبدی لە ڕۆژنامەی «اعتماد»دا ڕەخنەی لەم کۆنگرەیە گرت و بە ئاماژەدان بە نارەزایەتییەکان و کاردانەوە جیهانییەکان ئەم کۆنگرەیەی بە کاردانەوەی ئاشکرای بەنیسبەت ئەم ڕووداوانە ناو برد و وتی ژنانی کارتێکەری خۆمان لە زینداندان و ژنانی کارتێکەری ئامریکا و ئافریقا دێن بۆ ئێران! تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک هەمیشە بوونە گۆڕەپانێک بۆ کاردانەوە بەنیسبەت ئەم پرسە و بە شێوازی جیاواز ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دژەژنی ئەم ڕێژیمە گیرا، لەم چوارچێوەیەدا بوو کە ڕۆژنامەی «کەیهان» سەر بە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم بۆ وڵامدانەوە بە ڕەخنەکان، ڕەخنەگرانی کۆنگرەکەی کردە ئامانج و نووسیی ئەوان تەنیا «ڕیفۆرمخوازەکان»ن و تەنیا ژنانی «چاوشین» و «قژکاڵی ئورووپایی»یان پێ گرینگە!

بەڵام با بچینەوە سەر خودی ڕێوڕەسمەکە؛ تێچووی ڕێوڕەسمەکە ڕەخنەیەکی زۆری بە دوای هێنا، بە پێی زانیارییەکان جگە لە پارەیەک کە بۆ خودی ڕێوڕەسمەکە و تێچووی مانەوەی ٥ ڕۆژی میوانەکان لە هۆتێل خەرج کراوە، تەنیا ٢٠ هەزار یۆرۆ وەکوو خەڵات بە براوەکان دراوە؛ لەم پێوەندییەدا ماڵپەڕی «رویداد ٢٤» ڕایگەیاند کە بوودجەی تەرخانکراو بۆ موعاوەنەتی ژنان ٣٨ میلیارد و نیوە لە حاڵێکدا کە تەنیا ٢١ میلیارد پارە بۆ ئەم کۆنگرەیە خەرج کراوە! لەلایەکی دیکەشەوە شێوازی جلوبەرگی هەندێ لە میوانەکان بوو بە جێگای باسوخواس و هەر لەم پێوەندییەدا باس لەوە کرا کە شێوازی پۆششی ژینا ئەمینی زۆر زیاتر لەوەی میوانەکانی ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ پێوەرە داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی یەکی دەگرتەوە ئەی چۆن بوو کە ژینا لە پێتەختی ئێراندا و لەلایەن پۆلیسی گەشتی ئێرشادەوە درایە بەر لێدان و گیانی لێ ئەستێندرا، کەچی لەملاوە کۆماری ئیسلامی بەفەرمی و بە تێچوویەکی زۆرەوە کەسانێک بانگهێشتی کۆنگرە گاڵتەجارییەکەی دەکات کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ پێوەرەکانی خۆی تەبا نین؟!

**بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ڕێز لە کێ دەگیردرێ؟!**

کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە بەرەو لێواری ڕووخان ڕۆیشتووە، ئاوڕدانەوەیەکی خێرای ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان نیشان دەدات کە ڕێژیم نەتەنیا ڕەوایی خۆی لەدەست داوە کە هیچ حیسابێکیش بۆ خۆی و ناوەند و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیشی ناکرێ بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە! نموونەی دیاری ئەم حیساب بۆ نەکردنە یەکەم زارای نیشتمان بوو کە ڕۆژێک پێش ٢٢ی ڕێبەندان و ڕێپێوانی گاڵتەجاڕی ئەم ڕۆژە، لە زیندانی سنە دەرکرا تاکوو بە خەیاڵی خۆیان کەسایەتیی زارا ببەنە ژێر پرسیارەوە و بڵێن ئەوەتا زاراکەتان داوای لێخۆشبوونی لە ڕێبەرەکەمان کردبوو و ڕۆژێک پێش لە ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان ئازادمان کرد! کەچی زارا بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک هەموو

پیلانەکەی کردە بڵقی سەر ئاو و جارێکی دیکە زەبوونیی ڕێژیم و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی وەبیر ڕێژیم و ڕێبەرەکەشیان هێنایەوە! لەلایەکی دیکەوە و لەم ڕۆژانەی دواییدا، سپیدە قولیان پاش ماوەیەک زیندانیبوون ئازاد کرا و لە کاتی هاتنەدەرەوە لە زیندان بە دەنگی بەرز و هەر لە بەردەم زیندانی ڕێژیمدا وتی: «خامنەای ضحاک، می‌کشیمت زیر خاک»، کە ئەمە تووڕەبوونی بەرپرسانی ڕێژیمی لێ کەوتەوە و دوای تێپەڕبوونی چەند کاتژمێر بۆ جارێکی دیکە سپیدە لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کرایەوە.

ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەمەیە کە هەم زارا و هەم سپیدە لەو ژنانە بوون کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا بی‌بی‌سی ئەوانی لە ڕیزی ١٠٠ ژنی کارتێکەری جیهاندا بە دنیا ناساند، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ڕوانگەی ڕێژیمی دژەژنی ئیسلامیی ئێرانەوە ئەم ژنانە جێگایان بەندیخانە و دوورخرانەوە لە کۆمەڵگەیە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە ژنانی کارتێکەری ئەم جوگرافیا دەسکردەش دەترسێ! دەترسێ لەوەی کە زارا دەنگی ژنانی کوردستان بێ و بۆ داواکردنی مافی سروشتی و مرۆیی خوێندن بە زمانی دایکی و وتنەوەی وانەی نیشتمان خۆشەویستی بە منداڵانی کوردستان، پێشەنگی ژنانی کوردستان بێت، دەترسێت کە سپیدە قولیان پێشەنگی ژنانی مافخوراوی ئەهواز و ئێران بێت و نەهێڵێ مافی کەسیان پێشێل بکرێت.

بەڕێوەبردنی کۆنگرە گاڵتەجارییەکەی ڕێژیم لە بەفرانباری ئەمساڵدا، جیا لەوەی کە کاردانەوە بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگە بوو، کاردانەوە بە تێکۆشانی ئەو ژنانە بوو کە بە باوەڕبەخۆبوون و متمانە بە ڕێگا و ڕێبازێک کە بۆ بەرخودان دژی ئەم ڕێژیمە هەڵیانبژاردووە، پێگەی ڕێژیمیان لەرزۆک کردووە. مەرگی ژینا و هەموو ڕووداوەکانی ئەم ٦ مانگە نیشانیان دا کە ژنان چەندە دەتوانن کارتێکەر بن، ژنان چۆن دەتوانن پێشەنگ بن و چۆن دەتوانن هۆکاری لەنێوچوونی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر بن کە زیاتر لە ٤ دەیەیە ستەمیان لێ دەکات و پێی وابوو ئەم ئاگرە بۆ هەتاهەتایە لە ژێر خۆڵەمێشدا دەمێنێتەوە.

هەوڵەکانی ڕێژیم لە چوارچێوەی ئەم جۆرە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمانەدا نموونەی ئاشکرای دەستەوەستانی و دۆشداماویی ڕێژیمە بەڵام بێگومان هیچ ڕێوڕەسمێکی لەم چەشنە ناتوانێ پێش بە بینینی ڕاستییەکان بگرێ و سەرەڕای هەموو پیلان و ڕێوڕەسمە بێ ناوەڕۆکەکانیش ئێستا هەموو جیهان دەزانن کە ڕێژیمی ئاخوندی ڕێژیمێکی دژی مرۆڤایەتییە و ڕووخانی ئەتوانێ گەورەترین ڕووداوی کارتێکەری سەدە بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەشەمەی ٢٠٢٢

## ٨ی مارسی ئەمساڵ جیاوازە!

لەکاتێکدا خەریکین لە ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان نزیک دەبینەوە کە بەپێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو، کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە دۆخێکی زۆر جیاوازدا تێدەپەڕن.

باش دەزانین کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی هیچکات باوەڕی بە ڕۆژە جیهانییەکان نەبووە، هەوڵی داوە بە داتاشینی بۆنەی جیاواز هەم ڕووبەڕووی بەقەولی خۆی هێرشی بێگانە بۆسەر دەسەڵاتەکەی ببێتەوە هەم پیرۆزییەک بخوڵقێنێ کە لە ڕێگای ئەو پیرۆزییە داتاشراوەوە بتوانێ درێژە بە هێژموونێی خۆی بدات. لەم نێوانەشدا ڕەتکردنەوەی ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژێکی جیهانی بۆ ژنان لە بەرنامەی کاریی ئەم ڕێژیمەدا بووە و هەموو ساڵێک بە سەرکوت و هەڕەشە هەوڵی داوە پێش بە چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەم بوارەدا بگرێت. بەڵام گرینگتر لەوە داتاشینی ڕۆژی ژن لە ئێران بووە! ڕێژیم کە لە هەموو قۆناغە هەستیارەکاندا پەنا دەباتە بەر ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی، ئەمجارەش وای کرد و بە ناودێرکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا لە ڕۆژژمێری خۆیدا وەکوو ڕۆژی ژن و ئەڵبەت زیاتر وەکوو ڕۆژی دایک هەوڵی دا بایەخ و گرینگیی ڕۆژی ٨ی مارس کەم بکاتەوە.

ئەڵبەتە نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕێژیم جیا لەو مەبەستەی کە لە سەرەوە باسی کرا، ویستێکی گرینگی دیکەشی هەبوو، ئەویش بنەڕەتیکردنەوەی ئەو بیرکردنەوە و ڕوانگەیە کە ژن لە قامووسی ئەواندا و لە ڕاستای ئیدئۆلۆژیی ئەواندا، ڕۆڵی گرینگی دایکایەتیی لەئەستۆیە و ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهراش بەو مەبەستەیە کە وەبیر خەڵک بێننەوە کە ژن کاتێک بەنرخ و بەبایەخە کە ڕۆڵی دایک بگێڕێت! ئەویش دایکێک کە وەکوو لە ئایینەکەیاندا هاتووە لە تەمەنی ٩ ساڵاندا بۆ پارێزرابوونی لە گوناح و تاوان شوو بکات و دواتریش وەکوو هاوسەرێکی گوێڕایەڵ، ئەرکی دایکایەتی لەئەستۆ بگرێت تاکوو هاوسەنگی ئیدئۆلۆژییەکە ڕابگیرێت.

بەداخەوە لەبەردەستدابوونی ئیمکاناتی دەسەڵات و دەرفەت بۆ ڕێژیم وای کردووە کە ئەم جۆرە بۆنانە لە مێشکی تاکەکاندا جێگا بگرن و زۆر جار بینیومانە سەرەڕای ئەوەی خودی تاکەکان لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو هاوسەرگیریی پێشوەختە و دووگیانبوونی پێشوەختە و تەنانەت جیابوونەوە لە ئاکامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەقەولی خۆیان پیرۆزەیدا کە ڕێژیم بەرنامەی بۆ داڕشتووە دیسانەوە ڕێزیان لەم ڕۆژە گرتووە چونکە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لەلایەن

دەسەڵاتی تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێرانەوە بواری بیرکردنەوە و تێگەیشتنی قووڵ لە دۆخەکەی لێ ئەستاندوون. هەر بۆیە زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم دەسەڵاتە تۆتالیترە تاکوو سەرجێگای نوستنەکەیان چووە و لە شەخسیترین پرسی ژیانیاندا دەستێوەردان دەکات و وەکوو ڕۆبۆت هەموویان بەدوای بۆچۆن و ئیدئۆلۆژیی خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەم پرسە لە کوردستاندا زۆر جیاوازترە! لەبەر ئەوەی تێگەیشتوویی خەڵکی کوردستان بەنیسبەت پیلان و سیاسەتە دزێوەکانی ڕێژیم لەسەرەوەیە کە بێگومان بزووتنەوەی سیاسیی حاکم بەسەر کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامی لەگەڵ داگیرکەر ڕۆڵێکی تایبەتی لەم تێگەیشتنەدا هەبووە. لە ڕاستیدا خەڵکی کوردستان بۆ هەموو کردەوەیەکی ڕێژیم خوێندنەوەی سیاسییان هەیە و باش دەزانن کە ئامانجی ڕێژیم لە هەر کردەوەیەک چییە!

بەم ڕوانینەوە با بێینەوە سەر دۆخی هەنووکەیی لە کوردستان. ماوەی ٥ مانگە شۆڕشی ژینا بەردەوامە، ئێستا کە خەریکین بەرەوپیری ٨ی مارسەوە دەڕۆین دەبێ ئاوڕێک لە تێکۆشانەکانی ساڵانی ڕابردووی ژنان لە بواری مافەکانیان بدەینەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر لە کوردستان ڕێزیان لە ٨ی مارس گرتووە، ئەگەر ڕێگایان پێ نەدرابێ کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرمی بەڕێوە ببەن، لە سەیرانگە و پارکەکانی شارەکاندا یان بە هاتنەسەرشەقام و وتنەوەی دروشمێکیش بووبێت ٨ی مارسیان بەرز ڕاگرتووە، هەرچەند هەر لەم پێناوەشدا کەوتوونەتە بەر هێرش و سەرکوت کراون بەڵام هیچکات لە تێکۆشان نەوەستاون.

لەلایەکی تریشەوە هەبوونی ڕێکخراو و ئەنجومەنەکان و بەگشتی کۆمەڵگای مەدەنی دەرفەتێکی باشی بۆ چالاکانی بواری ژنان ڕەخساند تاکوو بتوانن بە ئاگایی بەخشین و پەرەدان بە چالاکییەکانیان، زیاتر خەڵک لەگەڵ ڕەوتی بەرەپێشچوونی جیهان ڕێک بخەن و هەنگاوی کردەیی باش هەڵ بگرن.

دەکرێ شۆڕشی ژینا ئاوا پێوەند بدرێت بە ٨ی مارسەوە کە شۆڕشەکە، سەرهەڵدانەوەی دووبارەی ژنانێک بوو کە لە ٨ی مارسەکاندا و لە باقی ڕۆژەکانی ساڵدا و بە بیانوگەلی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کران و دەنگی مافخوازییان کپ کرا! زۆرجار باس لەوە دەکرا کە دەبێ ٨ی مارس ببێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ خەبات دژ بە چەوسانەوە و هەڵاواردن، ڕەنگە خەباتەکەش بەردەوام بووبێت بەڵام شۆڕشی ژینا سەلماندنی کە ژنان چەندە لەسەر مافەکانیان پێداگرن، ئەوان بوون کە بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز و لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینادا، چەخماخەی شۆڕشێکی ژنانەیان لێ دا کە بڵێسەی ئاگرەکەی هەموو کوردستان و ئێرانی داگرت. ڕەنگە ئەگەر ئەو کردەوە سەمبولیکە و گوتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەو ڕۆژەدا نەبایە، ئەم شۆڕشە هەر دەستی پێ نەکردایە! ژنان بوون کە بە

پێشەنگایەتی و بەگژداچوونەوەی بیری دواکەتووی داکیرگەر لەو ڕۆژەدا، ناوی ژنانیان کردە ڕەمز بۆ شۆڕشێک کە دەسەلاتی ئاخوندەکانی بەرەو لێواری ڕووخان بردووە.

ئێستاش لە دڵی ئەم شۆڕشەدا، ٨ی مارس دەتوانێ ئەو دەرفەتە زێڕینە بێ کە باشتر دەنگی ژنانی چەوساوەی ئێران و کوردستان بە گوێی جیهانیان بگەینێ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ٨ی مارسی ئەمساڵ زۆر جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو دەبێ، ئەگەر پێشتر تەنیا ژنان ڕێزیان لەم ڕۆژە دەگرت و کەمتر پیاوان خۆیان لەگەڵی ڕێک دەخست، ئەوە ئەمساڵ ٨ی مارس دەتوانێ ڕۆژێک بۆ یەکگرتوویی و هەنگاوی یەکسانی ژنان و پیاوان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئینسانییان بێ، بە پێچەوانەی هەموو ئەو پڕوپاگەندەی کە ڕێژیم کردی و ویستی ئەو دوو ڕەگەزە لەیەک دابڕێ، ئێستا هاوئاهەنگی و یەکهەڵوێستیی ئەوانە کە ڕێژیمی تووشی گەورەترین ترسی مێژووی خۆی واتە ڕووخان کردووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

# شۆڕشی ژینا و هاوتەریب بوونی لەگەڵ ٨ی مارس



**دیبەیت: ئاسۆ مینبەری**

**ئاماژە:**

**زیاتر لە ٥ مانگ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێدەپەڕێت، شۆڕشێک کە بە کوژرانی کچێکی کورد لەلایەن گەشتی ئیرشادەوە لە تاران دەستی پێ کرد. لە بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا ئەمینیدا، ژنان لە کردەوەیەکی بوێرانەدا بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لاپەڕییەکی نوێ لە خەبات دژ بە داگیرکەرانی دژەژنی ڕێژیمی ئیسلامییان هەڵدایەوە.**

**لە ماوەی زیاتر لە ٥ مانگی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی کوردستان بووە گۆڕەپانی بەهێزی شەڕ لەگەڵ بیری دواکەوتوو و چەقبەستووی دەسەڵاتداران و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هەم ڕێژەی ڕادیکاڵبوونی شۆڕشەکە لە کوردستان زۆرتر بوو هەم تێچوو و نرخێک کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە درا زیاتر بوو.**

خەباتی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بێگومان لە شۆڕشی ژیناشدا بەشێکی سەرەکی لە ساختار و پێکهاتەی شۆڕشەکە بوون.

بەو پێیە کە خەباتی ژنان لە کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان تەنیا خەباتێکی ڕەگەزی نەبووە و بەردەوام تێکەڵاو بە پرسی سیاسییەوە بوو، بێگومان ڕێکخراوەکانی تایبەت ژنان کە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا توانیویانە ڕۆڵی گرینگ لەم شۆڕشەدا بگێڕن. ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو ناوەندێکی پێکهاتوو لەم ڕێکخراوانە لە بەرەبەری ٨ی مارسدا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی ژنان لە چەند مانگی ڕابردوودا، پشتیوانیی خۆیان لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بەدژی ڕێژیمی ئیسلامی لەم ڕۆژەدا ڕاگەیاندووە.

**لەم دیبەیتەدا**

**کەوسەر فەتاحی و شیلان محەممەدی ،**

**لە ئەندامانی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وڵامی چەند پرسیارێک دەدەنەوە.**

**کوردستان میدیا**: هاوڕێیانی بەڕێز سپاس بۆ بەشداریتان، ئاوا بچینە سەر باسەکە کە لێکدانەوەتان بۆ شۆڕشی ژینا چییە و ئەم شۆڕشە چۆن دەبینن؟

**شیلان محەممەدی**: شۆڕشی ژینا، شۆڕشی ژن ژیان ئازادییە. ئەو دروشمە پێناسەیەکی تەواو تۆکمە و پڕ بە پێستی ئەو شۆڕشە مەزنەی ئێستایە کە لە کوردستان و ئێران ماوەی زیاتر لە شەش مانگە بەردەوامی هەیە. ئەم شۆڕشە دەرئەنجامی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی و دەرئەنجامی ئازایەتی و بەچۆکدانەهاتنی ژنانی ستەمدیتوو و زوڵملێکراوە. ئەم شۆڕشە هەڵقوڵاو لە ناخی سیستەمێکی دژی بەها مرۆییەکان و دژی مافەکانی ژنە کە ساڵانێکە چاوەڕوانی تەقینەوەی قینی چەندین ساڵە بوو و ئەو تەقینەوەیە پاش کوشتنی ژینا ئەمینی ڕووی دا و بوو بە هەوێنی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمیدا نموونەی نەبووە.

**کەوسەر فەتاحی**: شۆڕشی ژینا تەنیا شۆڕشێکی سیاسی نییە بەڵکوو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، کولتورییە کە تەنیا مەبەستی گۆڕینی هێزی سیاسی نەبوو بەڵکوو ئەو شۆڕشە بۆ گۆڕینی سونەتە کۆنەکان هاوکات مانیفێستی خۆی دارشت هەر ئەو جۆرەی دروشمە سەرەکییەکەی بە وردی نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە. ئەو شۆڕشە لە لێکنزیک بوونەوەی بزوتنەوەکانی نێو کۆمەڵگا

بەرهەم هات. شۆڕشێکی فرەڕەنگ و فرەڕەهەند، سێکۆلار و دیمۆکراتیک کە مزگێنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەدوور لە هەڵاواردن دەدا. ئەم شۆڕشە و کاریگەرییەکانی تەنیا لە نێو سنووری ئێران قەتیس نامێنێتەوە بەڵکوو هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەگرێتەوە. ئەم شۆڕشە کۆمەڵێک نۆرم و پێناسەی لەگەڵ خۆی گۆڕی، پێگەی ژنانی لە قوربانییەوە بۆ بکەران و لیدرانی مەیدانی گواستەوە. گوتاری فێمینیستی و بەرابەریخوازانە دژ بە گوتاری پیاوسالاری و دواکەوتووانە هێزی گرت و ئەو نۆرمانەی یا بە تەواوی گۆڕی یا بە زۆری پاشەکشەی پێ کرد.

**کوردستان میدیا**: بەو پێیە کە گرێدراویی خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان لە کوردستان و چییەتیی دەسەڵاتی دژەژنی حاکم وای کردووە کە ژنان لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا بەدواداچون بۆ مافەکانیان بکەن، ئەکرێ شۆڕشی ژینا وەکوو هێمایەک لەو بەرەنگاربوونەوەیە پێناسەی بۆ بکرێت؟

**شیلان محەممەدی**: شۆڕشی ژینا بووە بە هێما و ڕەمزی ئازایەتی و بوێریی ژنان. لەم شۆڕشەدا ژنان جیاوازتر هاتنە مەیدان و بۆ داکۆکی لە مافەکانیان و بەرەنگاربوونەوەی یاسا دژە ژنەکانی ڕێژیمی ئاخوندی تا دوایین سات خەبات ئەکەن و بوێرانەتر لەبەرانبەر گوللە و ساچمە و گرتن و زیندانیکردن و دەستدرێژییەکانی جەللادانی ئاخوندی و... خۆڕاگری دەکەن. لەم شۆڕشەدا بە سەدان ژن گیران و خرانە زیندانەوە و لەناو زیندانەکاندا دەستدرێژیان کرایەسەر، بە سەدان ژن شەهید کران، بەدەیان ژن بەهۆی بەرکەوتنی ساچمەوە ئەندامێکی جەستەیان لەدەست داوە و لەکاتی نارەزایەتییەکاندا سووکایەتیان پێ کرا. ئازایەتیی ژنان ئاخوندەکانی سەرلێشێواو کردووە و ترس و دڵەڕاوکێی لە ناخیاندا پەرە پێداوە کە بە بەردەوامی و بۆ سەرکوتی زیاتری ئازادیخوازان، پەنا دەباتە بەر هەر جۆرە جینایەتێک و لەدوا نمونەشدا ژەهراویکردنی کچانی خوێندکاری مەدرەسەکانی خستۆتە بەرنامەی کاری خۆیەوە.

**کەوسەر فەتاحی**: ئەو شتە سەرەکییەی کە ئەم شۆڕشە دەستی بۆ بردووە، بنچینەی کۆماری ئیسلامییە کە سیاسەتی خۆی لەسەر دارشتووە، ئەویش کۆنترۆڵی ژن و جەستەی ژنانە بۆ کۆنترۆڵ و دەسبەسەرداگرتن بە سەر ژناندا. ژینا خۆی کۆکراوەی کۆمەڵێک هەڵاواردنی جیاجیا بوو، ژن بوو، کورد بوو، بەشێک نەبوو لە ئایینی ڕەسمیی ئەو وڵاتە و لە حاشیە بوو، بۆیە بناوانی بزووتنەوەکە هەر لە مەراسمی بەخاکسپاردنی ژینا و بە فڕێدانی لەچکە بە نیشانەی نارەزایەتی بە بناوانی ئەو سیستمە دەستی پێکرد، ئەوان دەستیان برد بۆ ئەو بەشە نەک وەک ئەوەی کە پرسی حیجاب گرینگترین پرس بێ بەلای ژنانەوە بەتایبەت ژنانی کوردستان چونکە دەزانین کە شۆڕشی ٥٧ هەرگیز نەگەیشتە کوردستان و ئەو سیستەم و یاسایانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان دەرکرابوو، هەرگیز پێگەی پەیدا نەکرد لەنێو کوردستاندا. شۆڕشەکە ژنان بە فڕێدانی لەچکەکانیان و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەستیان پێ کرد؛ ئەم دروشمە لە ڕووی بەکگراوندێکی تاریخییەوە لەوێ

سەری هەڵدا. کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگایەکە کە حیزبی پێشکەوتوو و مودێرنی تێدایە کە مەیدانی خۆش کردووە بۆ بوونی ژنان لە مەیدانە سیاسییەکان و ژنان بەشێک بوون لە بەرەنگاری نەتەوەیی و هاوکات بەشێک بوون لە بەرەنگاری لە پرسی ژندا.

**کوردستان میدیا:** لە شۆڕشی ژینادا، زۆرکەس لەسەر باوەڕەن کە شۆڕشەکە ژنانەیە و ئەوە ژنانن کە پێشەنگایەتیی شۆڕشەکە دەکەن، تا چەند لەگەڵ ئەم بیرکرنەوە هاوڕان؟ ئایا ئەمە جۆرێک لە هەڵاواردن و بەرتەسککردنەوەی شۆڕشەکە نییە؟

**شیلان محەممەدی:** بێگومان ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نیشانەن بۆ بیرتەسکی و ڕادیکاڵ بوون و بەرتەسککردنەوەی ئەو شۆڕشە مەزنە و قازانج بە ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی شۆڕشەکە ناگەیەنێ. حاشاهەڵنەگرە کە ژنان پێشەنگ و دەستپێکەری شۆڕشەکە بوون، بەڵام ئەوە ناعەداڵەتییە کە بوترێ ئەم شۆڕشە بەتەنیا موڵکی ژنانە، دیمەنەکانی شۆڕشی ژینا دەریدەخەن کە پیاوانی یەکسانیخوازیش لەم شۆڕشەدا شانبەشانی ژنان ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە و لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشەکەدا بوون و تەنانەت دەتوانین بڵێین پشتیوانی و لەسەر وەجواب هاتنی پیاوان نەبوایە، ڕەنگە ڕاپەڕینەکە ئەو شکڵ و قەوارەیەی ئێستای بەخۆوە نەگرتبا کە بوو بە شۆڕشێکی بەرینی جەماوەری کە لە سەرانسەری جیهان دانیان پێدا نا.

شەهیدبوونی بەدەیان کەس لە پیاوان لەو شۆڕشەدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. ئەوەی ئێستا ئەیبینیین جۆرێک لە کرانەوە و فەرهەنگسازییە، جیاواز لە پێشوو پیاوان پاڵپشت و داکۆکیکاری مافەکانی ژنانن، ئەمەش یەکێکی ترە لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان کە لە شۆڕشی ژینادا گەیشتۆتە لووتکە.

**کەوسەر فەتاحی:** ئەم شۆڕشە لەلایەن زۆر نووسەر و ڕووناکبیر و لێکۆڵەری سیاسیی ئوروپاییشەوە وەکوو شۆڕشێکی ژنانە پێناسە کراوە، بەڵام ئەم پێناسەکردنە بەو مانایە نییە کە خواستەکانی لە چوارچێوەی خواستە سێنفییەکانی ژناندا قەتیس بووبێتەوە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ژنان پێشەنگ و دەسپێشخەری سەرەکی بوون و ئەم مەیدانداری و بوونە بە هاواهەنگی و هاوپشتی و پشتیوانیی پیاوان و باقی بزووتنەوەکانی دیکە دەستی پێ کرد؛ یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئەو شۆڕشە دروستبوونی تێکەڵاوی و لێکگرێدراوی لە نێوان هەموو بزووتنەوەکاندا بوو و هەموومیان هاتنە نێو یەک ڕێبازەوە و ئەو شۆڕشەی ژینای لێ کەوتەوە، بۆیە بە یەک پێوەر ئەتوانین بڵێین ژنانەیە چونکە تا ئێستا زیاترین ڕێژەی بەشداران لەم بزووتنەوەیە ژنانن، بەڵام شۆڕشێکی ژنانە کە خواستەکانی تەنیا تایبەت بە ژنان و مافەکانیان نییە بەڵکوو

تێکەڵاوێکە لە هەموو ویست و خواستەکان بەڵام لە ڕێگەی بزووتنەوەی ژنانەوە، بزووتنەوەی ژنان دەرکەی بۆ ئەوانی تریش کردەوە.

**کوردستان میدیا**: وەکوو ناوەندی ژنان چەندە هەوڵتان داوە لەم شۆڕشەدا ڕۆڵ بگێڕن؟

**شیلان محەممەدی**: ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بۆنە جیهانییەکاندا بە یەکگرتوویی هەڵوێستی نواندووە، لە هیچ ڕووداوێکی پێوەندیدار بە ژناندا بێدەنگ نەبووە و بەپێی دەرفەت هەڵوێستی گرتووە. لە شۆڕشی ژیناشدا بێگومان کارەکتەری کوردبوونی ژینا بەرپرسیارەتی زیاتری خستۆتە سەر ئێمە و پێویستە زیاتر خۆمان ماندوو بکەین و خاوەندارەتی لە ژنانی ڕاپەڕیو و ئازادیخواز بکەین ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ بە سەربەرزانەوە ئیددیعای ئەوە بکات کە جێدەستی دیارە لە هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی ژنانی ئازا و بوێر و ڕۆشنبیر لە ئێستای کوردستاندا ئەم شۆڕشەش وەک هەمیشە هەڵوێستی بوێرانە و پێشکەوتنخوازانەی هەبووە و بەچەندین شێوە پشتیوانی لەم شۆڕشە کردووە.

**کەوسەر فەتاحی**: وەکوو ناوەند هەوڵدان بۆ بەهێزکردنەوەی ئەم شۆڕشە و هێزی ژنان بە ئەرکی سەرەکیی خۆمان دەزانین، هەوڵەکانی ئێمە زۆرتر بریتی بوو لە دروستکردنی وتاری پێکەوە کارکردن، یەکتر قەبووڵکردن کە ماهییەت و خواستی سەرەکیی خودی شۆڕشەکە بوو کە شۆڕشێکی فرەچەشن و فرەڕەهەند بوو، ئێمەش هەوڵمان ئەوەیە کە وەک ناوەندی ژنان ئەم یەکگرتووییە ڕێکخراوەییە لە کوردستان پەرە پێ بدەین و خۆمان بۆ هەر ئەگەرێکی سیاسی ئامادە بکەین، بەتایبەتی زۆر لەو بوارەدا کارمان کردووە کە پرسی ژنان تەنیا بە گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێران چارەسەر نابێ، ژنان دەبێ ڕۆڵی کاریگەریان هەبێ لە قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بە هەنگاوی بزووتنەوەکە و شۆڕشەکە و هەموو قۆناغی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و باقی قۆناغەکانی دیکە بۆیە هەوڵمان ئەوە بووە لەو ڕاستایەدا ژنانی زیاتر لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە و خۆمان بۆ ئەم حاڵەتە ئامادە بکەین.

**کوردستان میدیا**: لە ڕاگەیەندراوەکەی خۆتاندا باستان لەوە کردووە کە پشتیوانی لە هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی ٨ی مارس بە دژی کۆماری ئیسلامی دەکەن، پێتان وایە ٨ی مارسی ئەمساڵ تا چەند ئەتوانێ لەگەڵ خواستەکانی چەند مانگی ڕابردووی ژنان لە شۆڕشی ژینادا هاوتەریب بێ؟

**شیلان محەممەدی**: خەبات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و مافخوازانەی ژنان لە ئێران و کوردستان، چۆتە قۆناغێکی تری

خەباتەوە، ویست و داواکانی ژنان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ژنان زیاتر لە هەر کاتێک ڕۆشنبیرتر و ئاشناترن بە مافەکانیان، مانا و مەفهومی دروشمەکانیان گەورەترە لە دروشمەکانی پێشووتریان. هەموو ئەمانە دەسکەوتگەلێکن بۆ ژنان کە وادەکات ٨ی مارسی ئەمساڵ ببێتە دەرفەتێک بۆ باسکردن و هێنانەئارای زیاتری خواستەکانی ژنان و بەتایبەتی گرێدانی بە شۆڕشی ژینا.

شۆڕشی ژینا بۆ ژنانی ئێران و کوردستان ٨ی مارسێکی ترە بەپێناسەیەکی ترەوە، هەشتی مارس دەسکەوتی قوربانیدان و ئازایەتیی ژنانی کارگەی ڕستن و چنینی ئامریکا بوو بە پێشەنگایەتی کلارا زتکین، بۆ ڕزگاربوون لەدەست زوڵم و ناعەدالەتی و بەرهەمی ئەو شۆڕشە بووە دەسکەوتێکی مێژووی بۆ ژنانی جیهان. بێگومان شۆڕشی ژیناش هاوشێوەی ئەو شۆڕشە بەرهەمی دەبێت و دەبێتە هەوێنی بەچۆکداهێنانی ڕێژیمی خوێنڕێژ و کۆنەپەرستی ئێران.

**کەوسەر فەتاحی**: ٨ی مارس ڕۆژێکە بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی ژنان و ئەمە ڕێک هاوتەریبە لەگەڵ شۆڕشی ژینا و خواستەکانی و مانیفێستەکەی بۆیە هەموو ڕێکخستنێکی ٨ی مارس بە هەند وەردەگرین و پێمان پیرۆزە و پێمان وایە دەبێ پشتیوانی بکەین. پێمان وایە ٨ی مارسی ئەمساڵ ئەگەرچی جیاوازی هەیە و دەریخست کە ژنانی ئێران و بەتایبەت ژنانی کوردستان زۆر ئەزموون و وانەیان هەیە بۆ باقی بزووتنەوەکانی تر؛ ئەو ٨ی مارسە لەگەڵ بوونی شۆڕشی ژینا و ئەزموونی شۆڕشەکە نیشانیان دا باشترین دەرفەت و کاتە بۆ نیشاندانی ئەو هاوتەریبییە و درێژەی ئەم چالاکییەی کە تا ئێستا و لە سەرەتاوە ژنان وردە وردە گرتوویانەتە بەر. شۆڕشی ژنان تەنیا لە دوای مەسەلەی ژینا نەهاتە ئاراوە بەڵکوو ئەم شۆڕشە ساڵانێکی زۆرە بە شێوەی نەرم و ئارام لە گۆڕینی کۆلتوورەکان لە بنەماڵە کە بچووکترین نەهادی کۆمەڵگایە دەستی پێ کردووە. بەهەرحاڵ هەر کار و کردەوەیەک درێژەی شۆڕشی ژینایە و ئێستا کە لە نێو جەرگەی خودی خەباتەکەداین زۆر موناسبەتی هەیە لەگەڵ ٨ی مارس بوونی و ڕێزگرتن لەم ڕۆژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## بابەتەکانی ساڵی .......................... ٢٠٢٣

# خاڵی وەرچەرخان

ژنان بە درێژایی مێژوو و لە زۆر کۆمەڵگەدا بە هەموو جیاوازییە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... وە، بەرەوڕووی جۆرە جیاوازەکانی هەڵاواردن و توندوتیژی بوونەتەوە و بێگومان ئەوەی کە ئێستا وڵاتانێکی زۆر هەن کە تێیاندا ژنان ئەگەر نەڵێین بە تەواوەتی لانیکەم ئازادی و ئارامییەکی ڕێژەییان هەیە ئاکامی تێکۆشانێک بووە کە خودی ژنان بۆ دەرباز بوون لە دۆخی ئەوکاتی خۆیان خستوویانەتە گەڕ.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ئەزموونی جیاواز و جۆراوجۆر، لە هەر جوغرافیا و وڵاتێکدا بە هەر ئایین و یاساوڕێسایەکی تایبەتەوە، ژیانی ژنان بە جۆرێک تێدەپەڕێ، وڵات هەیە ژن تێیدا سەربەستە و وەکوو مرۆڤێک پێوەرەکانی ژیانی ئاسوودە و بەدوور لە هەڵاواردن و توندوتیژی ئەزموون دەکات، وڵاتیش هەیە کە تێیدا ژن وەکوو کۆیلە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دۆخەکەی خراپتر دەبێ.

ئەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێ کە زیاترین ڕێژەی کێشەکانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە وەکوو وڵاتانی جیهانی سێهەم ناسراون، وڵاتگەلێک کە گەشەیان نەسەندووە و لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و تەنانەت ئەخلاقییەوە نەیانتوانیوە خۆیان بەڕۆژ بکەنەوە، هەر بۆیە هەڵسوکەوتە گشتییەکان لەگەڵ توێژە جیاوازەکان و بەتایبەتیش ژنان نالەبارە.

هەمووومان باش دەزانین کە وڵاتانی پێشکەوتووی ئێستاش، خۆ لە بنەڕەتەوە پێشکەوتوو نەبوون و بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکەکە و بە فکر و ئایدیای حاکمان و دەسەڵاتداران قۆناغە سەختە مێژووییەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنیان بڕیوە و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ هەر بۆیە ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە ئەوانیش لە سەرەتاوە وەکوو ئەمڕۆ نەبوون و ڕەنگە هەندێ جار ڕووداوێکی دەگمەن توانیبێتی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگاکە بەگشتی و خەلکەکە بە تایبەتی بووە.



سەرچاوە Serchawe

بەم ڕوانینەوە با بێینەوە سەر کوردستان! ساڵانێکی زۆرە کە کوردستان لەژێر هێژموونی هێزی داگیرکەردایە و لەم ساڵانەشدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خەباتی سیاسی لە کوردستان چۆن پەرەی ئەستاندبێ، هەوڵ دراوە خەباتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش لە پاڵیدا تووشی گۆڕان ببن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەبینین کە چۆن دامەزرانی دەسەڵاتێکی کۆماری توانی کاروباری کۆمەڵگە ڕێک بخات و لە ڕێگەی بەڕێکخراوەیی کردنی کاروباری کۆمەڵگەوە، گۆڕانێکی مەزن و شوێندانەر لە کۆمەڵگەدا دروست بکات تا جێگایەک کە دەتوانین بڵێین، خودی کۆماری کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ لە مێژووی کوردستاندا بە ئەژمار دێت.

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرینگەکانی کۆماری کوردستان وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بووە[ بە ناوی حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان] کە توانیویەتی ڕوانینی کۆمەڵگە بەگشتی بەنیسبەت ژنان و بەشدارییان لە کاروباری ڕێکخراوەیی و سیاسیدا بگۆڕێ، واتە بەشێک لەم گۆڕینی ڕوانینە، گۆڕینی ڕوانینی ڕەگەزی و کردنەوەی مەیدان بۆ ژنان بووە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان توانیی بەستێنی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەنیسبەت پرسەکانی ژنانەوە دروست بکات، ئاڵوگۆڕێک کە تا ئەو سەردەمە لەلایەن دەسەڵاتی حاکم بەسەر کوردستانەوە هەر بیریشی لێ نەکرابووەوە، بە دوور لە ڕاستی نییە ئەگەر بڵێین دەسەڵاتەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا کە وەکوو دەسەڵاتی داگیرکەر دەناسرێن تاکوو ئێستاش نەیانتوانیوە بەو ئاستە لە تێگەیشتوویی بەنیسبەت ڕۆڵ و ئەرکی ژنان لە کۆمەڵگەدا بگەن، کە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە وێنە زۆرن!

لە ماوەی ٧٧ ساڵی ڕابردوودا، واتە لە پاش دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان، تاکوو ئەمڕۆ، مێژووی ئێمە وەکوو کورد بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، ڕەنگە زۆر جار دەسەڵاتی حاکم توانیبێتی لە ڕێگەی دامودەزگا و ئیمکاناتی بەردەستی خۆیەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تاک و کۆمەڵ بووبێت و ڕوانین و بیرکردنەوەی خۆی گواستبێتەوە بۆ نێو هزری تاکەکان، بەڵام بێگومان هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەش هەر بەردەوام بووە.

ڕەوتی ئاسێمیلاسیۆن و تواندنەوەی تاکەکان لە گوتاری باڵادەست زۆر جار توانیویەتی سەرکەوتوو بێت چونکە دەسەڵات بە هەموو هێزەوە و لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە توانیویەتی هەوڵ بۆ پێکانی ئامانجەکەی خۆی بدات، کە لەم ڕاستایەدا میدیا، کەرتی پەروەردە، تەنانەت نۆرمە جێگیرکراوەکان لە کۆمەڵگەش توانیویانە یارمەتیدەری باشی دەسەڵات بن.

ئەم ڕەوتە مێژووییەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گوتار و ئاکاری زاڵی داگیرکەر، ئێستاش هەر بەردەوامە، بە پێی ئەو ڕێچکەیەی کە لە کۆماری کوردستانەوە دانراوە، ژنان هیچکات ملکەچی و زەبوونییان قەبووڵ نەکردووە، هەر بۆیە لە دوایین ڕووداوی گرینگی کوردستاندا، واتە لە شۆڕشی ژینادا کە بە کوژرانی کچێکی کورد بەدەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لە

تاران دەستی پێکرد، ئەوە ژنان بوون کە چەخماخەی شۆڕشە نوێیەکەیان لێ دا.

لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینای جوانەمەرگدا، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز ڕووداوێک ڕووی دا کە دەبێ لە مێژوودا بنووسرێتەوە! ژینا لەلایەن تاریکپەرەستانەوە بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی ئەوان گیانی لێ ئەستێندرا، بەڵام لە ڕۆژی بەخاکسپاردنەکەیدا، ژنان لە گۆڕستانی ئایچیدا بە فڕیدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی ژن، ژیان،ئازادی، چەخماخەی شۆڕشێکیان لێ دا کە پاش ٥ مانگ ئێستاش هەر بەردەوامە! ئەم کردەوەیە گرینگ بوو چونکە: کۆماری ئیسلامی حیجابی کردبووە بیانوو بۆ کوشتنی کچێکی کورد، لە دژکردەوەدا ژنان بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان وەبیر ڕێژیمیان هێنایەوە کە ئەو سەرپۆشە زۆرەملێیە و ئەگەر ژیانتان لە ژینا ئەستاند بۆ ئەوەی کە حیجابەکەی باوی دڵتان نەبوو، ئەوە ئێستا هەموومان ژیناین و بە لابردنی، بەرەنگاری بیری چەقبەستووتان دەبینەوە، لەلایەکی تریشەوە بە وتنی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بۆ جارێکی دیکە وشیاری نەتەوەیی و تێگەیشتوویی خۆیان بەنیسبەت بوون و کەرامەتی خۆیان وەکوو مرۆڤی خاوەن ئاوەز کە مافی یەکسانی ژیان و ئازادییان هەیە بە گوێی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی گەیاندەوە.

هەر لەم ڕاستایەدا ئەگەر دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خۆماندا دەناسین کە بووە خاڵێکی دەسپێک بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و بەتاڵکردنەوەی بیری دواکەوتووانەی لاوازبوونی ژن، ئەوە شۆڕشی ژینا بەڕاستی دەکرێ وەکوو خاڵێکی وەرچەرخانی دیکە لە مێژووی کوردستاندا ناوی لێ ببردرێ. ڕاستە کە کۆماری کوردستان توانی بە کردەوە ژنان بهێنێتە نێو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەڵام لە شۆڕشی ژینادا بوو کە ژنان لە مەیدانی کردەوەدا و تەنیا بە چەکی ئیرادە بەرەنگاری دژەمرۆڤترین دەسەڵاتی سەردەم بوونەوە و لەم پێناوەشدا ژمارەیەکیان شەهید بوون و ژمارەیەکیش دەسبەسەر و زیندانی کران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

شۆڕشی ژینا وێستگەیەکی گرینگ بوو، لێرەدا بوو کە ژنان بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوودا، جارێکی دیکە هاتنەوە مەیدان و بە خوێندنەوەی ئەمرۆییانە بۆ دۆخەکە، پێشەنگایەتییان لە ئەستۆ گرت. ژنان لەم قۆناغەدا سەلماندیان کە مرۆڤێکی وشیارن بۆ داواکردنی مافەکانیان، دایکێکی تێگەیشتوون بۆ پشتیوانی لە ڕۆڵە ئازاکانیان، هاوسەرێکی بەجەرگن بۆ پاڵپشتی لە هاوسەرەکانیان و خوشکێکی بەوەرن بۆ یارمەتی گەیاندن بە براکانیان. ژنان لەم قۆناغە لە مێژووی خەباتی کوردستاندا، مۆرکی لاوازبوونیان بە مێژوو سپارد و بە وره و ئیرادەی بەهێزی خۆیان نەک تەنیا هاوکار و هاوسەنگەرێکی باش بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکوو پێشەنگێکی بوێر بۆ گەیاندنی شۆڕشەکە بە ئەنجامێکی دڵخواز بوون.

بۆیە دەتوانین بڵێین، شۆڕشی ژینا ئەگەرچی دەرفەتێکی نوێ بۆ هاتنەمەیدانی ژنان بوو، نیشانی دا کە ژنان وەک چۆن لە



سەرچاوە
Serchawe

ڕابردوودا هەوڵیان دابوو بوون و کەرامەتی خۆیان لەدەست داگیرکەران بپارێزن، ئێستا پێشەنگایەتیی خەباتێک دەکەن کە خودی کۆماری ئیسلامیش بە هەموو هێز و تواناوە و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی بۆ کپکردنی دەنگی ژنان، دانی پێدا دەنێت و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم هێزە، دروشمگەلی جۆراوجۆر لە بەرانبەر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا دادەنێ، کە بێگومان هیچکات ئەم هەولانە ناتوانن بیری ئازادی بۆ ژیانێکی ئازادانە لە ناخی ژناندا بسڕنەوە، هەر وەک چۆن هەوڵە سیستماتیکەکانی سالان و دەیەکانی ڕابردوو نەیتوانی ژنان لە داوا ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە بۆیە شۆڕشی ژیان دەبێ وەکوو ئەو خاڵە وەرچەرخانە گەورەیە بناسین کە بۆ جارێکی دیکە ژینی بەبەر ژنان کردەوە و وای کرد کە وەکوو کۆماری جوانەمەرگ وتی: هیچ شتێکیان جگە لە ئازادی خۆش نەوێت!

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## مەیلی ئازادی لەم خاکە نابڕێ

جەلال مەلەکشا، شاعیری نەمری کورد لە کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی کارەساتدا، چیرۆکێک باس دەکا؛ چیرۆکێک لەژێر ناوی "خاک مەیلبڕە!"

چیرۆکەکە لە زمانی پیاوێکەوە دەگێڕدرێتەوە و باس لە قۆناغی نەخۆشبوونی خۆی هەتا مردنی دەکا. دەگێڕێتەوە کە چۆن لە سەرەتاوە هاوسەرەکەی و منداڵەکانی هەموو ڕۆژێک چوونەتە سەر مەزارەکەی و بارانی فرمێسکیان هەڵوەراندووە. بەڵام دواتر هاتوچۆ کەم دەبێتەوە بە جۆرێک کە سەردانەکان لە حەفتەوە بۆ دوو حەفتە و دواتریش بۆ ساڵ دوا دەکەون. ڕۆژێک وای لێ دێ کە وێنەکەشی لە سەر دیواری ماڵەکەیان لادەبردرێ و جلوبەرگەکەی دەبەخشرێت و ناسنامەکەی باتڵ دەکرێتەوە و ناوی لەیاد دەکرێ. ئاسەوارێکی لێ نامێنێ و کابرایەک جێگای دەگرێتەوە و وێنەکەشی لە جێگای وێنەکەی ئەم هەڵدەواسرێ. منداڵەکانی دوای چارەنووسی خۆیان دەکەون و وەک بڵێی کە هەر نەژیاوە، دەبێتە بەشێک لە گۆڕستانێکی پڕ لە مردوو کە خاکی سەر گۆڕەکان مەیلی ئازیزانی بڕیون و ئیتر سەردانیان ناکەن!

مەلەکشا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە تا باس لە بێوەفایی مرۆڤ بکا، مرۆڤگەلێک کە پاش لەدەستدانی ئازیزانیان وەک بڵێی هیچکات نەژیاون، لەبیریان دەکەن و ژیانێکی نوێ بەبێ ئەوان دەست پێ دەکەن، ڕاستییەک کە ڕەنگە زۆربەمان هەستمان پێ کردبێ.

بەم پێشەکییەوە دێمەوە سەر ڕووداوەکانی مانگەکانی ڕابردوو.

پاش شەهیدبوونی ژینا، بە دەیان لاوی خوێنگەرم هاتنە مەیدان و بەرەنگاری داگیرکەر بوونەوە تاکوو بیسەلمێنن چیرۆکەکان هەمیشە بڕیار نییە وەک ڕابردوو دووپات بکرێنەوە، دەکرێ خاک ئازیزان لە ئامێز بگرێ بەڵام مەیل نەبڕێ!

پاش شەهیدبوونی ژینا، خەڵکی کوردستان هاتنە سەر شەقام تاکوو تۆڵەی کچەکەیان لە ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئیسلامیی ئێران بکەنەوە و لەم پێناوەشدا گیانی ئازیزیان بەخت کرد.

ئەوان مانای ژیانیان بە جۆرێکی تر بۆ گێڕاینەوە و هەر کامەیان بە چیرۆکی ژیان و شەهیدبوونیان، پێناسەی ئازادییان بۆ دووبارە کردینەوە.

لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی باوەڕی باوی کۆمەڵگە کە مردن و نەمانی فیزیکی بە هۆکاری لەبیرکردن دەزانێ، زۆر جار مردن دەتوانێ خودی ژیان بێت! وەک ئەو مەرگەی کە لاوێک خۆی هەڵیدەبژێرێ و چیرۆکی ژیانەکەی بە ویستی خۆی تۆمار دەکات.

کۆماری شەهید لە ئینستاگرامەکەیدا ستۆرییەک بڵاو دەکاتەوە و دەنووسێ: "لە هەموو شتێک زیاتر ئازادیتان خۆش بوێ". ئەم نووسینە و ئەم هزرەی لە پشت ئەم نووسینەیە ئەویش لە زمانی لاوێکی کەمتەمەنی وەکوو کۆمارەوە، نیشان دەدات کە ئازادی چەندە بەنرخە و چۆنە کە پاش ئەم هەموو ساڵ بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەیە، هیچ زەبر و ستەم و ئاستەنگێک نەیتوانی مەیلی ئازادی لە کوردستان و لە ڕۆڵەکانی ببڕێ.

کۆمار و کۆمارەکان ئامادەی گیانفیدایین تاکوو خاکی نیشتمان هەناسەی ئازادی هەڵمژێ، ژیناکان دەبنە قوربانی و بە دەیان کچی دیکە قۆڵی لێ هەڵدەماڵن تاکوو تۆڵەی ژیناکان بکەنەوە، دەزانن ڕێگاکە دژوارە و پڕ کەندوکۆسپ بەڵام دیسانەوە ئازادی لای ئەوان بەنرخترە، بەنرختر لە گیان!

چیرۆکی خاک مەیلبڕەی مەلەکشا وا لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێگای گرتووە و پێمان وایە کە دوای مردن وردەوردە مرۆڤەکان لەبیر دەچنەوە و ڕۆژێک وای لێ دێ کە هەر لە بیریشمان نامێنێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵیان ژیاوین، بەڵام ڕووداوە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە فێرمان دەکەن کە ئازادی نە لە سێدارە دەدرێ و نە دەخرێتە ژێر خاکەوە.

لە نزیک ٦ مانگی ڕابردوودا لاوانی کوردستان، بە تێکۆشانی بەردەوام، هەوڵیان دا چیرۆکی نوێ تۆمار بکەنەوە، نزیک ٦ مانگە ژینا بە جەستە لە نێوماندا نەماوە. بەڵام وەک لەسەر کێڵی مەزارەکەی نووسرابوو، ناوی بوو ڕەمز، ڕەمزێک بۆ بونیاتنانەوەی نیشتمان ئەویش لەسەر دەستی کیژ و کوڕانێک کە تەمەنیان وەک تەمەنی ژینا بوو، و وەک ئەو هەزاران ئاوات و ئارەزوویان بۆ ژیان و داهاتوویان هەبوو.

هاتنەمەیدانی لاوان پاش مەرگی ناخەهژێنی ژینا سەلماندی کە چیرۆکەکان دەکرێ جۆرێکی تر مانا بکرێنەوە، ژینا لەلایەن ڕێژیمێکی مرۆڤکوژی دژەژنەوە گیانی لێ ئەستێندرا، بەڵام خەڵکی کوردستان بە ئەسپەردەکردنی ڕۆحی دووبارەیان



سەرچاوە
Serchawe

وەبەر تێکۆشانی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئازادیدا کردەوە، خاکی گۆڕستانی ئایچی بەپێچەوانەی خاکی چیرۆکە هەمیشەییەکە نەیتوانی مەیل ببڕێ، بەپێچەوانە مەیلی تێکۆشانی نوێ کردەوە.

لە ئاخرین پێنجشەممەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاویدا، خەڵک لە شارەکانی کوردستان چوونە سەر مەزاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا و بە دانی دروشم و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانی ئەم شۆڕشە، مەیل و بەڵێنی بەردەوامبوونیان دووپات کردەوە.

خاکی کوردستان ئەگەرچی ئازیزەکانمان لە ئامێز دەگرێ، بەڵام هیچکات یاد و بیرەوەریی لاوەکانمان لەگەڵ خۆی ون ناکات، خاکی کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و هەموو تێکۆشانێکی لاوانی ئەم خاکە بۆ ڕزگارکردنی لە چنگی داگیرکەرانە، ئەوان لە ئامیزی خاکدا جێگا دەگرن و دەبنە گوڵاڵەسوورەکانی نیشتمان و مەیلی ژیان نوێ دەکەنەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## لە ئازایەتیی کچان دەترسێ!

زیاتر لە ٧ مانگە ئێران و کوردستان بووەتە گۆڕەپانی بەلرفەی ناڕەزایەتییەکان دژی چییەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتییەکان ئەگەرچی هەندێ جار کزیی پێوە دیار بووە، بەڵام هێشتا بەردەوامە.

لەم ماوەیەدا هەمووومان بینیمان کە ڕێژیم بە هەموو دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە چۆن ویستوویەتی داخوازیی ڕەوای خەڵک لە ڕێگەی توندوتیژی و ئاکاری دژەمرۆڤانەوە سەرکوت بکات و وای نیشان بدات کە هێشتا خۆی و دەسەڵاتەکەی بەپێوەن!

ئامار و وردەکارییەکان لە ناڕەزایەتییەکانی چەند مانگی ڕابردوو کە لەلایەن ناوەندە مافی مرۆییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە بەڕوونی ئاستی دڕندەیی ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵک و داخوازییە ڕواکانیان نیشان دەدەن. بەپێی ئامارەکان بەدەر لە کوژران و برینداربوونی سەدان کەس، کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵک بەهۆی تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانەوە بینایی چاویان لەدەست داوە و ژمارەیەکی زۆریشیان ئێستاش بە زامی ساچمەکانی نێو لەشیانەوە دەژین و پێویستیان بە نەشتەرگەریی چەندبارە هەیە.

بەپێی ئەو ناسینەی کە لە ڕێژیمی ئێران هەیە، هیچ ئاکار و کردەوەیەکی نامرۆڤانە لێی بەدوور نییە، هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا جۆرەکانی سەرکوت و توندوتیژیی بەرانبەر بە خۆپیشاندەران بەکار هێناوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خۆپیشاندەری کردووەتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆ و گیانی زۆر کەسی ئەستاندووە.

ڕێژیم بەپێی نەریتی کۆنی خۆی هەمیشە لە ناڕەزایەتییەکاندا بەنیسبەت کوردستان توندوتیژتر بووە ،چونکە پرسی کوردستان هەمیشە بۆ ڕێژیم پرسێکی ئەمنییەتی بووە و هەر جۆرە جووڵەیەک تەنانەت ئەگەر بچووکیش بوویێت لای ڕێژیم بە مەترسییەکی گەورە بینراوە و هەوڵ بۆ سەرکوتی خەڵکیش لەوپەڕی خۆیدا بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناشدا پرسەکە هەروا بوو، ئەگەرچی ژینا کچێکی کورد بوو و لە پێتەختی ئێراندا و بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد گیانی لێ ئەستێندرا و چەخماخەی ئاگر و شۆڕشەکە لە کوردستانەوە لێ درا، بەڵام بڵێسەی ئەم ئاگرە هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە و هەموو کۆمەڵگەی بەنیسبەت پرسەکانی ژنان هەستیار کردەوە؛ هەر لەم پێناوەشدا

بوو کە یەکەمین ژن لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا لە کرماشان بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان گیانی لەدەست دا.

ئەوەی کە ڕێژیم چاوەڕوانی نەدەکرد، بەرەنگاربوونەوەی بەربڵاوی خەڵک و هەڵوێستی گشتیی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو. دژکردەوەیەکی گشتگیر کە بەتەواوەتی ڕێژیمی تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێی نەمان کرد، هەر بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیرادەی خەڵک دەستەوداوێنی فرتوفێڵی جیاواز بوو.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا یەکێک لە خاڵە گرینگ و جێی بایەخەکان بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان بوو، هەر بۆیەش ڕێژیم بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان هەوڵی دا کچان چاوترسێن بکات و ئاگری شۆڕشەکە بەرەو کوژانەوە ببات. بەپێی هەواڵ و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان ڕۆژانە هێرش دەکرێتە سەر قوتابخانەکانی کچان و بە ماددەی شیمیایی هەوڵی ژارخواردووکردنیان دەدرێت کە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە گیانلەدەستانی قوتابییانیشی بەدواوە بووە. ئەم کردەوەیە، ڕەنگە لە جۆری خۆیدا نوێ بێت بەڵام چاوەڕوانکراو بوو لە دەسەڵاتێک کە بە زۆر خۆی سەپاندووە و هەر لە سەرەتاوە هیچ ڕەواییەکی نەبووە و بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی لە هەموو شێوازێکی توندوتیژی کەڵکی وەرگرتووە، هەموو کردەوەیەک چاوەڕوانکراوە.

لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمدا شایەتحاڵان دەگێڕنەوە کە چۆن ڕێژیم بە ناردنی تیمی تایبەت بۆ ئەو گوند و شوێنانەی دژایەتییان لەگەل ڕێژیم زۆر بوو و هەر لە سەرەتاوە متمانەیان بەم ڕێژیمە نەبوو، هەوڵی نەزۆککردنی ژنانیان دەدا تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانێ پێش بە بەردەوامبوونی نەسڵەکان بگرێ و نەهێڵێ نەوەی داهاتوو لەسەر ڕێچکەی باوباپیرانیان درێژە بە خەبات لەپێناو ئازادیدا بدەن. ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤ دەیە، کۆماری ئیسلامی دڕندەتر لە ڕابردوو، دەستی بۆ کردەوەی قێزەونی ژارخواردووکردنی قوتابییان بردووە تاکوو بە خەیاڵی خۆی کچان لە خەباتی شوناسخوازی، مافویستی و داخوازییە ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە.

بێگومان دەرمانداوکردنی کچان کردەوەیەکی مەترسیدارە و دەتوانێ لەسەر داهاتوویان کاریگەریی نەرێنیی هەبێ بەڵام ئەم کردەوەیە هیچکات ناتوانێ ئیرادەی ئەم توێژە بەچۆکدا بێنێت. ئەم کردەوەیەی ڕێژیم ئاماژەیەکی ڕوون بۆ دەستەوەستانی ڕێژیم بەرانبەر بە ئیرادەی کچانێکە کە دەزانێ لە داهاتووشدا هەر گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتە نگریسەکەی دەبن، ڕێژیم لە ئازایەتیی کچان دەترسێ چونکە ئەوان بوون کە بە لابردنی سەرپۆشەکانیان هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوتی سیستماتیکی ژنان بەرەنگاری ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی بوونەوە و هاواری پەنگخواردووی خۆیان کرد بە گڕکانێک بۆ لەنێوبردنی ئەم دەسەڵاتە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کە لەم قۆناغەدا گرینگە، یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستیی خەڵک بەرانبەر بە کردەوە نامرۆڤانەکانی ڕێژیمە و هەر ئەو خەڵکە هەمیشە سەلماندوویانە کە هیچکات لە بەرانبەر ڕێژیم و دڕندەییەکانیدا بێدەنگ نابن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە بەردەوام ئەگەرچێ هەوراز و نشێوەکان زۆریش بن!

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

## ویستی ئێمە لە خواستی ئەوان ناچێ!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەروەک چەند مانگی ڕابردوو کە ژمارەیەک میدیا ببوون بە تریبوونێک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی هەندێ کەس کە خۆیان بە مۆرەیەکی گرینگ لە هاوکێشەکانی ئەمڕۆی ئێراندا دەزانی، دیسانەوە ئەم میدیایانە بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیەک ئەویش بە شێوەی ئامانجدار هەوڵیان دا هەندێ بابەت بکەنە ڕۆژەڤ و هاوکێشەکان بە قازانجی لایەنە دیاریکراوەکەی خۆیان بشکێننەوە.

ئەوەی کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بینیمان، هەوڵدانی لایەنە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانییەک بوو کە بتوانێ لەم ڕێگەیەوە ئاڵترناتیڤێکی گونجاو بۆ قۆناغی تێپەڕین لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دیاری بکرێ، بێگومان هەمووشمان بینیمان کە چۆن هەندێ کەس و لایەن بەبێ گرینگیدان بە قازانجە گشتییەکە، ویستیان خۆیان و ڕەوتێکی تایبەت کە تەنیا پەسەندکراوی خۆیان بوو بەسەر باقی لایەنەکاندا بسەپێنن و دۆخەکە بەرەو ئاقارێک ببەن کە زیاتر لە قازانجی گشتی، قازانجی تاکەکەسیی خۆیانی تێدا بێ.

لەم نێوانەدا ڕەوتی پاشایەتیخوازی بە هێنانەپێشی سیمبول و کارەکتەری دیاری ڕەوتەکەیان توانی بە پشتبەستن بە پارە و سامانێک کە پێشتر حەمەڕەزاشا لە ڕاکردنەکەیدا لە سامانی گشتیی وڵاتی بەتاڵان بردبوو، و بە بەدەستەوەگرتنی چەند میدیای دیار و بەرچاو زیاتر لە باقی کەس و لایەنەکان دەرفەتی خۆدەرخستن و دیاربوونی هەبێ. ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو مەنشووری مەهسا ڕۆیشت و لەوێشدا پاشایەتیخوازەکان ویستیان هێژمۆنیی خۆیان بەسەر باقی ئەندامەکانی ئەم گرووپەدا بسەپێنن. هاتنەدەرەوەی حامید ئیسماعیلیوون لە مەنشوورەکە و ئەو هۆکارانەی کە ناوبراو بۆ هاتنەدەرەوە لە مەنشوورەکە باسی کرد و هەروەها جیابوونەوەی ئەندامانی دیکەی مەنشوورەکە لە کوڕی شا یان بەپێچەوانەکەی هەموویان بوون بە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئەو تۆزقاڵە هیوایەش کە هەندێ لایەن بە مەنشوورەکەیان بوو لەنێو بچێ و هاوکێشەکە گۆڕانی بەسەردا بێت.

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە هەوڵی بەردەوامی میدیاکانی سەر بە پاشایەتیخوازانە کە هێشتا پەلەقاژەی وەسەرتەخت خستنەوەی ئەم بنەماڵەیە دەکەن و بە پڕوپاگەندە دەیانەوێ بڵێن تۆرەمەی شا شانسی ئەوەی هەیە دەسەڵاتی داهاتووی ئێران بگرێتە دەست.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، یەکێک لەو مێدیایانە بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی ژنە ئەکتەرێکی ئێرانی کە لە ڕێوڕەسمێکدا لە ئێران بەبێ سەرپۆش بەشدار بووە و گوارەکانی نیشانی "شیر و خورشید"ی پێوە بووە، هەرایەکی ساز کرد تاکوو جارێکی تر وەبیر خەڵک بێنێتەوە کە هیوای پاشایەتیخوازی لە ئێران هێشتا هەیە و خەڵک دەتوانن پشتی پێ ببەستن. ئەوەی کە لەم ڤیدیۆیەدا گرینگە نە بێ سەرپۆشبوونی ئەم ژنە ئەکتەرەیە کە لە هەموو ساڵانی کاری خۆیدا و لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا کاری بۆ پەرەدان بە هەوڵە سیستماتیکەکانی ڕێژیم کردووە و لە پەرەدان بە کلیشە ڕەگەزییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە و نە پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی شۆڕشێ ژینا، ژن، ژیان، ئازادییە کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و ئەو هەموو خوێنەشی بۆ ڕژا!

زۆرجار باس لەوە کراوە کە خواستی دانیشتووانی ناوەند جیاواز لە خواستی نەتەوە بندەستەکان لە ئێرانە، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا زۆر بەڕوونی خۆی دەرخست. پاش قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی ژنان وەکوو توێژی ستەملێکراوی کۆمەڵگە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران هاتنە سەر شەقام، بەڵام هاتنەسەر شەقام بە چ مەبەستێک؟ ئایا خواستی ئەوان و ژنانی کوردستان یەکێک بوو؟ ئایا هەموویان لەپێناو یەک ئامانجدا هاتنە مەیدان؟ تاکوو ئێستا کە زیاتر لە ٧ مانگ بەسەر دەسپێکی ئەم شۆڕشەدا تێپەڕیوە ئایا دەسکەوتێکیش هەبووە؟ قازانجەکە کێ کردوویەتی و هاوکێشەکە بۆ کێ لەبار بووە؟

ژنان لە کوردستان مەرگی ژینا بەهۆی حیجابی زۆرەملێیان کرد بە دەرفەتێکی نوێ بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەرانی خاک و نیشتمانەکەیان، لەم پێناوەدا کەوتنە بەر فیشەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و زامی ساچمە و لەدەستدانی ئازیزانیان چێشت و بوون بە هاواری پەنگخواردووی نەتەوەکەیان، بەڵام ئەمانە تەنیا بۆ لابردنی سەرپۆش نەبوو بەڵکوو لەپێناو خواستی نەتەوەکەیاندا بوو، لە بەرانبەردا ژنان لە ناوەند وەک هەمیشە دەرفەتەکەیان قۆستەوە تاکوو بتوانن سەرپۆشەکانیان لاببەن، چونکە لای ئەوان ئازادی هەر لابردنی ئەو لەچکە بوو!

بێگومان زۆر بوون ئەو ژن و کچانەش کە لە شارەکانی دیکەی ئێراندا لە شۆڕشی ژینادا گیانیان لێ ئەستێندرا، بینایی چاوەکانیان لەدەست دا و ئاواتەکانیان لەگەڵیان نێژران، بەڵام لە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ەوە هەتا ئەمڕۆ وێنە و ڤیدیۆ بڵاوکراوەکان لە شارەکانی دیکەی ئێران جیاوازییەکەیان بە باشی دەرخستووە. لە کوردستاندا هێشتا بچووکترین دەرفەت ئاگری شۆڕشەکە هەڵدەگیرسێنێتەوە، خەڵک دێنێتەوە سەر شەقام و ئارامی لە دەسەڵات ئەبڕێ بەڵام لە تارانی پێتەختی جەلادەکاندا، ژنە ئەکتەرەکان سەرپۆش لا دەبەن و گوارەیەکی "شیر و خورشید" لە گوێ دەکەن و وەک بڵێی هەوڵی زۆریان بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە داوە، دەچنە بەر چاوی کامێراکان و پڕوپاگەندە بۆ کوڕی دیکتاتۆرێک دەکەن کە وەک ڕێژیمی

ئیسلامیی ئێران تینووی خوێنی خەڵک و بەتایبەتیش نەتەوە بندەستەکان بوو.

تێگەیشتن لە دۆخەکە سەخت نییە، لەم ڕستەیەدا کورت دەبێتەوە کە خواستی ئێمە لە خواستی ئەوان ناچێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام ناگەن

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، وەزارەتی وەرزش و لاوانی ڕێژیم ڕایگەیاند لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە ٣٠ ناوەندی هاوسەرگیری لە ئێراندا دامەزراون. ئەم ناوەندانە بە ئیزنی ناوەندی تەبلیغاتی ئیسلامیی ڕێژیم کار دەکەن و لە زیاتر لە ١٥ پارێزگای ئێراندا بنکەیان بۆ دیاری کراوە.

لە ڕاستیدا کرانەوەی ئەم ناوەندانە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت هەیە کە لە ساڵی ١٤٠٠دا لە ژێر ناوی "گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە و جەوانیی حەشیمەت" کەوتە بەر دەنگدان و لەلایەن مەجلیسی ڕێژیمەوە پەسەند کرا و چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. هەر بەپێی ئەم گەڵاڵەیە بنەماڵەکان لە مافی سەرەتایی خۆیان، واتە کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی منداڵبوون بێبەریبوون و تەنانەت فرۆشتنی کەرەستە بێهداشتییەکانیش بۆ پێشگرتن لە منداڵبوونیان لێ قەدەغە کرا.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەتووە کە ١٠ لەسەدی کۆمەڵگەی ئێران بە پیر دادەنرێن و، بەدواداچوونی کارناسانی حەشیمەتیش پێشانی داوە کە هەتا ساڵی ١٤٣٥، واتە هەتا ٣٣ ساڵی دیکە حەشیمەتی ئێران بەرەو پەککەوتەیی دەچێت کە ئەمە دەتوانێ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەش هەبێ.

بەڵام ئایا ئەمە ئەتوانێ بیانوویەکی باش بۆ دەستێوەردان لە تایبەتیترین بەشی ژیانی بنەماڵەکان بێ؟ ئایا بەم شێوەیە حەشیمەتی ئێران بەرەو جەوانی دەچێت و ئایا ئەم جەوانبوونی حەشیمەتە ئەتوانێ لە ڕاستای بەرژەوەندی و قازانجی ڕێژیمدا بێ؟ چاوخشاندنێک بەسەر دۆخی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتیش لە چەند مانگی ڕابردوودا دەری دەخات کە ڕێژیم چۆن لە نەبوونی پلان و ستراتیژیی گونجاودا خۆی بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی حەشیمەت ڕوو لە کزبوون بنێ و چیدیکە خەڵک حەزیان لە گەورەکردنەوەی بنەماڵەکانیان نەبێ. هەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران کەس لە توێژی لاوی کۆمەڵگە و ئەوەی کە دەبوایە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە هیوای پێ ببەسترێ، بەهۆی خراپیی دۆخی ئابووری و ژیانی خۆیانەوە، پەنایان بردە بەر خۆکوژی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیانی هێنا. لەلایەکی دیکەوە سەرهەڵدانە بەردەوامەکان و دژایەتیکردنی لاوان لەگەڵ سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم وای کرد، کە ڕێژیم ڕێگای سەرکوت لەبەر بگرێ و لەم پێناوەشدا بە سەدان لاو دەسبەسەر کران، لە سێدارە دران یان کەوتنە بەر فیشەکی هێزەکانی ڕێژیمەوە و گیانیان لەدەست دا.

سیاسەتی جەوانیی حەشیمەت، هەرجارە و بەپێی خواستی بەرپرسانی ڕێژیم گۆڕانی بەسەردا دێت، پێشتر کە دۆخی ئێران تا ڕادەیەک سەقامگیر بوو و ناڕەزایەتییەک لە ئارادا نەبوو، ڕێژیم بۆ سزادانی ئەو بنەماڵانەی کە لە ٤ منداڵ زیاتریان هەبوو، کۆپۆنی لە منداڵە تازەلەدایکبووەکە ئەبڕی تاکوو بتوانێ پێش بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت بگرێ، وەک بڵێی ئەو خاروبارەی کە بە کۆپۆن دەیدا ئەوەندە زۆرە کە منداڵ ئیدی پێویستی بە شتێکی تر بۆ گەورەبوون نییە جگە لەوەی کە ڕێژیم پێی دەدا، لە ڕاستیدا ناڕەزایەتی و ئاڵۆزییەکیش نەبوو تاکوو پێویستی بە هێزیش بێ کە بۆ سەرکوتیان کەڵکیان لێ وەربگرێ، بەڵام دواتر کە ئێران بوو بە گۆڕەپانی ناڕەزایەتییەکان و بەتایبەتیش پاش ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ کە خەڵک بە تووڕەییەوە هاتنە سەر شەقامەکان و تەواوییەتی ڕێژیم و خودی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمیان کردە ئامانجی دروشمەکانیان و ویستیان ڕووخانی ڕێژیم بوو، ڕێژیم بیری لەوە کردەوە کە بۆ لەبەرگرتنی ڕێگای سەرکوتی خەڵک، پێویستی بە خودی خەڵکە! ڕێژیم پێویستی بە هێزی خۆفرۆش و نەیارەکان بوو تاکوو لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵکی ناڕازی سەرکوت بکا، جا لەم نێوانەدا لە دوو بەرەی جیاوازدا خەڵک بە دەستی خەڵک دەکوژرێن، ئەویش زیاتر ئەو کەسانە کە تەمەنیان لە لاوەتیدایە و ئایانەوێ وەکوو باوباپیرانیان لەژێر دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا ژیان و تەمەن و لاوەتیی خۆیان فیدا بکەن، کەوایە حەشیمەتی لاو ڕووی لە کزی دەنا و تا چەند ساڵی دیکە کۆمەڵگەی ئێران دەمایەوە و کۆمەڵێک هاووڵاتیی پیر و پەککەوتە کە نەک هەر ناتوانن کار بکەن و بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵکوو چاوەڕوانییان لە دەوڵەتیش ئەوەیە کە ژیان و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکا، کەوایە هیچ شتێک وەکوو گەلاڵەی جەوانیی حەشیمەت، کە بە زۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێ، ناتوانێ بە قازانجی ڕێژیم بێ.

ڕێژیم بەو ستراتیژییە لەلایەکەوە، لاوانی ئازادیخواز سەرکوت دەکا و گیانیان لێ دەستێنێ، لەلایەکی دیکەوە هەتا ژووری نوستنی خەڵک دەچێت و لە بڕیاری ئەواندا بۆ منداڵبوون دەستێوەردان دەکا تاکوو بە خەیاڵی خۆی حەشیمەتەکە کۆنترۆڵ بکا و هێزی کاری هەبێ کە داهاتووی وڵاتەکە لەسەر دەستی ئەوان نەفەوتێ و هەموو قازانجەکەش دیسانەوە بۆ خودی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی بێت. لەلایەکی دیکەشەوە جەختکردنەوەی بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر بەرزکردنەوەی حەشیمەت و پێدانی وادە و بەڵێنێ بە بنەماڵەکان لەم بوارەدا، زیاتر بۆ بەلاڕێدابردنی دۆخی هەنووکەیی و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەیە، تاکوو لە داهاتوودا بە خستنەڕووی ئامارێک لە ڕێژەی منداڵبوونەکان بڵێ ئەوەتا، کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕ هاتنە سەر شەقام و وڵاتیان ئاڵۆز کرد، بەڵام هیوا بە ژیان ئەوەندە لە ئێراندا زۆرە کە خەڵک بە بێ گوێدان بەم بابەتانە خەریکی گەورەکردنەوەی بنەماڵەکانیانن!

لەبەرگرتنی ئەم چەشنە سیاسەتە ناتوانێ بە قازانجی ڕێژیم بێت، خەڵک پاش زیاتر لە ٤ دەیە زۆر باش ڕێژیمیان ناسیوە و لە هەموو پیلانێکی ئاگادارن، بۆیە ئەوان منداڵبوون وەکوو مافی خۆیان دەبینن و هیچکات لەپێناو سیاسەتەکانی

ڕێژیمدا هەنگاو هەڵ ناگرن و ناهێڵن سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام بگەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## نهێنیی ئەم پارادۆکسە چییە؟

پرسەکانی ژنان لە کوردستان، ئەگەر نەڵێین بۆ زۆرینەی خەڵک، بەڵام لانیکەم بۆ خودی ژنان گرینگن و وەکوو بابەتی هەستیاری کۆمەڵگە چاویان لێ کراوە، بۆیە بە بەردەوامی باس لە کێشە و گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا کراوە. ئەگەر هەندێ کەس شارەزایانە و بە سەرنجدانی فاکتەرە یەکلاکەرەوە و کاریگەرەکان هەوڵیان داوە شەنوکەوی پرسەکانی پێوەندیدار بە ژنان بکەن، لانیکەم بینیومانە کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ سەرنجدان بە ڕەگەزیان، لەسەر دۆخی ژنان قسەیان کردووە و هەوڵیان داوە لە ڕوانگەی خۆیانەوە شرۆڤەی دۆخەکە بکەن، چونکە پرسەکەیان بەلاوە گرینگ بووە.

پێش لە ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو و دەسپێکی شۆڕشی ژینا، کاتێ کەسێک ویستبای فۆکوس بخاتە سەر کێشەکانی ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، باسی لە دیاردە جیاوازەکانی منداڵهاوسەری، منداڵبوونی پێشوەختە، وازهێنانی زۆرەملێ لە خوێندن، خۆکوژی، قەتڵی نامووسی و کۆمەڵێک دیاردەی دیکە دەکرد، بەڵام بە هاتنەئارای شۆڕشی ژینا، پرسەکە گۆڕانی بەسەردا هات و چاوەڕوانییەکە ئەوە بوو کە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە دۆخەکەدا بێتە ئاراوە.

لە پاش کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد، زیاترین فۆکوس کەوتە سەر ئەو توندوتیژییانەی کە بە شێوەی سیستماتیک لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرانبەر بە ژنان و کچان ئەنجام کرا. بۆ نموونە توندوتیژییە گوتاری و ئاکارییەکانی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لەگەڵ ژنان، پرسی حیجابی زۆرەملێ و توندوتیژیی هێزەکانی ڕێژیم بەرانبەر بەو ژن و کچانەی کە ملکەچی بڕیاری دەسەڵات نین و زۆر پرسی دیکە. بەڵام ئەوەی کە لەم ماوەیەدا سەرنجڕاکێش بوو، هەڵوێست و دژکردەوەی گشتیی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسە سەرەکییەکە بوو، واتە کوژرانی کچێکی کورد بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد!

چەخماخەی شۆڕشەکە بە کوژرانی ژینا ئەمینی لە کوردستانەوە لێ درا، لە سەرتاسەری کوردستانەوە خەڵک هاتنە سەرشەقام تاکوو بەرانبەر بە کردەوەکەی ڕێژیم، هەڵوێست بگرن و داوای مافی زەوتکراوی کچە شەهیدەکەیان و هەروەها باقی ژنانی کوردستان بکەن، هەر بۆیە ژن و پیاو هاتنە سەر شەقام، دژ بە داگیرکەر ڕاوەستان و دژی ڕێژیم دروشمیان دا.

ڕاستە کە لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشدا خەڵک هاتنە سەر شەقام، بەڵام لە ڕاستیدا دۆخی کوردستان ڕادیکاڵتر بوو، ئەو بەکگراوندە مێژووییەی کە ڕێژیم لە کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان و کردەوەی خەڵکی کوردستانی هەبوو، وای کرد کە توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵک زۆر زیاتر بێ، هەر لەم ڕاستایەشدا بوو کە سەرکوتی خەڵکی خۆپیشاندەر لە کوردستان زۆر زیاتر و بەرچاوتر و توندوتوڵتر لە باقی شارەکانی ئێران بوو، جا لەم قۆناغەدا بوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکیش شەهید و بریندار بوون.

ئەوەی ئامانجی ئەم نووسینەیە، پێوەندیدانەوەی تێکۆشانی خەڵک لە شۆڕشی ژینا لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای دەسپێکی ئەم شۆڕشەیە! لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوڕانی ئەم نیشتمانە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیری دواکەوتووی ڕێژیم و ڕوانینی بەنیسبەت ژنان گیانیان بەخت کرد، هەر چەند ماوە جارێک هەواڵێک لە کوشتنی ژنان، بووە سەردێڕی هەواڵەکان کە نموونەی ئاخریشی ڕۆژی دووشەممە، ٨ی جۆزەردان بوو. ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە هەواڵێکدا باسی لە کوژرانی ژنێکی لاو بە ناوی "پەرەستوو شابازی" کرد کە بە دەستی هاوسەرەکەی و بە لێدانی چەقۆ لە دێولان کوژرابوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەر لە شاری دێولان و لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکاندا، ٢ کەس بە ناوەکانی "ڕەزا لوتفی" و "موحسن نیازی" لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەم شارەدا بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و تەنیا بە تاوانی داکۆکیکردن لە مافی ژنان و مافی مرۆیی خۆیان کوژران.

دۆخەکە جێی تێڕامانە! لەلایەکەوە پیاوان دێنە سەر شەقام و ئەگەرچی هەموو داخوازییەکانیان لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا نییە و کۆمەڵێک پرسی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی پاڵنەریان بووە و وای کردووە کە ڕاشکاوانە و بەبێ گرینگیدان بە سەرکوتکارییەکانی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بێنە سەر شەقام و داوای مافەکانیان بکەن، لەلایەکی دیکەوە هەندێک بوونەوەر لە قاڵبی پیاودا، بە دڕندانەترین شێوە هێرش دەکەنە سەر هاوسەرەکانیان و لەتوپەتیان دەکەن! پرسیارەکە ئەمەیە، بەڕاستی ئەم هەموو پارادۆکسە چییە؟ مەگەر هەر لەو شارەی کە پەرەستوو دەژیا، ژنان و پیاوان هاوشانی یەکتر نەهاتنە سەر شەقام و پێکەوە داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆیان نەکرد؟ ئەی چۆنە کە پاش بەردەوامبوونی زیاتر لە ٨ مانگ لەم یەکریزی و هاودەنگییە، پەرەستوو بە دەستی هاوسەرەکەی دەکوژرێت و منداڵە ساواکەی بۆ هەمیشە لە بوونی دایک و سۆزی دایکایەتیی بێبەری دەبێ؟

ئاوڕدانەوە لە دۆخەکە زۆریش ئەستەم نییە، گۆڕان کاتێ لە کۆمەڵگەدا درووست دەبێ کە تاک بە تاکی کۆمەڵگە لە بەرانبەر هەموو ڕووداو و پرسەکاندا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن، گومان لەوەدا نییە کە هاوسەرەکەی پەرەستوو هەروا کە لە هەواڵەکاندا باس کراوە، خووگر بە ماددە هۆشبەرەکان بووە و دۆخی ئابوورییشی زۆر خراپ بووە و هەر لەم سۆنگەیەوە

دەبێ وەکوو قوربانییەک چاوی لێ بکرێ، بەڵام هەر لەو ژینگەیەدا بە دەیان کەس بوون کە دەیانتوانی پێش بەم ڕووداوە بگرن و ڕزگاریدەری ژیانی پەرەستوو و منداڵەکەی و بنەماڵەکەی بن.

پوختەی باسەکە ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا نابێ تەنیا لە چوارچێوەی شەقامەکاندا قەتیس بکرێتەوە، لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستاندا و لەژێر کاریگەریی پەروەردەی سیستماتیکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، شۆڕشێکی گەورە و بەرین پێویستە تاکوو هاوسەنگیی نێوان ژینگەی بنەماڵە و کۆمەڵگە ڕابگرێت و هەموو هەنگاوەکان لە پێناو دابینکردنی ژیانی ئاسوودە بۆ تاکەکان بە بێ جیاوازی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## مەرگ باشە بۆ ماڵە هاوسێ!

هەموومان ئاگاداری چاوپێکەوتنە سەیروسەمەرەکەی جەمیلە عەلەمهودا، هاوسەری ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی وێنێزۆئێلا بووین. چاوپێکەوتنێک کە وای کرد سەرەنجەکان بۆ لای ژنێک ڕابکێشرێ کە قسەکانی ڕێک پێشاندەری بیری دواکەوتووی ئەو دەسەڵاتەیە کە هاوسەرەکەی بەرپرسایەتیی زۆر گرینگیشی تێدا هەیە.

قسەکانی جەمیلە عەلەمولهودا لەم چاوپێکەوتنەدا لە چەند ڕووەوە سەرنجڕاکێش بوون، یەکەم شت کە پێویستە سەرنجی بدرێت ئەوە بوو ئەم ژنە کاتێ باسی لە کوژرانی ژینا ئەمینی کرد، نەیتوانی یان نەیزانی، بەڵام مەرگی ژینای وەکوو باقی کاربەدەستانی ڕێژیم بە مەرگ ناو نەبرد و وشەی "کوشتن"ی بەکار هێنا کە ئەمە لە ڤیدیۆ بڵاوکراوەکاندا بە ڕوونی کەوتە بەر چاوی خەڵکەوە. لە ڕاستیدا خودی ئەم بەکارهێنانی وشەی کوشتنە، جۆرێک دانپێدانان بوو، ڕاستییەک لە قسەکانی ئەم ژنەدا دەرفەتی خۆدەرخستنی پەیدا کرد و مۆرێکی تەئید بوو بەسەر کوژرانی کچە کوردێک بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم گیانی لێ ئەستێندرا. لەلایەکی دیکەوە ئەم خانمە کە مامۆستای زانکۆشە، بەبێ ئەوەی پرسەکە پێوەندیداریش بێ، گوتی تەمەنی دارەکانی ئەو زانکۆیەی ئەمن تێیدا وانە دەڵێمەوە، لە تەمەنی ئامریکا زیاترە و لە هەمووی سەیروسەمەرەتر ئەوەی کە گوتی ئێمە ئەمانەوێ ژن، ژن بێت، نامانەوێ وەکوو پیاو بێ، بۆچی ئێمە دەبێ وەکوو پیاوان کار بکەین، وەکوو پیاوان بخوێنین و قسە بکەین و بەردەوام ئاکارمان توندوتیژانە بێ؟

جیا لەو دوو بابەتەی سەرەوەتر کە لەسەر کوشتنی ژینا قسەی کرد و هەوڵی شێلگیرانەی مێردەکەی بۆ سەرکوتی بەردەوامی خەڵک کە بەمەبەستی شاردنەوەی ڕاستیی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینیی بردە ژێر پرسیارەوە و لە خۆوە تەمەنی دارەکانی زانکۆی تارانی لەگەڵ تەمەنی ئامریکا بەراورد کرد، بابەتی تر کە سەرنجڕاکێشە و لەم نووسینەدا تیشکی دەخرێتە سەر، قسەکانی لەبارەی ژن و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بوو!

گوایە جەمیلە عەلەمولهودا، بڕوانامەی دوکتورای فەلسەفەی پەروەدە و بارهێنانی لە زانکۆی تەربییەت مودەڕس هەیە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، دانشیار و ئەندامی لێژنەی زانستیی زانکۆی زانستی تەربییەتی و دەروونناسیی بێهێشتیی تارانە و بە سەدان خوێندکار لەژێر ڕێنوێنی و زانستی ئەم خانمەدا، بۆ بنیاتنانی داهاتوو، ڕەوانەی کۆمەڵگە دەکرێن! کەچی لە تەلەوڤیزیۆنی وڵاتێکی وەکوو وێنێزۆئێلادا دێت و باس لەوە دەکات درێژەدان بە خوێندن، بۆ ژنان و پێگەیشتن و

سەرکەوتنیان وەکوو پیاوان، توندوتیژییە! بەڕاستی ئایا هەر بیری لە قسەکانی خۆی نەکردووەتەوە یان بە هۆی هەبوونی کامێرا و خەڵکی پشت کامێرا تووشی سەرلێشێوان بووە؟ ئەگینا چۆن ئەکرێ ژنێک خۆی تا ئاستی دوکتورا درێژەی بە خوێندن دابێت، مامۆستای زانکۆ بێت و لە لێژنەی زانستیی زانکۆیەکدا کار بکات و ئەرکی پەروەردەی نەوەی خوێندەوار بۆ داهاتوی لەسەر شان بێ، کەچی خوێندن و گەیشتن بە قۆناغەکانی سەرەوەی زانست و تێگەیشتن بۆ ژنانی وڵاتەکەی بە توندوتیژی بزانێ! لێرەدایە مەتەڵێکی کۆنمان دێتەوە بیر کە دەڵێ، مەرگ باشە، بۆ ماڵە هاوسێ! وا دیارە جەمیلە خانمیش نەخوێندەواربوون و نەکەوتنە بەر توندوتیژی بە ئاپشێنی نەخوێندەواری، بۆ خەڵک بەباش ئەزانێ و بە پێچەوانەی هاوسەرە دڕەق و دڕندەکەی نایەوێ ژنانی وڵاتەکەی تووشی توندوتیژی بن!

توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە جۆری جیاوازیشدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لەوەتەی باس لە مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جۆرەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ، هیچکات درێژەدان بە خوێندن و هاتنە مەیدانی ژنان وەکوو پیاوان جا لە هەر بوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... بێت، وەکوو توندوتیژی پێناسەی بۆ نەکراوە. لە ڕاستیدا خودی خوێندەواربوونی ژنان یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکان لە کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنانە کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینە بەدەرە، جا بۆچی جەمیلە خانمی عەلەمولهودا ئەمە بە توندوتیژی دەزانێ، پرسیارێکە کە وڵامەکەی تەنیا لە لۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا دەگونجێ!

چاوخشاندنێک بەسەر ئامارەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە ئێران، بەتایبەت لە ماوەی شۆڕشی ژینادا باشترین ئارگۆمێنت بۆ بردنەژێر پرسیاری جەمیلە و جەمیلەکانی سەر بە ڕێژیمە. هەر لەو کاتەدا کە جەمیلە عەلەمولهودا لە تەلەڤیزیۆنی ڤێنێزۆئێلا باسی لە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان کردووە، بە دەیان کچ، بە فەرمانی هاوسەرە جەلادەکەی لە گرتنگە و زیندانەکانی ڕێژیمدا توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی و زارەکی (کەلامی)یان بەرانبەر کراوە! زۆربەی ئەو ژنانەی کە لە شۆڕشی ژینادا هاتنە سەر شەقامەکان، هەر بە فەرمانی کاربەدەستانی ڕێژیم و هاوسەرەکەی خۆی ئەم جەمیلە خانمە، کرانە ئامانجی ساچمە و شەق و لێدانی هێزەکانی ڕێژیم تاکوو بەرژەوەندییەکانی نیزام نەکەوێتە مەترسییەوە، جا ئەم خانمەش وەکوو کەوێک کە سەری لەژێر بەفرەوەیە، بە چەشنێک لەسەر ژنان و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە مێدیای وڵاتێکی تردا دەدوێ کە دەڵێی ژینا هەر نەکوژراوە، هیچ ژنێک دەسبەسەر نەکراوە و هیچ کچێک ئازاری ساچمەی نەچاشتووە و ئەویش لە هیچ ئاگادار نییە!

وردبوونەوە لە قسەکانی ئەم بەناو مامۆستایەی زانکۆ کە دیاریش نییە لە ڕاستیدا تا پۆلی چەندەمی خوێندبێت، دەری دەخات کە چ کەسانێکی نەخوێندەوار و هیچنەزان، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە و چۆن قومار بە داهاتووی خەڵکانێک

دەکەن کە مافی ژیان و ئازادییان هەیە. پێویست بوو هەر لەو چاوپێکەوتنەدا بە جەمیلە عەلەمولهودا بگوترێت شک لەوەدا نییە کە بە نەمانی دەسەڵاتەکی ئێوەیە توندوتیژییەکانیش کۆتاییان پێ دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## مانای توندوتیژی نازانێ!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەندێک لە هەواڵدەرییەکان بە بڵاوکردنەوەی مانشێتێک، سەرنجی خەڵکیان بۆ لای بابەتێکی گرینگ ڕاکێشا، کە گوایە هاوژینی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تلویزیۆنی دەوڵەتیی ڤێنێزۆئێلا وتوویەتی: "بۆچی ئێمەی ژن دەبێ وەکوو پیاوان بژین، یا وەک ئەوان کار بکەین و بخوێنین، ئەمە توندوتیژییە."

وردبوونەوە لە قسەکانی ئەم ژنە، تەنیا نیشاندەری یەک تایبەتمەندیی گرینگە، ئەویش نەبوونی ئاوەز و تێگەیشتنە. لە سەردەمێکدا کە مرۆڤەکان شانبەشانی یەکتر و بە بێ گرینگیدان بە ڕەگەز، هەوڵ دەدەن پلەکانی سەرکەوتن تێپەڕ بکەن و بە سەرکەوتنەکانیان هەوڵ ئەدەن جێگایەکی بچووک لەم جیهانە پان و بەرینەدا بۆ خۆیان و ناسینەوەی خۆیان بدۆزنەوە، کەسانێک لە چەشنی ئەم بوونەوەرە باس لەوە دەکەن کە کارکردن و خوێندنی ژن وەک پیاوان، توندوتیژییە! وەک بڵێی تاکوو ئێستا چاو و گوێی لە ئاست هەموو ئەو توندوتیژییانەی کە هاوسەرەکەی و باقی ئاخوندەکانی سەر بە ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵکی بێتاوان کردوویانە، کوێر و کەڕ بووە و هەر نازانێ توندوتیژی چ مانایەکی هەیە.

لەوەتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هاتووەتە سەر کار و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، هەوڵی داوە کە هیچ پێگە و بایەخێک بۆ ژن نەهێڵێتەوە، هەر لەم پێناوەدا بە داڕشتنی بەرنامە و پیلانی جۆربەجۆر، ژنانی لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داماڵیوە. بینیمان کە چۆن هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە حیجابی زۆرەملێی بە بەشێکی نەگۆڕ لە ژیانی ژنان و کچان پێناسە کرد و بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک هەوڵی دا وەها ئەم بیرۆکە بەسەر مێشکیاندا زاڵ بکات کە بەشێکی بەرچاو لە ژنان، ئێستاشی لەگەڵدا بێت شەڕ بۆ ڕاگرتن و مانەوی ئەم حیجابە زۆرەملێیە دەکەن. ڕێژیم لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی دا پێناسەیەکی نوێ لە ژن بێنێتە ئاراوە و وای پێناسە بکات کە هەموو هۆکاری بوون و خولقانی تەنیا بۆ بەردەوامبوونی وەچەیە، کچ لە دایک ئەبێ تاکوو خزمەتکارێکی باشی بنەماڵەی پیاوەمەزن بێت و ساڵەکانی ژیانی بە داوێنپاکی تێپەڕێنێ تاکوو بتوانێ لەوپەڕی باشی و سەرکەوتندا، کەسێکی وەکوو دایکی دەربچێ! گوێڕایەڵ، هیچ نەزان و بە دوور لە هەر چەشنە فاکتەرێکی ئەمرۆژیبوون. لە ڕاستیدا ئەم چەشنە لە پێناسەکردن بە بێ جیاوازی، هەموو ژنانی جوغرافیای دەستکردی ئێرانی گرتەوە، بەڵام بە هۆکارگەلی سیاسی و فەرهەنگی لە بەشگەلێکی وەکوو کوردستاندا توندوتۆڵتر بەڕێوە چوو، کە نموونەی بەرچاویشی وەک پێشتریش باس کراوە، کوژرانی کچێکی کورد لە تارانی پێتەختی

ڕێژیم لەسەر ئەم حیجابە زۆرەملێیە بوو، چونکە زۆر جاریش باس کرا ئەگەر ژینا کورد نەبوایە و لە تارانی پێتەختی ئاخوندەکاندا وە چنگ داگیرکەران نەکەوتبایە، ڕەنگە ڕووداوی لەم چەشنە هەر ڕووی نەدابایە، واتە فاکتەری کوردبوونی ژینا، جیا لە ژنبوونی لەم توندوتیژییە ئاشکرایەدا زەق و بەرچاوە، هەر بۆیەشە کە جەمیلە عەلەمولهودا بە بێ سەرنجدان بەم بابەتانە، ئازادیی تاکەکەسیی ژن و مافە سەرەتاییەکانی دەباتە چوارچێوەی توندوتیژییەوە.

ئەوەی کە لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا بینراوە، هەڵاواردنی ئاشکرا دژی ژنان بووە، هەڵاواردنێک کە لە کتێبە دەرسییەکانەوە و بە وێنەی سەر ڕووبەرگی کتێبەکان دەستی پێ کرد و وای کرد کە کچان و کوڕان وەکوو دوو دەستە بوونەوەری جیاواز پێناسەی یەکتر بکەن کە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە یەک نزیک ببنەوە تووشی گوناهێکی گەورە دەبن، هەر بۆیە بە بڤە پێناسەکردنیان بۆ یەکتر، هەر لە سەرەتاوە وایان کرد کە هەندێ هەنجار لە مێشکیاندا جێگیر بێت کە گۆڕین و چارەسەرکردنیان پێویستی بە کات و زەمەنێکی درێژخایەنە. کچەکان لە کار و تێکۆشانی پراکتیک دوور کەوتنەوە بەو بیانوویە کە ڕەگەزیان ناسکە و کوڕەکانیان وا بار هێنا کە بتوانن هەموو کارێکی قورس و ماندووکەر بکەن ئەگینا لە پیاوەتییان کەم دەبێتەوە! هەر ئەم هەڵاواردنە ئاشکرایە وای کرد کە کۆمەڵگە بوو بە دوو لایەن، لە جیاتی ئەوەی ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکتر بن و بەپێی حەز و ویستی دەروونیی خۆیان دەست بۆ کار و چالاکیی دڵخوازیی خۆیان بەرن، هەر کامەیان بە لایەکدا کەوتن و کارەکانیان دابەش کرد بە سەر دوو بەشی ژنانە و پیاوانەدا! و وەکوو دوژمنی یەکتر پێناسەیان بۆ کردن ئەویش بەم لۆژیکەوە کە ژن دەبێ خانم و خاتوونی ماڵەوە بێت و پیاویش بەیانی هەتا ئێوارە خەریکی ئارەق ڕشتن تاکوو پاروویەک نان بۆ ئەو ژنە پەیدا بکات، هەر بۆیە کەسێکی وەکوو هاوسەری ڕەئیسی لەوپەڕی نەزانیدا و چونکە ئەویش درێژەدەری ئەم هەڵاواردنەیە، کارکردن و خوێندن بۆ ژنان بە توندوتیژی دەزانێ!

لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەموو تاکەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان قوربانین، قوربانیی دەسەڵاتێک کە لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەدا جگە لە وانەی حیجاب و پاراستنی عیفەت و پاکداوێنی بۆ ژنان و دڵڕەقی و سەختبوون بۆ پیاوان، هیچ شتێکی تری پێ نەبوو. لە ڕاستیدا هەموو دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر وایە، بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئیدئۆلۆژیی خۆی بخاتە مێشکی خەڵکەوە، یاساکانی بە جۆرێک دادەڕێژێت کە هەموو گوێڕایەڵ بن، مرۆڤەکان لە بوون و خواستی ڕاستەقینەی خۆیان دادەماڵێ تاکوو بەو شێوازە هەڵسوکەوت بکەن کە ئەو دەیەوێ، لێرەدایە کە خەڵک دەبنە قوربانیی ئەو دەسەڵاتە چونکە لە ئەگەری بەرەنگاربوونەوەدا، سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێت و بێگومان لەژێر کاریگەریی ئەو پەروەردە ئیدئۆلۆژیکەدا زۆرینە قوربانیبوون هەڵئەبژێرن نەک مردن! کۆماری ئیسلامی ئەمەی کرد، بە توندوتیژیی ئاشکرا، خەڵکی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە وەکوو قوربانی خۆیان پێناسە بکەن، بۆیە پاش زیاتر لە ٤ دەیە ئێستاش ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک ئامادە نین بە هیچ قیمەتێک بەرەنگاری ئەم ڕێژیمە ببنەوە. بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە خودی هاوسەرەکەی ڕەئیسیش



سەرچاوە
Serchawe

یەکێک لە قوربانییەکانە، ژنێک کە بە هۆی خوێنمژبوونی هاوسەرەکەیەوە لە چوارچێوەی سیستەم و دەسەڵاتێکدا تەواوەتەوە و لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی چ وەک مرۆڤ و چ وەک ژنێک داماڵراوە، دەسەڵاتی تۆتالیتەر، مێشک و زەینی داگیر کردووە و بەو شێوازە هەڵێدەسووڕێنێ کە خۆی پێی خۆشە، کەوابوو ئیدی لە ڕوانگەی ئەویشەوە، هەر ئەو شتە درووستە کە دەسەڵات دەیەوێ، ئەویش ئەمەیە: بوونی ژنی گوێڕایەڵ کە خوێندن و کارکردن و سەربەخۆیی ئابووری بە دوژمنی خۆی بزانێت و لە ئاساییترین حاڵەتدا پێی وابێ توندوتیژییە!

ڕەنگە ئەم قسەیەی جەمیلە عەلەمولهودا بۆ زۆر کەس گرینگ نەبێ و زۆر ئاسایی بەلایدا تێپەڕن بەڵام، بێگومان قووڵبوونەوە لە وشەکان وا دەکات کە ناچار بە بیرکردنەوە بین، بیرکردنەوە لەوەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، هاوسەری بەرپرسە باڵاکان کێبڕکێی زانست و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان دەکەن و هەوڵ دەدەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە نوێکردنەوەی ڕوانینەکانیان، ژیانی کۆمەڵگە و وڵاتەکەیان باشتر بکەن، کەچی لە وڵاتی بەڵێدراوی ئێراندا، هاوسەری کاربەدەستانی خوێنمژ، دەبنە هاوکار و هاوەڵی هاوسەرەکانیان تاکوو باشتر خوێنی خەڵک هەڵمژن.

جەمیلە و جەمیلەکان دەبنە نوێنەری ژنانی ئەو وڵاتە و تریبوونیان پێ دەدرێت تاکوو بە ڕووهەڵماڵراوییەوە، سەرەتاییترین مافەکانی ژنان بە بەرچاوی جیهانەوە بە توندوتیژی ناو ببەن و شانازی بە نەخوێندەواری و دواکەوتوویی خۆیانەوە بکەن کە لە سەدەی ۲۱دا و لە کاتێکدا کە هەموو شتێک بە پێوەری زانست دەپێورێ، وتە کۆنەکانی سەردەمی نەزانی بێننەوە گۆڕێ و شانازی بە دواکەوتوویی خۆیان و وڵاتەکەیانەوە بکەن.

جەمیلە عەلەمولهودا کاتێ باس لە توندوتیژی دەکا، بەڕاستی نازانێ توندوتیژی چییە یان ئەشکەنجەی ژنان و پیاوان، لەسێدارەدرانی ڕۆژانەی خەڵکی بێتاوان و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان و کچان و بە سەدان تاوانی دیکە کە بە بڕیاری هاوسەرەکەی بەرانبەر بە خەڵک دەکرێن بە توندوتیژی نازانێ! بێگومان جەمیلە خانمی، هاوسەری ئیبراهیمی ڕەئیسی کە تەنیا یەکێک لە نموونەکانی دڕندەبوونی، تاوانەکانی ساڵی ٥٦٧، باشتر لە هەموو کەس دەزانێ کە لەژێر پێستی شارەکانی ئەو ئێرانەدا و لە سووچ و قوژبنە جیاوازەکانیدا چی بەسەر خەڵکی داماو و چارەڕەشی ئێراندا دێت، بەڵام بەرژەوەندیی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ لەلایەک و خۆشڕابواردنی خۆیان وەکوو ئەربابان و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە سامانی نەتەوەییەوە وا دەکات کە ئێران بە بەهەشتێکی رووت وێنا بکەن، لێرەدا قسەی کۆتایی ئەمەیە، کاتێ کە هەموو جیهان، بە درێژایی ٤٠ و چەند ساڵی ڕابردوو، بینیویانە کە کۆماری ئیسلامی لە ئاست خەڵکەکەی خۆیدا چەندە دڕندە و خوێنمژە، بۆچی دەبێ بوونەوەرێکی کاڵفامی وەک هاوسەری ڕەئیس یا هەر ژنێکی دیکە لەو دەسەڵاتە کە ئاوێنەی باڵانوێنی

گڵاوبوونی ئەو دەسەڵاتەیە تریبوونی پێ بدرێت و کێشە و ئاریشەکانی ژنان پشتگوێ بخات و مافە سەرەتاییەکانی ژنان وەکوو توندوتیژی پێناسە بکات؟

ئەو وتارە لە ژمارە ٦١ی گۆڤاری "ژنان"دا بڵاو بووەتەوە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ٥ی پووشپەری ٢٧٢٣**

## ئەم شۆڕشە دەبێ بە چی بگا؟

کاتێک ستەم لە کۆمەڵگەیەکدا بەرفراوان دەبێتەوە و لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تاکەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، یەکەم هەنگاوێک کە لەلایەن کۆمەڵگەوە هەڵدەگیردرێ، دەربڕینی ناڕەزایەتییە، ناڕەزایەتی بە دۆخی هەنووکەیی تاکوو دەسەڵات بێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی ئەم چەشنە لە هەڵسوکەوت هەڵەیە و پێویستە کە گۆڕانگارییەکی جیددی ڕوو بدات. لێرەدایە کە بەردەوامیی دەسەڵات لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی خۆی بە شێوەی ڕابردوو، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی چیدیکە خەڵک و کۆمەڵگە بێدەنگ نەبن و ئەمجارە ناڕەزایەتییەکان دەچنە قۆناغێکی توندوتۆڵترەوە، تا جێگایەک کە دەتوانن لە قاڵبی بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەریدا، شۆڕشێک بخوڵقێنن.

لەڕاستیدا گرینگی‌نەدانی دەسەڵاتی حاکم بە داخوازییەکانی کۆمەڵگە و هەوڵنەدان بۆ چارەسەری پرسە سەرەکی و گرینگەکانی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیە ناچار بەوە دەکات کە هەڵوێست بنوێنێ، کەوایە کاتالیزۆری سەرەکی لە سەرهەڵدانی شۆڕشدا، کردەوەی خودی دەسەڵاتەکەیە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕەنگە ستەم بە چەشنێکی جیاواز خۆی بنوێنێت، ڕەنگە لە کۆمەڵگەیەکدا ستەم بەرانبەر بە توێژێک یان گرووپێکی ئایینی، ئێتنیکی، فەرهەنگی یان تەنانەت ڕەگەزی لە گرووپ یان توێژێکی دیکە زیاتر بێت هەربۆیە کاردانەوەی ئەو گرووپانەش بەرانبەر بە دەسەڵات و ڕۆڵیان لە شۆڕش و ناڕەزایەتییەکاندا دەتوانێ جیاوازیی بنەڕەتیشی هەبێ. ئەگەر بەم پێشەکییەوە بێینەوە سەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران و کوردستان، کۆمەڵێک جیاوازی دەبینین.

ژینگەی کوردستان ژینگەیەکی جیاوازە، کوردستان خاکێکی داگیرکراوە و هەر بۆیە پرسی نەتەوەیی لەم جوغرافیایەدا گرینگیی تایبەتی هەیە، هەر ئەم گرینگییە وای کردووە کە ڕووناکبیری و تێگەیشتنی خەڵک لە پرسەکان قووڵتر بێت و لە ڕاستیدا ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان ببینن و لە هەمان کاتیشدا کاردانەوەیان جیاواز بێت، لەلایەکی تریشەوە وای کردووە کە هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بەم جوغرافیایە هەمیشە جیاواز بێت. کەوایە ستەمێک کە دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگە بەگشتی دەینوێنێ، لە کوردستاندا زۆر جیاوازتر و ڕادیکاڵترە هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوەی کوردستانیش زۆر جیاوازتر لە باقی جوغرافیاکە دەبێ.

ئەگەر لە شارەکانی ئێراندا، کێشەی سەرەکیی خەڵک ئابووری و حیجابی ئیجبارییە، هەمان کێشە لە کوردستاندا بە هۆی ئەو پێشینەی سیاسییەوە کە هەیە، زۆر ڕادیکاڵترە تا ئاستێک کە دەبێتە هۆی دواکەوتوویی ئابووریی کوردستان یان هۆی کوژرانی کچێک لە پێتەختی ئێراندا! بەم حاڵەوە، شۆڕشی ژینا کە ناڕەزایەتییەکی بەرین بە دۆخی هەنووکەیی لە ئێران و بەرانبەر بە دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، دەبێ چی بە دوای خۆیدا بێنێ؟ یان دەبێ بە چی بگا؟

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا، ناڕەزایەتی لە ساڵانی ڕابردووشدا هەبووە، بەڵام لانیکەم لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەتوانین بڵێین کە ناڕەزایەتییەکان ڕادیکاڵتر بوون، چونکە خەڵک بەتەواوەتی چییەتیی ڕێژیم و خودی مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم وەکوو خامنەییەکان کردبووە ئامانج، لەلایەکی تریشەوە گشتگیرتر بوون چونکە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیان هێنایە سەر خەت. بەم پێیە تێدەگەین کە دەسەڵات لەم جوغرافیایەدا، ئەگەر نەڵێین سەداسەد وەکوو یەک، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بەرانبەر بە هەموو خەڵک ستەمی نواندووە، جا لە کوردستان بەهۆی ڕوانینی سیاسییەوە یان لە بەلووچستان بە هۆی جیاوازیی مەزهەبییەوە، ئەم ستەمە زیاتر و هاوکات سەرکوتکارییەکانیش بەربڵاوتر بووە.

پرسی ژنان و هەڵاواردنەکان، پرسی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینەکان، پرسی کرێکاران، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان، ئێتنیکە جیاوازەکان و باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەم پەراوێز خراوە و هەم بەرەوڕووی سەرکوتکاری بووەتەوە، کەوایە لە شۆڕشی ژینادا، هەموویان پێکەوە، هاتنە سەر شەقام تاکوو لە بەرانبەر ئەم ستەمەدا بوەستنەوە.

شۆڕشی ژینا، هاواری پەنگخواردووی هەموو ئەو گرووپانە بوو کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بۆیە توانیی گشتگیرتر لە هەموو ناڕەزایەتییەکان لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا، تەواوەتیی ڕێژیم بکاتە ئامانج و ترسی ڕووخان بخاتە دڵی دەسەڵات و سەردەمدارانی ڕێژیمەوە.

ئەوەی کە لە شۆڕشی ژینادا بەرچاو بوو، هاتنە مەیدانی ژنان بوو. کەوایە شۆڕشی ژینا ئەگەر وای دابنێین لەم قۆناغەشدا بە ئاکامی دڵخوازی ئێمە نەگات و شۆڕشەکە بنیشێتەوە، بێگومان هەر دەبێ بەنیسبەت پرسەکانی ژنان گۆڕانکاریی بەرچاو بێتە ئاراوە. ژنان ڕۆڵێکی کارایان لەم شۆڕشەدا هەبووە، بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو کە ژنان لە ماڵەوە دەمانەوە و تەنانەت بەشداری لە شۆڕشی جەماوەری و ناڕەزایەتیدەربڕین بە ئەرکێکی پیاوانە دەژمێردرا، لەم قۆناغەدا ژنان نیشانیان دا کە تێگەیشتن و ئاوەزمەندیی ئەوان بەنیسبەت پرسەکان لە ئاستێکی باڵادایە و ئەوانیش بە مافی خۆیان دەزانن کە لە

سەرخستنی هەر چەشنە شۆڕش و تێکۆشانێکدا هاوهەنگاوی کۆمەڵگە بن.

ئەگەر شۆڕشی ژینا وەکوو ئەزموونێک ببینین، دەردەکەوێ کە ژنان دەتوانن لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕۆڵی کارا بگێڕن هەروا کە بەشداریی ژنانی پێشەنگ لە بزووتنەوەی کوردستاندا لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا ئەمەی سەلماندووە، بەڵام بەداخەوە بە هۆکارگەلی جیاواز کە ژێردەستەبوون گرینگترینیانە، ژنان لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان و مافی سروشتیی خۆیان کە بەشداریی چالاکانە لە پرسەکانی کۆمەڵگەیە دوور کەوتنەوە.

ژنان لەم شۆڕشەدا ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەبوو، هەر بۆیە دەبێ دۆخیشیان گۆڕانی ئەرێنیی بەسەردا بێت، ئەم شۆڕشە، ئاکامەکەی هەر شتێک بێت دەبێ پێش هەموو شتێک گۆڕان لە دۆخی ژنان بێنێتە ئاراوە و ژنان بتوانن خاوەنی ئازادییەکانی خۆیان بن و لە ئاستێکی باڵاتریشدا بتوانن لە بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا، ڕۆڵ و پێگەی دیار و بەرچاو و کارایان هەبێ. کەوایە شۆڕشی ژینا دەبێ وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریی ژناندا چاوی لێ بکرێ و هەوڵەکان ئەوە بن کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکان دەرفەتی زیاتر و مەیدانی بەربڵاوتر بە ژنان بدرێ، بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە خودی ژنان لەم پێناوەدا بتوانن هەنگاوی گەورەتر هەڵ بگرن و لە پێگەیاندنی خۆیان و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە پێگەی ڕاستەقینەیان بەردەوام بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کایەی سیاسی و بەشداریی ژنان

### د. قاسملوو: هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە

بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەت، یەکێک لەو بابەتە گرینگانەیە کە بە بەردەوامی، بەتایبەت لەلایەن چالاکانی بواری ژنانەوە کەوتووەتە بەر باس و زۆر جاریش ڕەخنە لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان گیراوە کە ئاخۆ بۆچی بەو جۆرەی کە پێویست و شیاوە، ژنان لە ڕیزەکانیاندا لە ئاستی بڕیاردان و کایەی سیاسیدا نابینرێن.

بەو پێشینە مێژووییەوە کە کوردستان هەیەتی، کەس ناتوانێ نکۆڵی لە بوون و بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا بکات، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بەشداریکردنە، دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستانە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ناکرێ حاشا لە کەمڕەنگبوونی بوون و بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بکرێ.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ژنان بۆ یەکەمجار بە شێوەی ڕێکخراو چوونە نێو تەشکیلات و کاری ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە و هەر ئەمەش وێڕای مێژووی دیار و بەرچاوی ژنان لە کوردستان بوو بە پاشخانێکی بەهێز بۆ بەشدارییان لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی دواتردا.

ڕاستە کە بەداخەوە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرە کە پێویست و شیاوی پێشینەی خەبات و تێکۆشانی کوردستانە، لە مەیدانی کردەوەدا دیار بن، بەڵام بێگومان لە قۆناغە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشاندا جێ‌پەنجەیان هەر دیارە. لە هەر بڕگەیەکی مێژوودا، کۆمەڵێک فاکتەر توانیویانە پاڵنەر بن بۆ ئەوەی ژنان زیاتر خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا ببیننەوە، لە هەندێ قۆناغیشدا بەپێچەوانە کۆمەڵێک فاکتەر بوونەتە هۆی دواکەوتنی زیاتری ژنان کە بەداخەوە زیانەکەی بەر هەموو کۆمەڵگە و بەتایبەتیش بەر بزووتنەوەی ڕەوای کورد کەوتووە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کوردستاندا بخشێنین دەبینین کە ژنان، هاوشانی پیاوان بەمەبەستی سەرخستنی دۆزی ڕەوای کورد تێکۆشاون و هەنگاویان هەڵێناوەتەوە، لە هەر بڕگەیەکدا بەپێی فەرهەنگ و نۆرمی زاڵی ئەو بڕگەیە لە مێژوو ئەوانیش

توانیویانە ڕۆڵ بگێڕن و بێگومان ڕۆڵی ئەرێنیشیان گێڕاوە، بەڵام دیسانەوە لەمپەرەکان نەیانهێشتووە کە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیی کورددا، جێگە و پێگەیەکی شیاو بێت.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسیدا جێی بایەخ و گرینگە؟ ئایا بەبێ بوونی ژنان خەبات سەر ناکەوێ؟ ئەگەر ژنان لەم گۆڕەپانەدا نەبن گەیشتن بە ئامانج ئەستەمترە؟ لە هەمووی گرینگتر، بوونی ژنان دەتوانێ چی بە خەباتەکە ببەخشێ؟ وڵامی کۆی ئەم پرسیارانە لە وتەیەکی ڕێبەری نەمری گەلەکەمان، دوکتور قاسملوودا خۆی دەنوێنێ. دوکتور قاسملوو دەفەرموێ: "هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە."

لەڕاستیدا بوونی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵ و توێژێکی خاوەن ماف، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ گەیشتن بە ئامانجە. هەروا کە دوکتور قاسملوو ئاماژەی پێ دەکات، پێشکەوتووبوونی کۆمەڵ، لە گرەوی بەشداریی زیاتری ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە و لە ڕاستیدا کزبوونی ئەم بەشدارییە، کزبوونی خەبات و بزووتنەوەشی بەدواوە دەبێ، ئەگەر ژنان بتوانن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشداریی چالاکانەیان هەبێ و پۆتانسیەلی خۆیان لەم پێناوەدا بخەنە گەڕ و ئەرکەکە لە ئەستۆی خۆیان نەکەنەوە، بزووتنەوەکە زۆر زیاتر لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە.

چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خەبات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ڕاستیی ئەم بابەتە دەردەخات. لە هەر بڕگەیەک لە مێژوودا کە ژنان ڕۆڵی زیاتریان گێڕابێ و زیاتر خۆیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دابێت، ئەوە خەباتەکەش گەرموگوڕتر بووە و ئاکامەکەشی دڵخوازتر.

بەڵام، نموونەی بەرچاوی ئەم بەشداریکردنە و پێشکەوتووبوونی ئەم بزووتنەوە و خەباتە، شۆڕشی ژینایە. لەم شۆڕشەدا بە ڕوونی ئەو وتەیەی دوکتور قاسملوو کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا خۆی دەنوێنێ و دەکرێ شیکاری تەواویشی لەسەر بکرێ.

ڕوونە کە کوردستان، لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەراندا، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، لەم ڕێڕەوە مێژووییەشدا، یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان کە ئەکرێ وەکوو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکان لە ڕەوتی خەباتی کورددا ناوی لێ ببردرێت، بەشداریی هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بووە کە لە شۆڕشی ژینادا دیسانەوە خۆی بەرجەستە


سەرچاوە
Serchawe

کردەوە.

پاش زیاتر لە ٤ دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لە تاران، چەخماخەی خەباتێکی نوێی لێ دا. دەسپێکی ئەم خەباتە لە کوردستانەوە بوو و ئەمەش بۆ پێشینەی خەبات لە کوردستان دەگەڕایەوە چونکە لە ڕاستیدا کوردستان هەمیشە بەنیسبەت کردەوەکانی دەسەڵات دژکردەوەی هەبووە، بەڵام ئەمجارە دژکردەوەکە بەربڵاوتر بوو. چەخماخەی ڕاپەڕینەکە لە کوردستانەوە لێ درا چونکە کوردستان هەمیشە بەستێنی خەبات بووە و ئامادەتر، پێشینەی سیاسیی کوردستان و بوونی حیزب و ڕێکخراوەکانیش وای کرد کە سەرهەڵدانەکە لە کوردستان ڕێکخراوتر و سازماندراوتر بێت، لەم دۆخەشدا دیسانەوە ژنان بوون بە بەشێکی گرینگ لە بزووتنەوەکە؛ پاش بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، ژنان بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازای"، لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان هەڵ دایەوە. ئەمە هەنگاوێکی گرینگ بوو، چونکە ئەوان ڕێک لەو کاتە هەستیارەدا، بەرانبەر ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستوو وەستانەوە کە ٤٠ و چەند ساڵ بوو، لەژێر سێبەرەکەیدا ژیابوون، ژنان بەم جووڵەیە، ڕۆحێکی تازەیان وەبەر خەباتەدا کردەوە و نیشانیان دا کە بوونیان و بەشدارییان لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پاوانخوازیی دەسەڵاتدا چەندە دەتوانێ کاریگەر و گرینگ بێ.

ئەم جووڵەیەی ژنان، بووە نوێنگەی وتەکەی دوکتور قاسملوو و بەشداریی چالاکانەی ئەوان بوو کە توانیی پێشکەوتن بە بزووتنەوەکە ببەخشێ و لە هەمان کاتیشدا تێکۆشانیان لە مەیدانی کردەوەدا و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەدەستی بەتاڵ لە بەرانبەر هێزی پۆشتەی ڕێژیم، سەلماندی کە تێکۆشانی ژنان چەندە دەتوانێ شانسی سەرکەوتن زیاتر بکاتەوە، ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی گرێ بدرێ بە تێکۆشانی ژنانەوە، بەڵام بە هێنانەوەی چەندین فاکت، ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی دەنوێنێ کە ڕێک بەشداریی ژنان بوو کە توانی تا ڕادەیەکی زۆر شۆڕشی ژینا، وەکوو شۆڕشێکی گشتگیر لە سەراسەری ئێراندا پێناسە بکات.

ـ پاش شەهیدبوونی ژینا، ئەوە کۆمەڵگەی کوردستان بوو کە خاوەنداریەتی لە کچەکەی کرد و نەیهێشت تەرمەکەی بە بێدەنگی و بە دوور لە چاوی جیهانەوە ئەسپەردەی خاک بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا فڕێدانی سەرپۆشەکان لەلایەن ژنانەوە لە سەر مەزاری ژینای جوانەمەرگ، جووڵەیەکی زۆر کاریگەر بوو، لە ڕاستیدا دەکرێ ئەم جووڵەیە وەکوو هەنگاوی یەکەم بۆ دەسپێکی شۆڕشەکە چاوی لێ بکرێ، یەکەم بەو هۆیەوە کە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بە چالشدا کێشا و دووەم بەو هۆیەوە کە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی پاش ساڵانێکی زۆر، لەوێوە سەری هەڵێنایەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی

شۆڕشەکە.

. ژنـان بە پێچەوانەی ڕابردوو، ئەمجارە لە بەرەی پێشەوەی شۆڕشەکە بـوون، سۆزی دایکـانەی ئەوان بـۆ ژینـا و هاوسۆزی لەگەڵ دایکی ژینا وای کرد کە ئەوان بوێرانە بێنە مەیدان و جڵەوی خەباتەکە بە دەستەوە بگرن.

ـ دایکی شەهیدانی شۆڕشی ژینـا، بە وتەکـان و ئاکـاری ئاوەزمەنـدانەی خۆیـان ڕۆڵێکـی بەرچاویـان لە زینـدووڕاگرتنی شۆڕشەکەدا هەبوو، ئەوان بە خۆڕاگری و پێداگرییان لەسەر وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراوی خۆیـان و ڕۆڵەکانیـان، بـوون بە سیمبولی خەباتەکە و هێمایەک بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە.

. ژنان بۆ قەرەبووکردنەوەی ساڵەکانی لەدەستچووی ژیانیان لەژێر سێبەری ستەمی ڕێژیمی ئاخوندیدا، هەوڵیـان دا فـاکتەری گرینگ و کارای بزووتنەوەکە بن تـا ئەو ئاستە کە بـاوکی شەهیدێک لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بەغیرەتبوونی پیـاوان، بە غیرەتی ژنانەوە پێناسەوە دەکات و دەڵێ، لەمەبەدوا بۆ ئەوەی پیاوێک زۆر پیاو و بەغیرەت بێ دەبێ زۆر ژن بێ!

ئەمانە نموونەگەلێک لە ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە بزووتنەوەی ژینادان، کەوابوو وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ، بە کردەوە لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە چەنـدە بـوونی ژنـان و کـارابوون و تێکۆشـانیان لە بزووتنەوەیەکدا دەتـوانێ گرینگ و شـوێندانەر بێت. بێگومان ئەم بەشدارییە بەرفراوانەی ژنان لە بزووتنەوەی ژینـادا، کـاریگەریی ئێجگـار گەورەی لەسـەر داهـاتووی ژیـانی ژنان دەبێ. بەو واتـایە کە ئەگەر لە قۆنـاغی ئێستادا ئەم شۆڕشە بە ئاکـامی دڵخواز نەگـات، بەڵام بێگومـان توانیـویەتی لەسەر ڕوانین و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بەگشتی بەرانبەر بە ژنان و هەروەها خـودی دەسەڵاتیش بەرانـبەر بە هێـزی ژنان کاریگەریی ئەتۆی هەبێ.

ئەگەرچی زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە کەڵەکەبوونی ستەمی چەندین ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر یەک و کۆمەڵێک پرسی گرینگی وەک پرسی سیاسی، کـۆمەڵایەتی، ئـابووری، فەرهەنگی و ... لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینـادا کاریگەرییـان هەبوو، بەڵام نابێ لە بیری بکەین کە بوونی ژنان و هێزی ژنان توانیی شۆڕشەکە زیندووتر بکاتەوە و خاڵێکی وەرچەرخـان بۆ گۆڕینی سیمای پیاوانەی بزووتنەوە و شۆڕش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بێت.

لە ڕاستیدا دامـاڵینی ڕواڵەتـی پیـاوانە لەسـەر بـزووتنەوەی مـافخوازی لە کوردسـتان، دەکرێ وەکوو یەکێک لە گرینگتـرین دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا چاوی لێ بکرێت، دەسکەوتێک کە لە ئاکامی تێکۆشانی ژنان هاتە ئاراوە و وای کرد کە بە



سەرچاوە
Serchawe

پێچەوانەی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکانی پێشوو، زیاتر کۆماری ئیسلامی لە هەڵدێر نزیک بکاتەوە.

دەکرێ بڵێین شۆڕشی ژینا و ئەو ئەرکوەخۆگرییەی ژنان لەم قۆناغە لە خەباتدا، وەڕاستگەڕانەوەی وتەکانی دوکتور قاسملوو بوو، لە ڕاستیدا تێکۆشانی ژنان لە بزووتنەوەی ئێستای کوردستاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، دوکتور قاسملوو باسی لێ کردبوو و بە گرینگی زانیبوو. بەڵێ. شەهید د. قاسملوو گوتەنی: "هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حوسێن ئەحمەدی‌نیاز: لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو جینایەت و تاوانێک پاساوێکی ئایدۆلۆژیکی لەپشتە

### دیمانە

**ئاماژە**: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستاندا هەڵکشانی بەرچاوی بە خۆی بینیوە و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو دەستیان بە ڕەشبگیر لەنێو چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزیدا کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیان و بەتایبەت زیندانییانی سیاسی کە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا دوو حاڵەتی کوژران و گیانلەدەستدان لەژێر ئەشکەنجەدا لێ کەوتەوە، بابەتێکی هەستیاری پێوەندیدار بە دۆخی زیندان و بەندکراوان لە کوردستانە کە مەبەست کوشتنی مووسا ئیسماعیلی و پەیمان گەڵوانی لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی پووشپەڕ لە زیندانی ورمێیە. لە ڕۆژانی ڕابردووشدا زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی "لوقمان قادری" لە زیندانی ورمێدا کەوتووەتە ژێر گوشار و جیا لەوەی ئەم زیندانییە سیاسییە کوردەیان خستۆتە بەردەم گوللەبارانی درۆیین و بەو شێوەیە ئەشکەنجەیان کردووە، هەڕەشەی بڕینەوەی دەست و لاق و بێسەروشوێنکردنیشیان لێ کردووە. کوردکاناڵ لە وتووێژێکی تایبەتدا ئەم بابەتەی لەگەڵ "حوسێن ئەحمەدی‌نیاز"، مافناس و پارێزەر تاوتوێ کردووە کە "کوردستان" پوختەیەک لەم وتووێژە دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی.

**ئاسۆ مینبەری**: لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان و ئەشکەنجەی زیندانیان لە کوردستان ڕووی لە زیادبوون کردووە، پێتان وایە هۆکار چییە؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: ئەوە بەشێکە لە سیستەمی هەمیشەیی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پەرەپێدانی سەرکوت و کەمکردنەوەی ئاستی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و هەروەها پەرەپێدانی ترس و دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگەدا، لە هەموو شێوازە نایاساییەکان کەڵک وەردەگرێ. ئەگەر بڕیار بێ یاسا سەروەر بێت لە ئێراندا و من وەکوو پارێزەرێک بمەوێ پشت بە یاسا ببەستم، سەرەتا پشت بە ماددەی ٣٨ی یاسایی بنەڕەتیی ئێران دەبەستم کە تێیدا هەر جۆرە ئەشکەنجەیەک قەدەغە کراوە و هەر کردەوەیەک لە چوارچێوەی زۆرلێکردن و گوشارهێنان و ئەشکەنجەدا بێت، ڕێگەی لێ گیراوە و هەر جۆرە دانپێدانانێکی زۆرەملێش هیچ کاریگەرییەکی نییە و پشتی پێ نابەسترێت. بەڵام بەداخەوە ئەم

یاسایە لە ئێراندا حاکم نییە. سەرنج بدەن لە دادگا و دادسەراکاندا هەر لەم شێوازە کەڵک وەردەگرن کە قەدەغە کراوە و لە هەموو دۆسییە سیاسی و ئەمنییەتییەکانیشدا کە هەیە و بینیومانە، بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر چاوەدێری سیستەمی دادوەریدا، لەم شێوازە نامرۆڤانەیە کەڵک وەردەگرێت کە بتوانێ ترس و دڵەڕاوکێ بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکات، نارەزایەتییەکانی خەڵک سەرکوت بکات و هەر جۆرە دەنگێکی نارەزایەتی و خۆپیشاندانێک لە ئێراندا، بە تەواوەتی سەرکوت بکات.

**ئاسۆ مینبەری**: بەپێی ئامارەکان، ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا دەسبەسەر کراون، چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزین، ئێمە دەزانین کە ئەم کەسانە لە چوارچێوەی دیاریکراوی ڕێکخراو و NGO کانی خۆیاندا چالاکی دەکەن و تێکەڵ بە کاروباری سیاسییش نابن، هۆکار چییە کە کۆماری ئیسلامی دەست لەوانیش ناپارێزێت؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، هەر جۆرە چالاکییەکی مەدەنی، بە ئەمنییەتیی پێناسە دەکرێ. چونکە ئەم ڕێژیمە هەموو شتێک لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە چاو لێ دەکات. ژن یا پیاوێک کە چالاک بێ، ئەنجومەنێکی خێرخوازی و بەگشتی هەرکەسێک لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا بیەوێ هەنگاوێک هەڵ بگرێ، جا چ لە بواری مرۆیی بێت یان ژینگەیی، یان هەر بوارێکی دیکە، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە مەترسیدار و ئەمنیەتییە. تەنانەت خوێنەرێکی ڕۆژنامەش ئەتوانێ لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، وەک دوژمن چاوی لێ بکرێت، واتە بازنەی دوژمن‌ناسی لە کۆماری ئیسلامیدا بەپێی بیرکردنەوە و ئیدئۆلۆژیی حاکم بەسەر ئەم ڕێژیمە دیاری کراوە. هەر کەس لەو چوارچێوەیەدا بێت، بە دوژمن دادەنرێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەمانە دەبێ مەحکووم بکرێن، زیندانی بکرێن، لەژێر چاوەدێریدا بن، جا چ چالاکی کرێکاری بێ، چ ڕۆژنامەنووس بێ، چالاکی مەدەنی و ژینگەپاریزی بێ، تەنانەت کەسێک کە جلی کوردیی لەبەر بێت، یان خوێندکار بێت، هەموو ئەمانە بەپێی ئیدئۆلۆژی و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دوژمنن و مەترسیدارن. چونکە لە ڕاستیدا ئەوان دژایەتییان لەگەڵ ئاگایی و زانستە، زانستە کە ئەبێتە هۆی گەشەی کۆمەڵگە و ئەمە بۆ کۆماری ئیسلامی مەترسیدارە، چونکە بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری و ئاگایی خەڵک مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆماری ئیسلامییە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی دژ بە چالاکانی مەدەنی، خوێندکاران، کرێکاران، ژنان و تەنانەت منداڵان بووە.

**ئاسۆ مینبەری**: وەکوو یاسای ٣٨ی یاسایی بنەڕەتی کە تێیدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بە قەدەغەبوونی ئەشکەنجە کراوە، ئایا یاسایەکیش هەیە کە تێیدا باس لە پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنی کرابێت و کۆماری ئیسلامی پشتگوێی خستبێت؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: لە کۆماری ئیسلامیدا یاسا شتێکە و سیاسەتی خودی دەسەڵات شتێکی دیکەیە، ئەگەر بەڕاستی لە ئێراندا یاسا سەروەر ببوایە، هەر نەبێ ئەو هەموو چارەڕەشی و ستەمە بەرانبەر بە خەڵک نەدەبوو. لە چێوارچێوەی ئەم دەسەڵاتەدا، ئەوەی کە لە یاسادا باسی لێ کراوە، هیچ گرینگییەکی پێ نادرێت، چونکە هیچ گرینگییەک بەم یاسایانە نادرێت، ئەساسەن یاساکان بوونی فیزیکییان نییە و ئەمە تەنیا یاسایەکە کە نووسراوە و هیچ کەڵکێکی نییە. بۆ نموونە ماددەکای ٥، ٦ و ٧ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەری دەڵێ هەرکەس دەسبەسەر دەکرێ، مافی دەسپێڕاگەیشتن بە پارێزەر و بێدەنگبوونی هەیە، وای دابنێین کە کەسێک دەسبەسەر دەکرێت و دەبردرێتە کەلانتەری یان ئیدارەی ئیتلاعات و بڵێ من بەپێی ماددەی ٦ی یاسای ئایینی دادڕەسیی کەیفەریی ئێران مافی بێدەنگبوونم هەیە و تا پارێزەرەکم نەیەت قسە ناکەم، پێتان وایە لەو ناوەندە چۆن لەگەڵ ئەو کەسە هەڵسوکەوت دەکرێ؟ بە ڕادەیەک ئەشکەنجەی دەکەن کە بەگشتی مافی بێدەنگبوون و هەبوونی پارێزەریشی لەبیر دەچێتەوە. کەوابوو ئەو شتانەی لە یاسادا باس کراون تەنیا لە چوارچێوەی کتێبەکاندان و لە ڕاستیدا لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا جێبەجێ نابن و ئیمکانی نییە یاسا بتوانێ سەروەر بێت.

**ئاسۆ مینبەری**: لەو ڕۆژانەدا زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی لوقمان قادری لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ورمێوە بە گوللەبارانکردنی درۆ و ساختە ئەشکەنجە درا. ئەم جۆرە لە ئەشکەنجە چۆنە و ئایا ئەم جۆرە ئەشکەنجەیە باوە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، لە زیندانەکاندا و بەتایبەتیش ئەو زیندانانەی لەژێر چاوەدێریی ناوەندە ئیتلاعاتییەکاندان، دادیار، دادوەر و لێپرس خۆیان چاوەدێری بەسەر سیستەمی ئەشکەنجەدا دەکەن. ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن زووتر دانپێدانان لە زیندانییەک وەربگرن، لە شێوازی جیاواز کەڵک وەردەگرن. وەک لەسێدارەدرانی ساختە، بۆ نموونە بە زیندانییەکە ڕادەگەینن کە ئەوە حوکمی تۆیە و ئێستا دەتبەین لەسێدارەت بدەین، کەسەکان دەبەنە پای داری سێدارە و زۆر جار تەنافەکەش لە ملیان دەئاڵێنن، ئەمانە هەموویان شێوازگەلێک لە ئەشکەنجەکردنن کە بۆ وەرگرتنی دانپێدانان و سەرکوت بەکار دەهێنرێن. ئامانج لەم کارەش ئەوەیە لە ئەگەری ئازادبووندا، ئەم کەسانە هەرگیز بیر لە نارەزایەتیدەربڕین نەکەنەوە. مەسەلە ڕوونە. لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە بۆ وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بەداخەوە بینیومانە زۆربەی ئەو کەسانەی بە شێوەی ڕاستەقینەش تیرباران کراون، پێش لەوە چەندین جار تیربارانی ساختە کراون، بەداخەوە ئەو کەسانەش کە تۆمەتباری ئەمنییەتیین کەس ئاگای لێیان نییە و دووربینەکانی ئەوێ چالاک نین تاکوو ئاگادار بین لە ڕووداوەکان، لە ڕاستیدا هەزاران جینایەت لەوێ ڕوو دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە لە ئەشکەنجە بەرپرسایەتییەک ناخاتە سەریان، چونکە لە ڕاستیدا لەلایەن یاساوە و بەپێی "مصونیت قضایی، سیاسی یا تعقیب"، پارێزراون. کەوابوو بۆ هەموو جینایەتێک بەپێی ئیدئۆلۆژیی خۆیان، پاساو دەهێننەوە.

**ئاسۆ مینبەری**: بەنیسبەت کەیسی لوقمان قادری، سەرەڕای بردنی بۆ شوێنی نادیار و بەستنەوەی بە دارەوە، هەڕەشەی بڕینەوەی دەست و لاقیشیان لێ کردووە، ئایا بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ئەتوانێ کاریگەیی لەسەر دۆخی ئەم جۆرە زیندانییانە هەبێت؟ یان ناوەندە مافی مرۆییەکان دەتوانێ بێنێتە دەنگ؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: جاوید ڕەحمان نوێنەری تایبەتی مافی مرۆڤی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و لە ڕاستیدا بەرپرسە لەوەی کە ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەو پێشێلکارییانەی ماافی مرۆڤ بە دەستی بگات تاکوو کاریان لەسەر بکرێ. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانیش لە سویس ئەرکەکەی پێڕاگەیشتن بەم جۆرە دۆسییانەیە، خودی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەرکی ئەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوانە بکات. ئەمە لانیکەم کارێکە کە لەم بوارەدا دەبێ جێبەجێ بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم بە میدیاییکردن و ئاگایی بەخشینە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا زیاتر بکەونە بەر چاو و هەوڵ بدرێت کاریان بۆ بکرێ. ئەگەرچی وڵاتانی ئوروپایی خۆیان باش دەزانن کە لە ئێراندا ئەشکەنجە هەیە بەڵام دەبێ ئاگادار بن کە لە کوردستاندا ئەم ئەشکەنجەیە زۆرتر و نامرۆڤانەترە و بزانن ڕۆڵەکانی کوردستان ڕۆژانە چ ستەمێکیان لێ دەکرێت.

**ئاسۆ مینبەری**: بەرەبەرە لە ساڵڕۆژی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی نزیک دەبینەوە، پێتان وایە ئەمە تا کاریگەریی لەسەر زۆربوونەوی ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان هەبووە؟

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: هەموو ترسی کۆماری ئیسلامی لەوەیە کە لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینیدا، خەڵک بڕژێنەوە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە شێوازێکی تردا دەست پێ بکەنەوە، حکوومەت لەم شتە زۆر دەترسێ، هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی لە هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە کەڵک وەربگرێ تاکوو خەڵکی پێ سەرکوت بکات. ڕێژیم بۆ پێشگرتن لەم ڕووداوە، سەرکوت و ترساندن زۆرتر ئەکاتەوە، کوشتار زۆرتر دەکاتەوە، لە هەموو کتێبەکاندا هەیە کە دیکتاتۆرەکان زۆر دەترسن لەوەی کە خەڵک بێنە سەر شەقام و خۆپیشاندانەکان بەربڵاوتر بکەنەوە. بەڵام خەڵک چیدیکە ناترسن و حکوومەتیان باش ناسیوە، حکوومەت هیچ ڕەواییەکی نەماوە و تەنانەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتیشدا بڕوایان بە یەکتر نەماوە، بەم هۆیەوە سەرکوت و گوشارەکانیش بۆ سەر خەڵک زیاتر دەکاتەوە.

**ئاسۆ مینبەری**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا

**حوسێن ئەحمەدی‌نیاز**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## ورەی شۆڕش

لەو ڕۆژەوە کە ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم کوژرا و شۆڕشی بێوێنەی ژینا بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی دەستی پێ کرد، تاکوو ئەمڕۆ کە نزیک بە ١٠ مانگ بەسەر دەسپێکی ئەم شۆڕشەدا تێدەپەڕێ، کوردستان بینەری کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر بووە. کۆمەڵێک حەماسەی گەورە خوڵقاون کە ڕەنگە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامیدا و سەرەڕای هەبوونی شەپۆلی جیاوازی ناڕەزایەتییەکان، کۆمەڵگە ڕووداو و حەماسەی لەو چەشنەی بە خۆیەوە نەدیتبێ.

بە شەهیدبوونی هەر لاوێکی کوردستان، حەماسەیەک خوڵقا، ڕێورەسمی بەخاکسپاردن و پرسە و چلەی ماتەمینی، بە پێچەوانەی نۆرمی کۆمەڵگە، بوون بە دەرفەت بۆ بەگژداچوونەوە و ئەکتێکی نوێ بەرانبەر بە داگیرکاری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی ئێران و هاوکاتیش خوڵقاندنی حەماسەیەکی نوێ و دەگمەن.

ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو، هەڵگری کۆمەڵێک بەها و پەیامی گرینگ بوون؛ وردبوونەوە لە هەرکام لەو ڕووداوانە بۆ ئەوە دەبێ دەیان و سەدان کتێبی لێ بنووسرێ و بچێتە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردەوە.

هەر کام لە ڕووداوەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا، وانەیەکی جیاوازی پێ بوو، بەڵام هەموویان لە یەک شتدا کۆک و تەبا بوون، ئەویش ئەو پەیامە گرینگەی ئەم نەتەوەیە بە هیچ چەشنە سەرکوت و زەبر و زەنگێک بەچۆک دانایە و تا گەیشتن بە ئامانجی خۆی، لە ڕێبازی تێکۆشان بەردەوام دەبێ.

لە ڕۆژی شەهیدبوونی ژیناوە، شارەکانی کوردستان هەموو ڕۆژێک دەبوون بە گۆڕەپانێک بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بە ڕێژیم. هەر ڕۆژە و لە شارێک بڵێسەی ئاگری ناڕەزایەتییەکان بەرز دەبووەوە و ڕێژیمی لە لێواری هەڵدێر نزیکتر دەکردەوە. هەر ڕۆژ و لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکاندا، کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویان دەدا کە پێکەوە بوون بە پێناسەیەک بۆ شۆڕشی ژینا.

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١، "محەممەد حەسەنزادە"ی تەمەن ٢٨ ساڵ، لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی

شاری بۆکاندا بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شەهید بوو. شەهید محەممەد لە دوایین ستۆریی ئینستاگرامەکەیدا نووسیبووی: "ڕەنگە ئەمڕۆ، ڕۆژی کۆتایی ژیانم بێ، لەپێناو بەختەوەری گەلەکەم...". بەڵام چیرۆکی محەممەد لێرە و بە شەهیدبوونی کۆتایی پێ نەهات، هەر ئەوەی کە هاوڕێکانی بە گیانبازییەوە چوونە مەیدانی خەباتەوە، نیشانی دا کە چۆن ڕێبازی شەهیدان درێژەی دەبێ. باوکی شەهید محەممەد، لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەی بە دڵێکی پڕ بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی بەڵام سەربەرزانە و وەک باوکی شەهیدێکی ئەم نیشتمانە، بە قسەکانی حەماسەیەکی نوێی خوڵقاند، و هێز و ورەی دووبارەی بە شۆڕشەکە بەخشی و بە ڕێژیمی ئێرانی سەلماند کە تەنانەت شەهیدکردنی ڕۆڵەکانیشیان ناتوانێ لە خەبات و تێکۆشان بیانوەستێنێ. باوکی شەهید محەممەد، لە سەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بە ڕستەیەک، وێڕای بزواندنی هەستی خەڵکی کوردستان، ورەی بەردەوامبوونی پێ دان، کاک ئەحمەد لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بەغیرەتبوونی پیاوانی، بە غیرەتی ژنانەوە پێناسەوە کرد و گوتی، لەمەبەدوا بۆ ئەوەی پیاوێک زۆر پیاو و بەغیرەت بێ دەبێ زۆر ژن بێ!

هێنانە سەر زاری ئەم قسانە بۆ باوکێک کە ساڵەکانی تەمەن و لاوەتیی خۆی لەپێناو بەختەوەریی منداڵەی داناوە، ئاسان نییە، ئەگەر خۆشەویستیی نیشتمان نەبێ چی ئەتوانێ لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی جگەرگۆشەیەکدا، ئەم هێزە بەم باوکە ببەخشێ کە ئاوا سەربەرزانە و بوێرانە بێتە گۆ و شۆڕشێک بە زیندوویی ڕابگرێ!

بەڵام چیرۆکەکە لێرەش کۆتایی پێ نەهات، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆیەک لە دایکی شەهید محەممەد، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەژاند. دایە عەزیمە، لە کاتی پڕکردنەوەی ئەو گۆڕانەی لە تەنیشت گڵکۆی کوڕە شەهیدەکەی و لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمەوە ئامادە کرابوون، پێشی بە پیلانە نگریسەکەی ڕێژیم گرت. ڕێژیم بە خەیاڵی خۆی بە هەڵکەندنی عەرزی دەوروبەری مەزاری شەهیدان دەتوانێ پێش بە کۆبوونەوەی خەڵک لەسەر مەزاری شەهید محەممەد بگرێ و ئاگری ئەم شۆڕشە دامرکێنێ، بەڵام دایە عەزیمە بە وتنی ئەم ڕستەیە کە خاک و وەتەنی ئێمەیە، خۆ هی حکوومەت نییە، بۆ جارێکی دیکە حەماسەیەکی نوێی خوڵقاند.

ئەکتی دایک و باوکی شەهیدان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، لە گرینگترین فاکتەرەکانی زیندوومانەوەی ئەم شۆڕشە بوون. بێگومان بۆ هیچ دایک و باوکێک ڕاهاتن لەگەڵ مەرگی منداڵەکەیان ئاسان نییە، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، دایک و باوکان، پاش شەهیدبوونی منداڵەکانیان، بوون بە بزوێنەری شۆڕشەکە. ئاخرین ستۆرییەکانی شەهید محەممەد، قسەکانی باوکی لە کاتی ناشتنی تەرمەکەی و کردەوە و قسەکانی دایکی لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە هیچ بەربەستێک ناتوانێ خەڵک لە داواکارییەکانیان دوور بخاتەوە. هەر کام لەم ئەکتە جیاوازانە لە زەمەنێکی

جیاوازدا ڕوویان دا، بەڵام ئاراستەی هەموویان، شۆڕشەکە و زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکە بوو. لە ڕاستیدا کردەوەی هەر کام لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدان، بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیی وەرەیەکی تازە بە شۆڕشەکە بدات.

لە فیداکاری بۆ گەل و نیشتماندا، شەهیدبوون بەرزترین پلەیە کە بە تاک دەبەخشرێت، شەهیدانی شۆڕشی ژیناش سەرەڕای ئەوەی کە هەر کامەیان لە جێگە و پێگەی خۆیاندا سەرمایەی ئەم خاک و نیشتمانە بوون، بەڵام بە شەهیدبوونیان و پێشکەشکردنی ژیان و گیانیان لە پێناو ئازادیی نیشتماندا، وانەی لەخۆبوردووییان جارێکی دیکە پێ داینەوە، هاوکات لەگەڵ ئەمە، شەهیدبوونیان هێزێکی تایبەتی بە بنەماڵەکانیان بەخشی و ئێستا ئیتر بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانن کە وره بە شۆڕشەکە دەبەخشن و بێگومان ئەم وەرەیە دەبێ سەرچاوەی هێز بۆ بەردەوامکردنی شۆڕشە تا گەیشتن بە ئامانج بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## ٧٨ ساڵ خەبات لەپێناو یەکسانی و پرسی نەتەوەییدا

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٧٨ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات تێپەڕی. حیزبێکی پێشەنگ کە بەدرێژایی ساڵانی خەباتی خۆی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشاوە، هیچکات لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەش خافڵ نەبووە و گرینگیی تایبەتی پێ داون.

حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا بە زۆر قۆناغی جیاواز و هەستیاردا تێپەڕیوە، وەکوو حیزبێکی پێشڕەو، هەوراز و نشێوی زۆری بینیوە بەڵام، هیچکات کۆڵی نەداوە. ئەم کۆڵنەدانە لە ڕاستیدا تەنیا بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان نەبووە، لێرەدایە کە ڕۆڵی ژن لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بەرجەستە دەکرێتەوە.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەکوو حیزبێکی نەتەوەیی کاری بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە، پەرژاوەتە سەر هەندێک بابەت و پرسی دیکەش کە گرینگیدان بەو پرس و بابەتانە هیچیان کەمتر لە ئامانجە سەرەکییەکەی ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد نەبووە و نییە.

لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات هیچکات لە پرسەکانی ژنان خافڵ نەبووە و لە هەر بڕگەیەک لە مێژووی خەباتی خۆیدا هەوڵی داوە بە باشترین شێوە هاوکات لەگەڵ پێناسەکردنی ئەرک و مافی ژنان، پرسە پێوەندیدارەکان بەم توێژە هاوتەریب لەگەڵ تێکۆشان لە ڕاستای بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییدا بە ئاکام بگەیەنێ.

زۆر جار بینیومانە ئەم ڕەخنەیە بەرەورووی حیزبی دێموکرات بۆتەوە کە پرسەکانی تایبەت بە ژنان ڕەوتێکی جیهانی دەپێون و هاوتەریبکردنی ئەم پرسانە لەگەڵ پرسگەلی نەتەوەیی بە مانای گرینگیدان بە ناسیۆنالیزم و زاڵکردنی بە سەر فێمێنیزمدایە، بەڵام لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵی داوە بە پێناسەکردنی ژنان وەکوو بەشێک لە دانیشتووانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جوغرافیای خەباتی خۆی، ئەرکداریان بکات بەوەی وەکوو ژنەکورد داوای مافەکانیان بکەن. بە مانای دیکە حیزبی دێموکرات ژنان وەک بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگە دەزانێت و بە

جیانەکردنیان لە پرسە نەتەوەییەکان، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی دەخاتە سەر شانیان، زیاتریش ئەرکداریان دەکات بەوەی خەبات بۆ توێژەکەی خۆیان بکەن و لەم پێناوەشدا خودی حیزبی دێموکرات یارمەتیدەرێکی باش بۆ ژنان بووە و بە ڕەخساندنی دەرفەت و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست هەوڵی داوە وەکوو ڕێکخراوێکی بەپرەنسیپ و بەرپرس لە بەرانبەر تاکەکانیدا، پرسەکانی ژنان بکاتە ڕۆژەڤ و کاریان لەسەر بکات. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەگەر ئێمە وەکوو نەتەوە ئازاد بین و کیانێکی سەربەخۆمان هەبێ، بێگومان وەکوو ژنیش ئەتوانین ئازاد بژین و ئازاد بیر بکەینەوە!

حیزبی دێموکرات بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە توێژی ژنان و هەوڵدان بۆ پێگەیاندن و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا، هەوڵی داوە بەکردەوە ژنان بێنێتە نێو بازنەی سیاسەتەوە و کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان وەربگرێت، هەربۆیە بەڕاشکاویش لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆیدا باس لەوە دەکات لەپێناو یەکسانیی کۆمەڵایەتی و لابردنی هەڵاواردنە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان کە بە دژی ژنان دەکرێت خەبات دەکات؛ ئاماژە بە کەرامەتی مرۆیی دەکات و باس لەوە دەکات کە دەبێ ستەمی جنسی کۆتایی پێ بێت، هەربۆیە دەبێ دان بەو ستەمەدا بنرێت کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و کەرامەتی مرۆیی ژنانی پێ زەوت دەکرێت.

حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی ئەم کەرامەتە بەکردەوە هەوڵی داوە، هیچکات نەیویستووە کە ژنان وەکوو ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ، هیچکات وەکوو کاڵایەکی دنیای سەرمایەداری چاوی لێ نەکردوون، هیچکات هەوڵی نەداوە کە ژنان بکاتە کەرەستەیەک بۆ ڕاکێشانی خەڵک یان ئەوەی کە بە پێناسەیەکی هەڵە لە ژنبوونی خۆیان بیانتۆرێنێ، حیزبی دێموکرات بەڕاشکاوی دەڵێت کە ژن بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیە کە بە ڕەنگ و بۆنی خۆیەوە دەتوانێ کاریگەر بێت، هیچکات هیچ ژنێک لە ژنبوون، لە هاوسەربوون و لە دایکبوون مەنع ناکات و هاوکات لەگەڵ ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی دەرفەتی پێ دەدا تاکوو ئەرکی دیکەش لەئەستۆ بگرێت چونکە بە دڵنیاییەوە پەروەردەی بەرەی داهاتوو زیاتر لە هەر کەسێک دەکەوێتە سەر شانی دایک و دایکێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێ نەوەی داهاتوو شۆڕشگێڕ بار بێنێت.
خەباتی ژنان خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتووییە، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و نەزانینە، خەبات دژ بە بیرۆکەی پیاوسالاری و ژێردەستەبوونی ڕەگەزییە، خەبات دژ بە داگیرکاری و هەڵاواردن و بەلاواز پێناسەکردنە، هەر لەم پێناوەشدا، حیزبی دێموکرات توانیویەتی سەنگەرێکی باش بۆ ژنان بە مەبەستی درێژەپێدانی خەباتەکەیان بێت و بەستێنی گونجاویان بۆ بخوڵقێنێ. لە بەرانبەر ئەو دەرفەتەدا کە حیزبی دێموکرات خوڵقاندوویەتی، ژنانیش لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و نیزامییەوە هەوڵیان داوە، خۆیان پێ بگەیەنن و لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن. لە ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوودا، ژنان چ وەکوو پێشمەرگە و بە تێکۆشانی ئاشکرا، چ وەکوو ئەندامی نهێنیی لە نێوخۆ و چ لە تاراوگە،

توانیویانە بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە جیاوازەکان، ئەرکی نەتەوەیی خۆیان لەم حیزبەدا بەجێ بگەیەنن.

گرینگترین خاڵ، بەشداریی کارای ژنان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدایە کە بەخۆشییەوە هاوکات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەم بەشداریکردنە ڕووی لە زیادبوونە و ژنان لەم حیزبەدا پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە ئەمە دەتوانێ لەسەر داهاتووی حیزبەکە و هاوکات پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنانیش، کاریگەریی هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئاگایی و وشیاری وەک پەیژەکانی سەرکەوتن

وردەوردە خەریکین لە ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی شۆڕشی ژینا بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی نزیک دەبینەوە. شۆڕشێک کە چەخماخەکەی لە کوردستانەوە لێ درا و وردەوردە هەموو ئێرانی گرتەوە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بینەری کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە کوردستان و ئێراندا بووین، ڕووداوگەلێک کە هەموویان بە ئاراستەیەکدا دەچوون و ئەویش هەوڵدان بۆ سەرخستنی شۆڕشی ژینا بوو.

گومان لەوەدا نییە ژنان یەکەم چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی ژینادا، ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە و، هەر ئەم ئەکتەی ژنان بوو کە توانی گۆڕەپانەکە بۆ ڕووداوەکانی دواتر هەموار بکات. فڕێدانی سەرپۆش ئەویش لەژێر گوشاری ڕێژیمێکدا کە هەر بەو بۆنەوە ژینای لە ژیان بێبەری کرد و تەرمەکەی ڕەوانەی گۆڕستان کرد، لە جۆری خۆیدا و لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە بوو، بەڵام کاتێک ئەم ئەکتە مانای تەواوی خۆی مسۆگەر کرد کە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیشی لەگەڵ خۆی ڕێک خست و بوو بە هۆی سەرهەڵدانێکی مەزن نەک تەنیا لە شاری سەقزی شوێنی لەدایکبوونی ژینا، بەڵکوو لە هەموو کوردستان و ئێران .

ژنان لەم یەک ساڵەدا بە هەموو شێوازێک هاتنە مەیدان و داوای مافی خۆیان کرد، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بە پێچەوانەی باقی شارەکانی ئێران، لە کوردستاندا، پرسی حیجاب پرسی سەرەکی نەبوو، بەڵکوو بوو بە بیانوویەک بۆ ئەوەی لە پەنایدا، باس لە مافی نەتەوایەتی بکرێ! هەر خودی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بە نێوەڕۆکێکی پڕ ماناوە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هیدایەتکردنی شۆڕشەکە بوو، دروشمێک کە تێیدا سێ چەمکی گرینگ و لێکگرێدراوی کۆمەڵگە باسیان لێوە کرا و ڕێبەریی شۆڕشەکەیان کرد. خاڵی سەرنجڕاکیش ئەوەیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بە هەر بیر و باوەڕێکی ئایینی، سیاسی یان تەنانەت فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، لەژێر ئەو دروشمەدا کۆ بوونەوە و هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتر، دروشمگەلی پێکهاتەشکێن و ڕادیکاڵتریان بەرانبەر بە دەسەڵات بەکار هێنا. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەندێ لایەن بە هێنانەئارای دروشمی "مرد، میهن، آبادی"، هەوڵیان دا ئاراستەی شۆڕشەکە بگۆڕن و فەلسەفەی شۆڕشەکە بەلاڕێدا ببەن.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەلایەن زۆر کەس و لایەنەوە، کۆمەڵێک هەڵە ڕوویان دا کە بووە هۆی ئەوەی شۆڕشەکە لە کزی بدا و خەڵکی ڕاپەڕیویش دڵسارد بکەنەوە، بەڵام ئیرادەی گشتی بۆ تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی خوێنمژی ئاخوندی، گەورەترین هۆکار بۆ بەردەوامبوونی شۆڕشەکە تا ئەمڕۆ بووە و وا وێدەچێ لە ساڵیادی ئەم شۆڕشەشدا کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە بێنە پێش کە ئەمە لە وتە و هەڕەشەکانی ڕێژیمدا بە باشی خۆی دەنوێنێ و ئەوانیش خۆیان بۆ ئەم ڕووداوانە ئامادە کردووە.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ژنان لە زۆر بواردا توانییان ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن، ڕەنگە زۆر کەس لە خەسارناسیی ئەم بەشداریکردنەدا، ڕۆڵی ژنان بە لاواز وەسف بکەن بەڵام ڕاستییەکە پێچەوانەی ئەمەیە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەدرێژایی زیاتر لە ٤ دەیە، دەسەڵات هەوڵی پەراوێزخستنی ژنانی داوە و لەسەر پرسێکی زۆر بێبایەخی وەکوو حیجاب، ژینا ئەمینیی شەهید کرد و بە دەیان کچی دیکەی خستە زیندانەوە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە عورفی داسەپاو وای کردووە کە ژن توانای دەربڕینی ویستەکانی نەبێت و لە ئەگەری دەربڕینی خواستەکانیدا پێش دەسەڵات، لەلایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە هێرشی بکرێتە سەر، کردەوەی ژنان دەبێ بەرز بنرخێندرێ.

ئەگەرچی لە کوردستاندا هەوڵێکی گشتگیر بۆ دژایەتی لەگەڵ خواستی دەسەڵات لەئارادا بووە و کوردستان هیچکات ملکەچی بڕیاری دەسەڵات نەبووە، بەڵام ناتوانین حاشا لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم لەسەر خەڵک بکەین، بۆیە بە سەرنجدان بەو گوشارەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ سەپاندنی هزر و ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ئیسلامی هەبووە، پێویستە هەموو هەنگاوەکانی ژنان، بەنرخ بزانین و گرینگی تایبەتیان پێ بدەین. ژنان لە سووچی ماڵەکانەوە، گەیشتنە زانکۆکان و لە شۆڕشی ژینادا، بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ڕوانینێکی دروست هاتنە مەیدانی کردەوە، لەم پێناوەدا بریندار بوون، دەسبەسەرکران و تەنانەت هەندێکیشیان کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکان بەڵام، لە داواکردنی مافەکانیان پاشگەز نەبوونەوە. چاوخشاندنێک بەسەر ئاماری ڕێکخراوە مافی مرۆییەکاندا نیشانمان دەدات کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ژنان تا چ ڕادەیەک کەوتنە بەر شەپۆلی دەسبەسەرکران و توندوتیژییان بەرانبەر کرا بەڵام، قەت کۆڵیان نەدا، چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە ئەگەر هەمووان پێکەوە نەبن بە مستێک لە بەرانبەر داگیرکەردا، بێگومان یەک بە یەک وەکوو ژیناکانی ئەم نیشتمانە، دەبنە قوربانی.

لەڕاستیدا باسکردن لە بوون و ڕۆڵی ژنان، بەو مانایە نییە ئەم بەشداریکردنە ڕەخنەی لەسەر نییە، بێگومان ڕەخنەش هەیە بەتایبەت لەو بەشەدا کە کۆمەڵێک لە ژنانی کورد، خوازراو یان نەخوازراو کەوتنە داوی پروپاگەندەی گرووپەکانی دیکەوە و پرسەکەیان تەنیا لە حیجابدا قەتیس کردەوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە، زۆرترین ڕێژەی ژنان لە کوردستان، ئەو

کەسانە بوون کە بە ئاگایی سیاسییەوە لە پرسەکەیان ڕوانی و هاتنە مەیدان تاکوو هاوتەریب لەگەڵ مافی خۆیان وەک ژن، داوای مافی نەتەوەکەشیان بکەن.

بەشداریی ژنان لەم شۆڕشەدا، خاڵێکی وەرچەرخان لە دۆخی ئەواندایە، بێگومان دەبێ توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان لە داهاتوودا کەم ببنەوە و ژنانیش زیاتر لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگەدا، خۆیان ببینەوە، چونکە سەرکەوتن لە گرەوی ئاگایی‌دایە و بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەکی وشیار و ئاگا، سەرکەوتن مسۆگەر نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٣

## ژینا ئێستا نیشتمانە!

لە دوای کوژرانی ژینا بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم لە تاران، شەپۆلێکی بەرین لە ناڕەزایەتیی جەماوەری کوردستانی گرتەوە و دواتر پەلی بۆ زۆر شوێن و ناوچەی دیکە لە ئێران هاویشت.

ئەگەرچی ئەم شەپۆلە لە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان، وەکوو زێد و نیشتمانی ژینای دڵ پڕ لە خۆزگە زۆر بەرینتر و ڕادیکاڵتر بوو، بەڵام پاڵپشتی و هاتنە سەر شەقامی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش بابەتێکی گرینگە.

ژینا ئەمینی ئەو کچە کوردەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێی جێگای پەسەندی ئەم ڕێژیمە گیانی لێ ئەستێندرا و بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژیی دژەژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە کوژرانی توانیی ڕاپەڕینێکی جەماوەری نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە ئێرانیش وەڕێ بخات، هەروەها کاربەدەستانی زۆر لە وڵاتانی گرینگی دنیا بێنێتە سەر خەت و لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بیروڕای گشتی بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات. هەر ئەوەی کە ناوی ژینا و شێوەی کوژرانی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بووەتە ڕۆژەڤی میدیا جیهانییەکان و کەسایەتییە بەناوبانگەکان باسی دەکەن و کردەوەکەی کۆماری دژەژنی ئاخوندی ئەبەنە ژێر پرسیارەوە، دەتوانین بڵێین ژینا بە مەرگی خۆی جیهانی بزواند.

ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کە ڕووداوەکە ڕووی دا، خودی ڕێژیمیش بیری لێ نەکردبێتەوە کە مەرگی کچێک بتوانێ ئەوەندە بزوێنەر بێت، بەڵام هەر ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی ژینا لە گۆڕستانی "ئایچی"ی سەقز و بەشداریی بەربڵاوی خەڵک لەم ڕێوڕەسمە، فڕێدانی سەرپۆشەکان لە لایەن ژنانەوە و دواتریش هاتنە سەر شەقامی خەڵک لە شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، هەموویان تێچوویەکی قورس بۆ ڕێژیم بوون، تاکوو تێ بگات چیدیکە خەڵک -بەتایبەت لە کوردستان- لە بەرانبەر کوشتنی ڕۆڵەکانیان بێدەنگ نابن.  هەروەها ئەگەرچی ژینا کچی بنەماڵەیەکی خەڵکی سەقز بوو بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان خاوەنداراەتییان لێ کرد و بە هاتنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیدەربڕین بە کوژرانی، ژینایان کردە سیمبۆلێک، سیمبۆلێک کە بێگومان بۆ هەتاهەتایە لە یادگەی ئێمە و جیهانیاندا دەمێنێتەوە.

کوژرانی ژینا، بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کە بەڕواڵەت ئەرکیان پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی کۆمەڵگەیە و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەسبەسەرکرانیەوە تاکوو کاتی گیانلەدەستدانی ڕوویان دا، سەلمێنەری ئاشکرای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەروەها بێبایەخی مافەکانی ژن لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و خودی کردەوەکەش کە لە لایەن مەئموورانی ڕێژیمەوە ئەنجام دراوە و مەرگی ژینای لێ کەوتووەتەوە، ڕاستیی کوژران یان قەتڵی حکوومەتیی ژینا پشتڕاست دەکەنەوە، کە بێگومان ئاکاری لەم چەشنە بە بەردەوامی لە ڕێژیمی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی بینراوە و هەتا ئەو ڕێژیمەش بمێنی، ئەو کردەوانەی بەردەوام دەبێت.

ئەوەی کە بەنیسبەت کوژرانی ژینا دەبێ لێی وردبینەوە، بەشداریی بەرچاوی ژنان بوو کە هەر لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنەکەیەوە تاکوو بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەر بوون و هاواری پەنگخواردووی خۆیان بۆ جارێکی دیکە بە گوێی جیهان گەیاند.

وێنە و گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکان لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارە، نیشان دەدات کە ژنان چۆن ئەرکی پێشەنگایەتییان لەئەستۆ گرتوە و، بە پێچەوانەی هەموو پرۆپاگەندەکانی ڕێژیم و هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی لەم ساڵانەدا کە ویستی ژن وەکوو بەشێکی پاسیڤی کۆمەڵگە پێناسە بکات و وا بنوێنێ کە ژن تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵەوە پێناسەی راستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لەم پێناوەشدا لە هەموو ئیمکانات و پێداویستییەک کەڵکی وەرگرت، ژنان هەموو جارێک و لە هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لە مەیدانی کردەوەدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن.

ڕەنگە زۆرجار ژنان هەوڵیان دابێت دژ بە حیجابی زۆرەملێ بێنە مەیدان و وەک لە ڕابردووشدا بینیومانە بۆ ئەم مەبەستەش نرخیان دابێ، بەڵام ئەمجارە پرسەکە زۆر جیاواز بوو. ئەمجارە زێدەڕۆیی ڕێژیم بووە هۆی گیانلەدەستدانی مرۆڤێک، کە بێگومان بیستنی ئەم هەواڵە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لای وڵاتانی دیکەش زۆر سەیروسەمەرە بووە، ئاخۆ چۆن ئەبێ مرۆڤێک بەو شێوە دڕندانەیە بکوژرێت تەنیا لە بەر ئەوەی کە ڕەنگە تاڵە قژێکی بەدەرەوە بووبێت یان ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگەکەی بە دڵی دەسەڵاتداران نەبووبێت؟!

نابێ ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە مەرگی تراژێکی ژینای نیشتمان چەند شتی گرینگی بەدواوە بوو. ئەو ڕووداوە بوو بە دەرفەتێک کە یەکگرتوویی خەڵک چ بە مانگرتنەکەی ٢٨ی خەرمانان و چ بە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، زیاتر لە پێش خۆی بنوێنێ و، ڕێژیمی تێگەیاند کە چیدیکە ئاکاری سەرەڕۆیانە ناتوانێ بەردەوام بێت و ئەوە خەڵکن کە بەگژ داگیرکاری و ستەمی ڕێژیمدا دەچنەوە. نیشانی دا کە هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و ئەم یەکگرتووییە دەتوانێ بونیاتی ئەم ڕێژیمە تێک



سەرچاوە
Serchawe

بشکێنێ.

ژینا ئێستا تەنیا کچێکی ٢٢ساڵی سەقزی نییە، ژینا ئێستا خودی نیشتمانە، هەر وەک چۆن کورد بە درێژایی مێژوو پارێزگاریی لە نیشتمانەکەی کردوە و لە پێناویشیدا گیانی بەخت کردوە، ئەمڕۆ ژینا بووەتە ئەو نیشتمانە کە لاوانی کوردستان بۆ پارێزگاری کردن و خاوەندارەتیکردن لە بوون و کەرامەتی، هاتنە سەر شەقام و سینگیان کردە قەڵغانی گوللەی داگیرکەران و چوونە ڕیزی نەمرانەوە.

ژینا بزوێنەر بوو بۆ تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان و بە مەرگی خۆی بووە چاوگی شۆڕشێک کە دامرکانەوەی بۆ نییە و بێگومان لە بەرەبەیانی ئازادیدا ناوی ژینا لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر بە سەر کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئیرادەی هاوبەش!

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ ساڵێک بەسەر شەهیدکرانی ژینا ئەمینی تێپەڕی. لە یەکساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە کوردستاندا ڕوویان دا، ڕووداوگەلێک کە بێگومان بەشێک لە پاشخان و مێژووی ئەم وەرزە لە خەبات بۆ نەسڵەکانی داهاتوون.

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵی ڕابردوو بوو، ڕەنگە ساڵی ڕابردوو و لەم ڕۆژەدا کەم کەس هەبووبێ بیری لەوە کردبێتەوە گیانلەدەستدانی ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران، ئەتوانێ چەخماخەی شۆڕشێک لێ بدا، بەڵام ئەمساڵ هەمووان دەیانزانی دەبێ یادی ژینا لە یەکساڵەی نەبوونیدا بکەنەوە.

### وێنایەک لە ڕۆژەکانی پێش ٢٥ی خەرمانان

ڕێژیم لە هەر لە سەرەتای مانگی خەرمانانەوە هێزێکی چەکداری زۆری ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کرد و بەتایبەت شاری سەقزی بەتەواوی میلیتاریزە کرد. ڕەشبگیرێکی کەموێنەی لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ژینگەپارێزی کرد و سەدان کەسی لە زیندان پەستاوت. بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینای بانگ کرد، گوشاری خستە سەریان و هەڕەشەی لێ کردن کە نابێ بەشداری ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی ژینا ئەمینی بن. بە دانانی کامێرای چاودێری و خاڵی پشکنین لە چونەژوورەوەی شارەکان، کەشێکی ئەمنیەتیی بەسەر شارەکاندا زاڵ کرد. دووکاندار و بازاڕییەکان لەسەریان کرا بێتوو مان بگرن و دووکان و بازاڕ دابخەن زۆر خراپیان بەسەردا دەشکێتەوە. لە ماوەی یەک حەوتوودا، ٤ جار باوکی ژینا بانگ کرایە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هەموو ئەمانە لە ترسی تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکی کوردستان و پاشان بەپیلەوە هاتنی بانگەوازێکی هاوبەشی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو.!

### لە گێڕانەوەیەکی کورتدا:

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە و داوایان لە خەڵک کرد لە ڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری، وێڕای خاوەندارەتیکردن لە کچەکەیان، "نا"یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی و تەواویەتی ڕێژیمە نگریسەکەی بڵێنەوە.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی خەرمانان، بازاڕی و کاسبکاران لە هەموو شارەکانی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست و کوردستان ئیرادەیەکی گشتگیریان پێشان دایەوە و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان تووشی شۆک کرد.

ڕێژیم سەرەڕای هەموو ئەو ڕێکارانەی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک گرتبوویە بەر، بەڵام شکا. بۆیە ناچار دیسان پەنای بردە بەر ڕێکاری دی. سەرەتا دایک و باوکی ژینای لە ماڵەکەی خۆیاندا دەسبەسەر کرد و هەموو ڕێگاکانی پێوەندیی بنەماڵەی ئەمینیی لەگەڵ دەرەوە پچڕاند. هەموو شەقامەکان و ڕێگاکانی دەوروبەری ماڵی ژینا ئەمینی بە هێزی ئەمنیەتی گەمارۆ درا، دواتر هەواڵدەریی ئێرنای سەر بە ڕێژیم، بە ناردنی کورتەنامە بۆ خەڵک، دەسبەسەرکرانی ئەمجەد ئەمینیی ڕەت کردەوە و لە زاری جێگری ئەمنیەتیی پارێزگاری سنەوە ڕایگەیاند کە پێشگرتن لە ڕۆیشتنی باوکی ژینا ئەمینی بۆ سەر مەزاری کچەکەی بە مەبەستی "پووچەڵکردنەوە"ی پیلانی "تێرۆر"ی ناوبراو بووە! ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەمجەد ئەمینی، چەند ڕۆژ پێش بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا ڕایگەیاند وەکوو هەر بنەماڵەیەکی دیکە بە مافی خۆیان دەزانن ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی بۆ کچەکەیان بگرن. هەروەها داوایان لە خەڵکیش کرد کە خۆیان لە هەر چەشنە توندوتیژییەک بە دوور بگرن، کەچی ڕێک لەو ڕۆژەدا سێناریۆیەک دەخوڵقێ کە گوایە ویستوویانە ناوبراو تێرۆر بکەن و هەر ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژە کە ژینای لە باوک و دایکی ستاند، ئێستا هاتووە و باوکەکە لە مەترسیی تێرۆرکران دەپارێزێ! جا تێرۆریست کێیە و بۆچی دەیەوێ ئەم باوکە دڵبریندارە تێرۆر بکات، پرسیارێکە وڵامەکەی تەنیا لە لۆژیکی ڕێژیمی ئێراندا دەگونجێ.

سێناریۆی لەم چەشنە لە کوردستاندا زۆر بووە و شتێکی نوێ نییە، چەند ساڵ پیش بوو کە لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شاعێری گەل، جەلالی مەلەکشادا لە سنە، پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕیسمەکە گیرا، بەو بیانوویە کە لە هۆڵەکە بۆمب دانراوە! ئەویش هۆڵێک کە لەژێر چاوەدێریی خودی ڕێژیمدا بوو، هۆکارەکە ئەوە بوو کە حەفتەیەک پێش لەوە مەلەکشا لە ڕێوڕەسمێکی دیکەدا، بە شێعری "دارەپیرە" ڕێژیمی کردبووە ئامانج و ترسی دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە، وای کرد سێناریۆی لەم چەشنە دابڕێژن و هیچکات ڕێوڕەسمەکەش بۆ مەلەکشا بەڕێوە نەچوو!

لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ڕێژیم سەرەڕای هەموو ئامادەکارییەکان و هەموو پلانداڕشتنەکانی، شکستێکی گەورەی خوارد، ڕێژیمێک کە هەمیشە بانگەشەی نەمانی حیزبەکانی دەکرد و بە میلیۆنان پارەی خەرج دەکرد تا بە دروستکردنی فیلم و بەرنامەی تەلەویزیۆنی، حیزبەکان بە مونحەلە و ناخۆشەویست و جینایەتکار ناو ببات، بۆی دەرکەوت هەموو کات و زەحمەتەکانی بەفیڕۆ چووە.

ئەگەر بانگەوازی هاوبەشی حیزبەکان، نیشاندەری ئیرادەیەکی گشتگیر و پتەو بوو، لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان بە شێوازێکی زۆر وشیارانە و بە بیرێکی کوردستانییەوە، بەرەوپیری بانگەوازەکەوە هاتن و شەقام و بازاڕیان چۆڵ کرد. بەمجۆرە بێدەنگییەک باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا کە فێرێکانسەکەی گەیشتە تارانی ناوەندی چەوسانەوە!

ئەم بڕیارە یەکدەستە، پڕ بایەخ بوو، چونکە وای کرد کە خەڵکی کوردستان بە هەر بیر و باوەڕێکی حیزبییەوە، لەژێر چەتری کوردستانیبووندا کۆ ببنەوە و پێکەوە پەیامی گرینگی یەکبوون و یەکهەڵوێستبوون بە ڕێژیم بگەیەنن. ئەم بانگەوازە ئەم پەیامە گرینگەی پێ بوو کە سەرەڕای جیاوازیی باوەڕەکان، سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکان، دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، بۆیە لە بەرانبەر ئەم دوژمنە هاوبەشەدا، بە ئیرادەیەکی هاوبەشەوە لە مەیدانی کردەوەدا تێدەکۆشین و براوەی ئەم مەیدانەش هەر ئێمە دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز!

ساڵێک پێش ئێستا، لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانداو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی سەقزدا و لەو کاتەدا کە تەرمی ژینای جوانەمەرگ بۆ هەتاهەتایە بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا، لەو کاتەدا کە دڵەکان لە لاواندنەوەکانی دایکی ژینا ئاوریان تێ بەربوو، لەو کاتەدا کە فرمێسکی قەتیسماوی چاوی باوکی ژینا دڵی هەموو دنیای هەژاند، لەسەر کێلی مەنزڵگەی نوێی ژینا، ڕستەیەک نووسرا، ڕستەیەک کە بە سەدان جار لە زۆر وتار و لێدوانی تلویزیۆنی و پۆستی فەیسبووکیدا دووپات بووەوە و وەک چۆن دروشمی ژن، ژیان، ئازادی وەکوو مۆرکێک لە شۆڕشی ژینا درا، ئەم ڕستەیەش بوو بە ماناترین ڕستەی شۆڕشی ژینا!

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بە کردەوە ئەم ڕستەیە ماناکەی خۆی وەرگرتەوە، ڕەنگە زۆر جار، زۆربەمان لە گەرمەی شۆڕش و سەرهەڵدانەکەدا، یان لە کاتی تەنیایی و بیرکردنەوەمان لەم شۆڕشە مەزنە، پرسیارمان لە خۆمان کردبێ کە کێ ئەم ڕستەی نووسی؟ بۆچی ئەمەی نووسی؟ ئایا دەیزانی بەخاکسپاردنی ژینا و ماڵاوایی هەتاهەتایی ئەم کچە لە ژین و ژیان، ئەبێتە دەسپێکی ژیانێکی نوێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا ماون؟ ئاخۆ قەڵەم چۆن سووڕا و ئەم ڕستەیە لە کوێوە هات؟ فەلسەفەی ئەم نووسینە چییە و بڵێی بەڕاستی ناوی ژینا ببێتە ڕەمز؟

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن ناوی ژینا بوو بە ڕەمز، وەک بڵێی بەڕاستی ڕووداوەکان ئیلهامیان لەم ڕستەیە وەرگرت و بەرەو ئەو ئاقارە چوون کە بە ڕاستی ناوی ژینا بکەن بە ڕەمز! ڕەمزێک کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژووی کوردستاندا هەرمان دەمێنێتەوە.

زۆربەمان وا لە مەرگ تێگەیشتوون، ماڵاوایی لە ژیان و کۆتاییهاتنی چیرۆکەکەمان، دابڕانمان لە دنیا و لەبیرچوونەوەمان تەنانەت لەلایەن ئازیزترین کەسەکانمانەوە، ئەی چی وای کرد کە ژینا نەمر بێت؟ چی وای کرد کە ژینا مانا و هەرمان بێت؟

لە ڕاستیدا لەو کاتەوە کە ژینا ڕووی لە تارانی پێتەختی جەلادەکان کرد، پێناسەیەکی نوێی لێ خولقا، ژینا لەو کاتەوە کە لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە گیرا و چووە پۆلیسی ئەمنییەتی_ئەخلاقی پێناسەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرت؛ ژینا ئیتر

تەنیا کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵی کوردی خەڵکی سەقز نەبوو کە ناسنامەی داگیرکەر بە مەهسای پێناسە دەکرد، ژینا لەوێ و لەو کاتەدا نوێنەری ناسنامەیەکی داگیرکراو، ڕەگەزێکی پەراوێزخراو و لە هەمانکاتدا نوێنەری نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراو بوو، بۆیە هیچ بەزەییەک بەرانبەر بەم کچە کوردە نەبینرا، بێبەزەییانە و لەوپەڕی دڕندەییدا، بە پێچەوانەی هەموو دەسبەسەرکراوانی ئەو ڕۆژ و ساتە هەڵسوکەتی لەگەڵ کرا و تەرمەکەی گەڕێندرایەوە بۆ کوردستان!

هەر ئەم ڕووداوە بوو وای کرد کە مەرگێک ببێتە دەسپێک! بە پێچەوانەی بیرکردنەوە باوەکە، ئەم مەرگە، کۆتایی ژینا نەبوو، بەڵکوو دەسپێکی ژینێکی نوێ دوای ژینا بوو. لە ڕاستیدا بە مەرگی ژینا، ژینایەکی نوێ خولقا، ژینایەک کە ٥ ڕۆژ دواتر، لە ساڵیادی لەدایکبوونیدا، هەموو خەڵکی کوردستان هاتنە سەرشەقام و یادی ٢٣ ساڵەی تەمەنیان کردەوە، ژینایەک کە ئیتر سنووری شاری سەقزی تێپەڕاندبوو و ئێشتا کچی هەموو کوردستان بوو، ژینایەک کە نموونەی بەرچاوی ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی ڕەگەزی و ستەمی ناسنامەیی بوو!

ڕووداوەکانی پاش مەرگی ژینا، بەتایبەت لە کوردستان، هەموویان بەرەو ئەو ئاقارە چوون کە بەرگری لە ماف و خواستی نەتەوەیی بکەن، خەڵکی کوردستان، بە مەرگی ژینا، هاواری پەنگخواردووی زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتداریی ستەمیان بەرز کردەوە، شەقامەکانیان هەژاند و دژ بە هەموو ستەمێک وەستانەوە.

ڕاستە کە کوردستان هەمیشە لە بەرانبەر داگیرکاریی دەسەڵاتدا هەڵوێستی بووە، بە دەیان جار خۆپیشاندان کراوە، مانگرتن بەڕێوە چووە و خەڵک داوای مافی ڕەوای خۆیان کردووە، بەڵام مەرگی ژینا ڕووداوەکانی بە چەشنێکی تر ئاراستە کرد، ئەم مەرگە بووە وێستگەیەکی گرینگ لە خەباتی کوردستاندا، وێستگەیەک کە ئەکرێ وەکوو گرینگترین ڕووداوی سەدە ناوی لێ ببردرێ.

شێوازی مەرگی ژینا، نوێنگەی ستەمی چەند قاتی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد و کوردستان بوو، هەر بۆیە کاتێک کە ئەم ڕووداوە ڕووی دا، کوردستان یەکدەست هەڵوێستی نواند، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری، بە دەرکردنی بانگەوازێک داواین لە خەڵک کرد کە مان بگرن و ئەم کردەوەیە مەحکووم بکەن، بەڵام تووڕەیی خەڵک وای کرد کە دوای مانگرتنەکە، شەقامەکان بهەژێن، تاکوو بەرگری لە کەرامەتی کچەکەیان بکەن، ڕووداوێکی دەگمەن بوو، ڕێژیم چەندین ساڵ بوو هەوڵی دەدا لە ڕێگەی میدیا و دەنگەبەر و باقی ئیمکاناتی بەردەستی خۆیەوە وای بنوێنێ کە خەڵکی کوردستان ژنکوژن و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لەم جوگرافییایەدا زۆرە، ئەیەویست خەڵکی کوردستان بە دواکەوتوو نیشان بدات و وای پێناسە بکات کە هیچ پێشکەوتنێکی هزریی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵام بە دەسپێکی شۆڕشی ژینا،



سەرچاوە
Serchawe

پێچەوانەکەی ڕووی دا، ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە مەرگی ژینایان پێ قەبووڵکراو نەبوو، هاتنە مەیدان تاکوو پێکەوە پێداگری لەسەر مافی ژنان و کچانی ئەم نیشتمانە بکەنەوە، پێکەوە دروشمی ژن، ژیان، ئازادییان وتەوە و دەنگی خۆیان بە هەموو جیهان گەیاند.

ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو، هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، دژکردەوەی ڕێژیم بەرانبەر بە خۆپیشاندەران لە کوردستان، ڕەشبگیری، سزای زیندان و لەسێدارەدران، ڕێژەی قەتڵە حکوومەتییەکان لە کوردستان، گوشارەکان بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشەکە، بانگهێشت و هەڕەشەکردن لەو بنەماڵانە، پێشگرتن لە چوونە سەر مەزار و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی پرسە و لەدایکبوون بۆ شەهیدەکان، هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستییەن کە ڕووداوەکانی پاش مەرگی ژینا توانیویانە تەواویەتی ڕێژیم بکەنە ئامانج، لێرەدایە کە دەگەڕێینەوە بۆ ڕستەکەی سەر کێلی مەزاری ژینا، ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز! لە ڕاستیدا ناوی ژینا لەو کاتەوە بوو بە ڕەمز کە سنووری نێوان ئێمە و ئەوی تری دیاری کرد، ژینا، کچی کوردستان بوو، نوێنەرایەتی نەتەوەکەی خۆی و ستەمێکی لەمێژینەی نەتەوەیی دەکرد، ڕێک بە پێچەوانەی مەهسا کە ناسنامەی داسەپاوی داگیرکەر بوو و شوناسی ڕاستەقینەی لێ زەوت کردبوو، مەرگی ژینا تراژێدیایەک بوو لە چەشنی کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ و قەلاتان، لە چەشنی لەسێدارەدرانی ٥٩ لاوی مەهاباد و بە دەیان ڕووداوی تراژیکی دیکە کە لە کوردستاندا ڕوویان داوە، ناوی ژینا پاش ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ژینێکی نوێی وەبەر کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردستاندا کردەوە، بوو بە ڕەمز بۆ ئەو ژنانەی کە ٤٤ ساڵە قوربانیی هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی بوون، بوو بە ڕەمز بۆ ئەو لاوانەی کە ساڵەکانی تەمەنیان بە بێ بوونی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون تێپەڕ کرد، بوو بە ڕەمز بۆ توێژە جیاجیاکانی کوردستان تاکوو بۆ جارێکی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە و دەرفەتەکان لە دەست نەدەن، ژینا بوو ڕەمز بۆ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان، بوو بە ڕەمز بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد. ڕاستە لەم ڕێگایەدا زۆر کەس شەهید بوون و بە هەزاران ئاوات و ئارەزوو چوونە ژێر خاک بەڵام، پەیامێکی گرینگمان پێ گەیشت، ئەویش ئەوە بوو کە کوردستان چۆک دانادا!

ئەگەرچی زۆر لایەن هەوڵیان دا نکۆڵی لە شوناسی ڕاستەقینەی ژینا وەکوو کچێکی کورد بکەن و وەکوو مەهسای بناسێنن، بەڵام لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکاندا، ژینا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بوو بە دەنگی کوردستان و ئێران. بە هەزاران هاشتەگ لێ درا و ناوی ژینا چووە سەردێڕی گرینگترین ڕۆژنامە و هەواڵدەرییەکانی جیهانەوە، ڕەنگە خودی ژینا هیچکات بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هەموو جیهاندا بیناسن، شەقامی بە ناوەوە بکەن و ئێکاونتی ئینستاگرامەکەی بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە، ڕەنگە هیچکات بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ناوەکەی، وەکوو ماناکەی، ئەتوانێ نوێنەرایەتی ژیان و مانەوە بکا. ژینا نموونەی هەزاران کچی قوربانیی ئەم نیشتمانە بوو، بە مەرگی ژینا، سنوورەکان

تێکشکان و پێناسەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، ڕوانگەکان گۆڕدران و ڕووداوەکان ئاقارەکەیان گۆڕدرا، هەموو ئەمانە ئەم ڕاستییە دەردەخەن کە ناوی ژینا ڕەمز بوو بۆ ژیان، ناوی بوو بە ڕەمز بۆ بەگژداچوونەوەی بیری دواکەوتووی داگیرکەران و ناوی ئەبێتە ڕەمز بۆ ئەوەی فێرمان بکات چۆک دانەدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکرات – ڕێکەوتی: ٣ی رەزبەری ٢٧٢٣

## بێدەنگی تاوانە!

هێشتا مانگێک بەسەر ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا ئەمینیدا تێنەپەڕیوە، جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی دیسانەوە لە پێتەختی تاوان، کچێکی کوردی دیکەیان بە بیانووی نەبوونی حیجاب، دایە بەر لێدان و تاوانێکی دیکەیان بە تاوانە دژەمرۆییەکانی خۆیان زیاد کرد.

ساڵی ڕابردوو کە ژینا ئەمینی لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادەوە لێی درا و چووە کۆماوە، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ڕەنگە مەرگی ئەم کچە بتوانێ ببێتە خاڵی دەسپێکی شۆڕشی ژینا و دروشمی پڕ ئێوەرۆکی ژن، ژیان، ئازادی بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکات؛ ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاراستەی شۆڕشەکە بە چەشنێک بوو کە پێشبینیکردنی کارێکی ئەستەم بوو، بەڕاستی کێ دەیزانی مەرگی ژینا دەتوانێ هەزاران لاوی ئەم نیشتمانە بێنێتە سەر شەقام و ڕووداوگەلێک بخوڵقێنی کە لە مێژووی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بێوێنە بێت؟

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ لەم قۆناغەدا لەبەر چاوی بگرین، ئەگەر دوێنێ ئەم ڕێژیمە دڕندەیە ژینای بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی ئەوان لە ئێمە ئەستاند، ئەوە ئەمڕۆ ئارمیتای هەر بەو بیانوویە و بە سێناریۆیەکی هاوشێوە کردووەتە ئامانج و ئەگەر بێدەنگ بین، بەیانی نۆرە دەگاتە کچەکانی دیکەمان!

دەڵێی ئەو ڕێژیمە قۆڵی لێهەڵماڵیوە تاکوو بە کوشتنی کچەکانمان بە بیانووی حیجابەوە، یەک یەک بمانکوژێ و لە کۆتاییشدا بڵێ پیرۆزییەکانم لە مەترسیدا بوون!

ئەوەی کە لە کاتی چوونە کۆمای ئارمیتاوە لە هەواڵدەرییە فەرمی و نافەرمییەکاندا بڵاو بووەتەوە ئەمەیە ڕێژیم هاوشێوەی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، هەوڵ دەدات ئەم تاوانە پەردەپۆش بکات و هەر بەو مەبەستەش هێزێکی زۆری ئەمنییەتیی لە نەخۆشخانەی فەجری تاران جێگر کردووە و ڕێگەش بە هیچکەس، تەنانەت بە بنەماڵەکەشی نادات چاویان پێی بکەوێ.

هۆکاری ئەم چەشنە ڕەفتارەش زۆر ڕوونە، ڕێژیم مەرگی ژینای بۆ بووەتە ئەزموون و دەزانێ کە بە بڵاوبوونەوەی هەر

چەشنە زانیارییەک دەکرێ ئاگری ڕق و تووڕەیی خەڵک بڵێسەدارتر لە جاران سەر هەڵ بداتەوە، لە ڕاستیدا ترسی ڕێژیم لە شەقام و هاواری شەقام وای کردووە هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکە بدات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ڕێژیم ئەگەر مەرگی ژینا و شۆڕشی دوای مەرگی ژینای بۆ بووەتە ئەزموون، بۆچی ئەم ڕەفتارەی دووپات کردەوە؟ لە ڕاستیدا وڵامی ئەم پرسیارە زۆر سادەیە، چییەتیی ئەم ڕێژیمە ئەوەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی هەموو کارێک دەکات، بێگومان پاش مەرگی ژینا، کۆمەڵێک ڕاسپاردەش بۆ ناوەندە سەرکوتکەرەکان هەبووە تاکوو پێش بە دووپاتبوونەوەی ڕووداوی هاوچەشن بگیردرێ، بەڵام فێربوونی ڕەفتارێکی لەم چەشنە لە سیستەمێکی تۆتالیتێردا، یان بە بارێکی تردا، ئەو هەموو تێچووەی بۆ بارهێنانی تاکی دڕندە و ئیدۆلۆگ، لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا بەکار دەبردرێ، بۆ ئەوە نییە کە لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا، گۆڕانیان بەسەردا بێت، کاتێک لە تەمەنی منداڵییەوە لە کتێبە دەرسییەکاندا کلێشە ڕەگەزییەکان فێری قوتابییان دەکرێ و وا پەروەردە دەکرێن بەدەرەوەبوونی قژی کچێک ئەتوانێ کورێک بکێشێتە گێژاوی تاوان و گوناهەوە، لە زانکۆکاندا ئاخوندەکانی حەوزەی عیلمییە وانەی پاکداوێنی بە خوێندکاران دەڵێنەوە و دوایەش ژمارەیەک لەمانە بە هەر هۆکارێک دەچنە چوارچێوەی ناوەندە سەرکوتکەرەکانەوە، بێگومان ئەم ڕەفتار و بیرکردنەوەیە لە مێشکیاندا جێگیر دەبێ و داعشئاسا دەکەونە گیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، جا کاتێکیش باس لە کوردبوون و بیروڕای جیاوازی سیاسی و فەرهەنگی بەو پێشینەیەوە کە لە کوردستاندا هەیە بکرێ، بێگومان سەرکوتکارییش زۆرتر دەبێ و ئەو کاتەیە خێڵی داعش لای ئەمانە، دەبێ وەکوو فریشتە پێناسە بکرێن.

خاڵی گرینگ لەم قۆناغەدا کە دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت ناوەندە مافی مرۆییەکان بە نیسبەت ئەم ڕووداوە ڕێژیمی ئێران ناچار بە وڵامدانەوە بکەن و کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتیی بەدواداچوون هەوڵ بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بدات. بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا، ئەوەی نابێ لێی غافڵ بین، هەوڵی گشتگیر بۆ مەحکوومکردنی ئەم تاوانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، ئەمەش لە لایەکەوە وەکوو ئەرک دەکەوێتە سەر شانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان کە بتوانن بە هەر شێوازێکی گونجاو کە بۆیان دەلوێ، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم کردەوەیە دەربڕن و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەرکی سەر شانی خەڵکی کوردستانە تاکوو جارێکی دیکە پێداگری لەسەر مافەکانی خۆیان بکەنەوە و بەنیسبەت ئەم تاوانە مرۆییە، بێدەنگ نەبن.

بەڕاستی لەم قۆناغەدا بێدەنگی تاوانە، بێدەنگبوون دەتوانێ کارەساتی گەورەتر لەمەی بە دواوە بێت، ئارمیتاکان، ژیناکان و بە هەزاران کچی دیکەی کوردستان، لەلایەن ڕێژیمی ژنکوژی کۆماری ئیسلامییەوە کراونەتە ئامانج، ڕێژیم لە ڕێگەی ناوەندە جۆراوجۆرەکانیەوە و هەر جارەو بە جۆرێک و بە بیانووی نەبوون یان ڕەچاونەکردنی حیجابەوە دەستدرێژی دەکاتە سەر کەرامەتی کچەکانمان تاکوو تۆڵەی خۆڕاگری و بەرخودان لە کوردستانییان بکاتەوە. بێگومان ئێستا هەموو

هیواکان ئەوەن کە ئارمیتا بگەڕێتەوە بۆ ژیان و خۆی چیرۆکی ئەم دڕندەییەی هێزەکانی ڕێژیم بگێڕێتەوە، بە گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەی ئارمیتا بۆ ژیان، ئاراستەی ڕووداوەکانیش ئەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت، بێگومان کوردستان لە ئاست ئەم دەستدرێژییە دووبارەیەی ڕێژیم بێدەنگ نابێت و دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە تەنافی ملی داگیرکەر، تاڵە قژی کچانی ئەم نیشتمانە بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---

# خەڵاتی ئازایەتی و خەباتخوازی، لە نۆبڵەوە بۆ ساخارۆف

شۆڕشی ژینا لە جۆری خۆیدا دەکرێ وەکوو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووی ڕزگاریخوازانە بە دەسپێشخەریی ژنان چاوی لێ بکرێت. بزووتنەوەیەک کە ئەگەرچی خاڵی لاوازیشی تێدا هەبوو، بەڵام توانیی کۆدەنگییەک دژی ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی دروست بکات و ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێراندا. ئەوەی کە قەت ناکرێ نکۆڵیی لێ بکرێت، قورسایی خەباتەکە لەسەر شانی کوردستان و کوردستانییان بوو، لە ڕاستیدا ئاخێزگەی ئەم شۆڕشە کوردستان بوو و هەربۆیە لە کوردستانیشدا نرخی زیاتری بۆ درا. ڕاستە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەردەوام بوو، بەڵام جیاوازبوونی خواست و داواکارییەکان وای کرد کە نارەزایەتییەکانی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکە بڕۆن و فۆکووسی نارەزایەتییەکان زیاتر لەسەر ویست و خواستی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ، بەپێچەوانەی نارەزایەتییەکانی ناوەندی ئێران کە لە لابردنی سەرپۆش و ئازادیی پۆششدا قەتیس مابۆوە. ئەو تێچووەی کە لەلایەن کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە بۆ شۆڕشی ژینا درا و ئەو هەموو گیانبازییەی کە لە شەقام و کۆڵانەکانی کوردستاندا بینرا، بێگومان شیاوی ئەوە بوو کە لەلایەن ناوەندە گرینگەکانی جیهانەوە ببیندرێت و ڕێزی لێ بگیردرێت.

لە ماوەی ڕابردوودا کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ پێشکەش کرا، ئەم ڕەخنەیە زۆر گیرا کە بۆچی لە نێوان بەربژێرەکانی ئەم خەڵاتە جیهانییەدا، ژنانی کورد هیچ پشکێکیان بەر نەکەوتبوو، ئەمە ڕەخنەیەکی بەجێ بوو، لە ڕاستیدا کوردستان چەندین ساڵە کە لە بەرەی شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی تاراندایە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی کورد هەن کە ساڵانێکە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک "ئەوی تر" دەناسرێن، لە زیندان دەخرێن، ئەشکەنجە دەدرێن، حوکمی قورسیان بەسەردا دەسەپێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ، هەوڵەکانی ئەوانیش لە چوارچێوەی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن و مرۆڤ بووە و نەک جیاوازییان لەگەڵ باقی ژنانی جیهان نییە، بگرە زۆر زیاتر لەوانیش قوربانییان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و سەقامگیرکردنی ئاشتی داوە، نموونەی لەو چەشنە زۆرن، زەینەب جەلالیان، موژگان کاوسی، زارا محەممەدی، ژینا مودەڕس گورجی و بە دەیان ژنی دیکە. بەڵام لە نێوان هەموو ئەوانەدا، نەرگس محەممەدی وەکوو براوەی خەڵاتەکە دیاری دەکرێ کە بێگومان نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی هەموو ژنانی ئێران و بەتایبەتیش ژنانی کورد و داخوازییەکانیان بکات؛ سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبڵ نووسیبووی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی نیشاندەری چالاکییەکانی نەرگس محەممەدییە! دروشمێک کە لە کوردستانەوە و لە دژکردەوە بە سیاسەتی ژنکوژیی ڕێژیمی ئێران سەری هەڵدا و بە

قوربانیبوونی ژینا، کچە کوردی خەڵکی سەقز دەستی پێ کرد و لە ڕاستیدا ئاخێزگەی ئەم دروشمە کوردستان بوو و دەسپێشخەرەکانیشی هەر ژنانی کوردستان بوون! ڕەنگە تا ئەو کاتەی کە چەخماخەی شۆڕشەکە نەگەیشتبێتە تاران و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" نەکرابێ بە "زن، زندگی، آزادی" نەکهەر نەرگس محەممەدی، زۆر کەسی دیکەش ئەو دروشمەیان هەر نەبیستێ! ئەمە غەدرێکی گەورەیە، بەتایبەت لە ژنانی کوردستان، ژنانێک کە بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزییان بەرانبەر کراوە و بە هەموو شێوازێکیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان نرخیان داوە. ئەگەرچی بەشێک لەم ڕەخنەیە دەکەوێتەوە سەر کەسایەتییە کوردستانییەکان کە لە دەرەوەی وڵاتن و دەیانتوانی لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو، کاری باش بۆ هێنانە گۆڕێی پرسی ژینا و بزووتنەوەی ژینا و ناساندنی ئەم شۆڕشە بە جیهان بکەن و بەداخەوە هەوڵی پێویستیان نەدا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٧ی ڕەزبەری ئەمساڵ، یەکیەتیی ئورووپا خەڵاتی ساخارۆفی پێشکەش بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کرد. بەپێچەوانەی کۆمیتەی نۆبڵ، سەرۆکی پارلەمانی ئورووپا لە کاتی ڕاگەیەندنی براوەی خەڵاتەکە گوتی ئەم خەڵاتە پێشکەش دەکرێ بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو کەسانەی کە گیانیان بۆ ئازادی فیدا کردووە."

یەکیەتیی ئورووپا بە دانی ئەم خەڵاتە بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، لە گەرمەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا هەوڵ دەدا بیری جیهان بۆ لای کێشەکانی دیکە ڕابکێشی و بە نهێنی و ژێربەژێر سەرکوتکارییەکانی خۆی لە نێوخۆ درێژە پێ بدات، بۆ جارێکی دیکە سەرنجی جیهانی بۆ لای شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو ڕاکێشایەوە، ئەم خەڵاتە توانیی بیسەلمێنێ کە پرسی ژینا و پرسی کوردستان کۆتاییان پێ نەهاتووە و وەکوو دەسکەوتێکی مەزنی ئەم بزووتنەوەیە چاو لەم خەڵاتە دەکرێت.

ژینا نموونەی بەرچاوی قوربانیبوونی ژنی کوردە، جیاوازیی خەڵاتی نۆبێلی ئەمساڵ و خەڵاتی ساخارۆف ڕێک لەوەدایە کە ژینا لە مەهسا جیا دەکاتەوە، ڕێز لە خەباتی ژنی کورد دەگرێت و قوربانیدان و گیانفیداییشی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیدا، بەنرخ دەزانێت.

خەڵاتی ساخارۆف لە ڕاستیدا خەڵاتێکە بۆ کوردستان و بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەپێناو دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و سەربەستیدا گیانیان بەخشی، قوربانییان دا و ئامادەنەبوون چۆک دابدەن.

مەودای نێوان ئەو دوو خەڵاتە زۆرە، هەروا کە مەودای نێوان ژینای ئێمە و مەهسای ئەوان زۆر بوو!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## لێیان تێک چووە!

لەم ڕۆژانەدا، هەواڵدەریی تەسنیم، سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی "پاراستنی بنەماڵە، گوتاری کاریگەر بۆ گۆڕینی ئاکاری ژنانی بێ حیجاب"، بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا کردوە. خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە بەبێ هیچ بەڵگە و ئارگۆمێنتێک، بەو ئاکامە گەیشتوون کە ڕەچاونەکردنی حیجاب هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەدایە! ئاکامێک کە هیچ لۆژیک و پێوەرێکی زانستیی لە پشت نییە و تەنیا بە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەکرێ دەست کەوێ!

لەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بە وتووێژ لەگەڵ تەهوورا نەورۆزی، بەرپرسی بونیادی میللیی عیفاف و حیجابی ڕێژیم کراوە و ئەم خاتوونەش، لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی خیانەتکردن، یەکەمین هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەیە، دەڵێ: بەو هۆیە کە، کەمحیجابی و نەبوونی حیجاب لە کۆمەڵگەدا پەرەی ئەستاندوە! لە درێژەشدا باسی لەوە کردوە کە ئەبێ گوتاری حیجاب لە کۆمەڵگەی ئێراندا وا کاری بۆ بکرێت کە بازنەیەکی گەورەتر لەخۆ بگرێ، بۆ ئەم بابەتەش ئاماژەی بە قسەکانی خامنەیی کردووە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا وتی ئەگەر کۆماری ئیسلامیشتان قەبووڵ نییە، لەبەر ئێران دەنگ بدەن! بۆیە ئەم خاتوونەش لە ڕێگەی ئەم ئێستدیلالەوە بەو ئاکامە گەیشتووە دەبێ پرسی حیجاب بەربڵاوتر بکرێتەوە و لە ڕاستیدا باس لە خودی حیجاب نە، بەڵکوو باس لە بنەماڵە بکرێ چونکە بنەماڵە ساختارێکە کە هەموو کەس چ لایەنگری حیجاب بن و چ نەبن، چ دیندار بن و چ نەبن، گرینگیی پێ دەدەن.

لە ڕاستیدا قسەکانی ئەم بەرپرسەی ڕێژیم، هیچ لۆژیکێکی تێدا نییە، چۆن ئەکرێ دیاردەیەکی گرینگی وەکوو جیابوونەوە، بە پێوەری حیجاب هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بە هیچ ئارگۆمێنتێک، نەبوونی حیجاب بە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی خیانەت بزانرێ؟ چۆن ئەبێ هیچ هۆکارێکی گرینگی دیکە بۆ جیابوونەوە و تێکچوونی شیرازەی بنەماڵەکان نەبینرێ بەڵام، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر شۆڕشێکدا کە هۆکاری سەرەکیی دەسپێکردنی هەر ئەو حیجابە بوو، ئەمە بە تەنیا فاکتەر بزانرێ؟

لە ڕاستیدا ئەمەش یەکێکی دیکە لە پەلەقاژەکانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی پرسە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەیە و لەلایەکی تریشەوە دەیهەوێ، بە هێنانەئارای چەمکی بنەماڵە و گرینگیی ئەم ناوەندە کۆمەڵایەتییە، پێداگرییەکانی خۆی لەسەر



سەرچاوە
Serchawe

پرسی حیجاب زیاتر بکاتەوە و بڵێ، ساڵێکە خەریکن لەسەر حیجاب شەڕمان لەگەڵ دەکەن و بە قەولی خۆیان، ئێغتشاش دەکەن، کەچی ئەوە حیجاب بووەتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی خیانەت بە یەکتر بکەن و ژیانتان لێک هەڵوەشێتەوە!

لە کاتی خەسارناسی بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا، کارگرووپی کارزان و پسپۆڕ، لەسەر بابەتەکە کار دەکەن و بە شیکاریی دیاردەکە و خەسارناسیی چڕوپڕ، هۆکارەکانی ڕوودانی دیاردەکە دەستنیشان دەکەن و پاشان بە داڕشتنی پلانی ڕێکوپێک، هەوڵ بۆ کەمکردنەوی دیاردەکە دەدەن. بەڵام لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، هەموو شتێک لەسەر پێوەری ئیدئۆلۆژی دەسووڕێتەوە، مادام کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی ئیسلامییە و پرسی حیجاب، یەکێک لە بنەماکانی ئەم دەسەڵاتەیە، کەوابوو زۆربەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ هیچ هۆکارێکی زانستی، پێوەندییان بە ڕەچاونەکردنی حیجابەوە هەیە.

لە کاتێکدا کە ئەم بەرپرسەی ڕێژیم خەریکە باس لە بێحیجابی وەکوو گرینگترین هۆکاری جیابوونەوە دەکا، هەموومان دەزانین کە نالەباربوونی پرسی ئابووری چۆن باڵی بەسەر ژیانی خەڵکانی ئێراندا کێشاوە و چۆن وەکوو یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بێهیوایی خەڵک بە بوونی داهاتووی گەش چاوی لێ دەکرێت، لەلایەکەوە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و لە لایەکی تریشەوە وای کردوە کە بەگشتی ڕێژەی هاوسەرگیری لە ئێراندا ڕووی لە داکشان کردوە.

ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم وا دەکا کە ئەم بەناو بەرپرسە، ئاماژە بە دیاردەگەلێکی دیکەی وەک منداڵ_هاوسەری، بە زۆربەشوودانی کچان، بێکاری، نەبوونی پەروەردەی دروست و کێشەی سۆزداری نەکات و هەموو شتێک لە پرسی حیجابدا قەتیس بکاتەوە، بۆچی؟ چونکە لەم قۆناغەدا پێویستە وەڵامی پرسیارەکانی خەڵک کە بۆچی ژینا ئەمینی و ئارمیتا گراوەند بەو شێوازە گیانیان لێ ئەستێندرا، بە لۆژیکی کۆماری ئیسلامی بدرێتەوە!

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم لەو بەشەدا کە باسی لە بەربڵاوترکردنی بازنەی حیجاب بە گرینگیدان بە بنەماڵە کردووە دەڵێ کە حیجاب پرسێکی گشتییە و تەنانەت لەو بنەماڵانەشدا کە ئیماندار نین، ئەم بابەتە گرینگیی پێ دەدرێ، ئەمە لەحاڵێکدایە کە بەگشتی پرسی حیجاب، پرسێکی تاکەکەسییە و هەرکەس بەپێی باوەڕەکان و پێخۆشبوونی خۆی گرینگی بەم بابەتە دەدات و هیچ پێویست ناکا، دەسەڵات ئەم پرسە گرێ بدا بە خۆیەوە و وەکوو پرەنسیپێک پێناسەی بکا کە پێشێلکردن یان ڕەچاونەکردنی، سزای کوشتنی بە دواوە بێ، وەک ئەوەی کە بۆ ژینا و ئارمیتا دیتمان.

لە ڕاستیدا بڵاوبوونەوەی ئەم چەشنە هەواڵ و ڕاپۆرتانە، لە پێگەیەکی وەکوو هەواڵدەریی تەسنیم، کە سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمە و ئەویش لەم کاتەدا کە خەڵک لە کوژرانی ژینا و دووپاتبوونەوەی چارەنووسەکەی بۆ ئارمیتا تووڕەن و نیگەرانن کە ئەم ڕووداوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان کچەکانی تریش تووش بکات و بیانخاتە باوەشی مەرگەوە، نیشان لەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم دەیهەوێ وای نیشان بدات کە وەکوو دەسەڵاتێکی ئیسلامی، ڕۆشنبیرانە خەریکە باس لەم پرسە دەکات و لەو ڕووەوە کە ئەم بابەتە بە هۆکاری سەرەکی بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە دەزانێ، گوایە بە مەبەستی دڵسۆزی بۆ خەڵک ئەیهەوێ بە فرتوفێڵ پەرە بە پرسی حیجاب بدات و لەلایەکی تریشەوە، بە شاردنەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکان، خۆی لە وڵامدانەوە و بەرپرسایەتیی لە دۆخەکە دەرباز بکات.

بەرپرسانی ڕێژیم بەڕاستی لێیان تێک چووە کە خۆیان و ئیدئۆلۆژی و سیاسەتە هەڵەکانیان، گەورەترین هۆکاری نەهامەتی خەڵکانی ئێرانە و تا کاتێ ئەوان هەبن، دزێوترین دیاردەکانیش هەر بەردەوامن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر هەر برینە!

خەزەڵوەر بۆ خەڵکانی ئێران مانگێکی خوێناوییە. لە ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨دا بوو کە گرانبوونی کتوپڕی نرخی بێنزین، خەڵکی وەزاڵەهاتووی هێنایە سەر شەقامەکان و ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دژی ڕێژیم دەستی پێ کرد. لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا کە بەداخەوە وەک هەمیشە کوردستان پشکی سەرەکیی لە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم پێ برا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک گیانیان لەدەست دا و بریندار بوون، ژمارەیەکی زۆر لە دەسبەسەرکرانیش لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمدا کەوتنە بەر لێدان و ئەشکەنجە و سزای قورسیان بەسەردا سەپا.

لە خەزەڵوەری ٩٨دا و پاش دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان، حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ڕێژیم بە ڕوهەڵماڵراوییەوە هاتە دەنگ و گوتی منیش وەکوو ئێوە، سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی لە خەو هەستام و زانیم نرخی بێنزین گران بووە! ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە دڕندەیی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتەکەی ڕەئیسی، لە گرینگترین ڕۆژنامە و میدیاکانی جیهانیدا باسی لێ دەکرا و هەموو دنیا بینەری دڕندەییەکانی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە خەڵکی خۆپیشاندەر بوون.

لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا، بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان، ١٥٠٠ کەس بەدەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژران. هەواڵدەریی ڕویتێرز، لە ٢ی بەفرانباری هەمان ساڵدا بە پشتبەستن بە ئامارە دزەپێکراوەکان، کوژرانی ٤٠٠ ژن و ١٧ مێرمنداڵی لەم خۆپیشاندانانەدا پشتڕاست کردەوە. وتەبێژی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتیی مەجلیسی ڕێژیمیش، لە ڕۆژی ٤ی سەرماوەزی هەمان ساڵدا ڕایگەیاند کە ٧ هەزار کەس لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکاندا دەسبەسەر کراون. هەروەها لە ڕۆژی ١٢ی خەرمانانی ٩٩دا، لێبوردنی نێونەتەوەیی بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک باسی لە ئەشکەنجە، لێدانی قامچی، شۆکی ئێلێکتریکی، لەسێدارەدانی ساختە، توندوتیژیی سێکسی و بێبەریکردن لە پێڕاگەیشتنی پزیشکی لە زیندانەکانی ئێراندا کرد.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا ئەمە بوو کە ڕاپەڕینەکە سەرتاسەری بوو، خۆپیشاندانەکە ئەگەرچی پاش گرانبوونی نرخی بێنزین هاتە ئاراوە بەڵام ئاراستەکەی ڕێبەریی ڕێژیم و تەواوییەتی دەسەڵاتەکەی کردە ئامانج، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، سەرکوتکارییەکان لە کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری مەریوان زیاتر بوو، چونکە لە بنەڕەتدا خواستی کورد جیاوازە.

پاش شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و دەسپێکی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی گەلانی ئێران لەژێر ناوی شۆڕشی ژینا و بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی، جارێکی دیکە مانگی خەزەڵوەر بوو بە یەکێک لەو مانگانەی ساڵ کە زیاترین ڕێژەی سەرکوتکارییەکانی تێدا بەڕێوەچوو. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی کوردپا، تەنیا لە مانگی خەزەڵوەردا، ٦٦ کەس لە شارەکانی کوردستاندا بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم شەهید کران.

پشکی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ١٤٠١دا بەرچاو بوو، بەپێی هەواڵ و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لە ناوەندە مافی مرۆییەکان، ژنان بەشێکی بەرچاو لە خۆپیشاندەران بوون کە دژی تەواوییەتی ڕێژیم ڕاوەستان و لەم پێناوەشدا قوربانییان دا.

بەشداریی ژنان لە شۆڕشی ژینادا، بابەتێکی گرینگە کە پێویستە هەم زۆر و بەبایەخ و هەم لە لایەنگەلی جیاوازەوە باسی لێ بکرێ، بۆیە ئەوەی کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، تەنیا ئاماژەیەکی کورتە.

لە خۆپیشاندەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا هەروەک ئاماژەی پێ کرا، ٤٠٠ ژن بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژران و، لە یەک ساڵەی شۆشی ژیناشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە سەرتاسەری ئێراندا کوژران و بریندار کران. زۆربەی ئەو ژنانەی بە فیشەکی ساچمەیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بریندار کرابوون، ئێستاش بەنهێنی دەژین و لە ترسی دەسبەسەرکران و سەپاندنی سزای قورس، ناوێرن ناو و شوناسی خۆیان ئاشکرا بکەن. بەڵام خاڵی جێگای سەرنج خۆڕاگری و پێداگریی ئەو ژنانەیە کە لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا ئازیزانی خۆیان لەدەست دا.

کوردستان هەمیشە گۆڕەپانی ململانێ لەگەڵ داگیرکەر بووە، هەر بۆیە خۆڕاگری وەکوو میراتێک نەسڵ لە دوای نەسڵ لە کوردستانیياندا دەبینرێت. لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە ساڵوەگەڕی شەهیدانی خەزەڵوەردا، سەرەڕای گوشارەکانی ڕێژیم و دەسبەسەرکردنی بنەماڵەی ئەم شەهیدانە و وەکوو دوایین نموونەشی خوشکی شەهید شەهریار محەممەدی لە بۆکان، ژنانی نیشتمانپەروەری ئەم خاکە، بە یادکردنەوەی ڕۆڵەکانیان جارێکی دیکە، نیشانیان دا کە هیچ هێزێک ناتوانێ بە چۆکیان دابێنێ. لە بیرمانە ساڵی ڕابردوو دایکی شەهید میلاد مەعرووفی لە کاتی ناشتنی تەرمی کوڕەکەیدا گوتی کوڕی من شەهیدە و پێشکەشی ئەکەم بە نیشتمان، کچی نیشتمان نەبم ئەگەر تۆڵەی نەستێنم. هەر ئەو دایکە ئەمساڵ پاش ڕێگریکردنی هێزەکانی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ساڵوەگەڕ لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی، لەگەڵ دایکی شەهیدانی دیکەی ئەم شارە کۆ بۆوە و گوتی ئێمە دایکانی شۆڕش لە خوێنی کوڕەکانمان خۆش نابین و تا دوایین هەناسەمان دادخوازی خوێنی بەناحەقڕژاوی کوڕەکانمان بەدەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین.

لە خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر بۆ ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد هەر برین بووە، لە هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکدا ئەوە ئێمەی کوردین کە پشکی شێرمان بەر دەکەوێ گوشار و سەرکوتکارییەکان بۆ ئێمەش زیاترە.

سەرەڕای هەموو گوشارەکان، ژنانی ئەم نیشتمانە، نە چۆکیان داداوە و نە فێری نەوەی داهاتوویان کردوە کە چۆک دابدەن، دایکان، خوشکان، هاوسەران و کچی شەهیدان، بوونەتە هێمای خۆڕاگری و لەم شۆڕشەدا فێریان کردین کە ئەگەر خەزەڵوەر تا خەزەڵوەر برینمان بەر کەوتوە، خۆڕاگرتر لە جاران لەسەر داوا ڕەواکانمان سوورین و ناهێڵین ئەم کاروانە ڕاوەستێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## توندوتیژیی سیستماتیک

هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی پرتەقاڵی کە لە ٢٥ی نۆڤامبرەوە دەست پێ دەکات و هەتا ١٠ی دێسامبر درێژە دەکێشێ، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کە بتوانین زیاتر فۆکۆس بخەینە سەر جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژیی دژی ژنان و هەوڵەکانمان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان دژی ژنان چڕ بکەینەوە، بۆیە بە کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە، ئاوڕێک لە توندوتیژییە سیستماتیکەکانی ڕێژیم دژی ژنان لە ئێران بدەینەوە.

ڕەنگە زۆر جار کە باس لە توندوتیژیی دژی ژنان دەکرێ، ژنێک بە سەر و دەستێکی شکاو و کۆمەڵێک برینی سەر جەستەیەوە وێنا بکەین بەڵام لە ڕاستیدا توندوتیژی لایەنی زۆر جیاواز و لە هەمان کاتیشدا بەربڵاوی هەیە. لە توندوتیژیی زارەکی، خێزانی، ئابووری، ڕەگەزی و دەروونییەوە بگرە هەتا توندوتیژیی سیستماتیک کە ڕەنگە کەمتر قسەی لەسەر کرابێ.

توندوتیژیی سیستماتیک جۆرێک لە توندوتیژییە کە بە پێچەوانەی زۆرینەی جۆرەکانی توندوتیژی لەلایەن کەسێکی تایبەتەوە ئەنجام نادرێت، بکەری ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە ڕاستیدا، سیستم، پێکهاتە یان ناوەندێکی دەسەڵاتە. نموونەی ئەم جۆرە لە پێکهاتەی توندوتیژ کە بە شێوەی سیستماتیک توندوتیژی دەنوێنێ، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە.

پرسی توندوتیژیی سیستماتیک، پرسێکی تازە نییە، بەڵام بە کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لە تاران، زیاتر کەوتە بەر باس. خودی توندوتیژیی سیستماتیک لەسەر هەڵاواردنەکان دامەزراوە. کاتێک لە سیستمێکدا هەڵاواردنەکان بناغەی پێوەندییەکان و گرینگترین بڕیار و پێشهاتەکانی کۆمەڵگە بن، کەوابوو توندوتیژیش بەشێوەی بەربڵاو پەرە دەستێنێ. ئەم جۆرە لە توندوتیژی زیاتر لە جوغرافیای ژێردەسەڵاتی، وڵاتە دیکتاتۆر/ تۆتالیتەرەکاندا دەبینرێت و ئامانجی سەرەکی لەم جۆرە لە توندوتیژی، سەپاندنی ئیدئۆلۆژی بەسەر کۆمەڵگەدایە. بۆیە دەسەڵاتی تۆتالیتەر/دیکتاتۆر هەوڵ ئەدات کەڵک لە هەموو ئامرازەکانی بەردەستی خۆی وەکوو میدیا، کەرتی پەروەردە، ئایین و گرینگتر لە هەموویان دابونەریت و یاساکان وەربگرێت.

سیستەمەتی تۆتالیتەر/دیکتاتۆر لە پەرەدان بە هەڵاواردنەکاندا، ڕووبەڕووی کاردانەوەی کۆمەڵگە دەبێتەوە و ناچارە بۆ

سەپاندنی هێژموونیی خۆی، کەڵک لە ئامرازەکانی سەرکوتیش وەربگرێ. نموونەی ئاشکراشی هاتنەسەرکاری ڕێژیم لە ڕێبەندانی ٥٧ و گوشارەکان بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ لە ڕەشەمەی هەمان ساڵدا بوو، ئەم هەڵاواردنە ڕەگەزییە، وای کرد کە ژنان بێنە مەیدان و لە ٨ی مارسی هەمان ساڵدا دژی ئەم بڕیارە بوەستنەوە، کەوابوو ڕێژیم ناچار بوو سەرکوتکارییەکە زیاتر بکات، وەک دەبینین پرسی حیجاب لەو کاتەوە و بە گەلاڵەی حیجابی زۆرەملێ لە ئیدارەکان دەستی پێ کرد و گەیشتە کوژرانی ژینا و ئارمیتا!

یەکێک لە گرینگترین ڕێگاکانی بەردەستی دەسەڵات بۆ سەپاندنی هێژموونی، کەڵکوەرگرتن لە یاساکانە، هەر ئەو بابەتەی کە لەم چەند دێڕەدا وەکوو توندوتیژیی سیستماتیک ناوی لێ دەبەین. کاتێک دەسەڵات توانای کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی نامێنێ، بە داڕشتنی یاسا و بە سیستماتیککردنەوە هەوڵ بۆ سەپاندنی خۆی دەدات.

یەکێک لەو توێژانەی کۆمەڵگە کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، بە هۆی کاردانەوە بە هەڵاواردنەکان بەرەوڕووی توندوتیژیی سیستماتیکی ڕێژیمی ئێران بووەتەوە، توێژی ژنانە. هەر بۆیە ئەم دەسەڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توێژی ژنان، بە داڕشتنی یاسا، ئەویش یاساگەلێکی تەواو توندوتیژ، هەوڵی سەرکوتی زیاتری ئەم توێژەی داوە. یاساکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بە هۆی باری مەعنەوی و پاڵپشتیی دەسەڵات، بە چاک و خراپ دەبێ جێبەجێ بکرێن و بێگومان بۆ دەسەڵاتگەلی دیکتاتۆر/تۆتالیتەر، گرینگ نییە کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە تا چ ڕادەیەک دەتوانێ کاریگەریی نەرێنییان لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکان هەبێت.

ڕێژیمی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ژنان لە بیاڤی خێزانیدا ژنانی لە مافەکانی بێبەش کردوە، بەپێی یاسا ئیزنی جیابوونەوە بە ژنان نییە، ژنان مافی سەرپەرستی منداڵەکانیان پێ نادرێت، دەبێ نیوەی پیاوان میرات وەربگرن، بۆ پرسە گرینگەکان شاهێدیی ئەوان نیوەی پیاوانە، بە پشتیوانیی ڕێژیم و لە ڕێگەی گرووپە مافیاییەکانەوە قاچاخ دەکرێن، سانسۆر دەکرێن و پۆستی باڵای حکوومەتدارییان پێ نادرێت، مافی دایکایەتیشیان بەپێی سیاسەتەکانی ڕێژیم بڕیاری بۆ دەدرێت، لە خوێندن و کارکردندا تووشی هەڵاواردن دەبن، دەکوژرێن و بکوژەکانیشیان سزا نادرێن، بە بیانووی ڕچاوەنەکردنی حیجابەوە کچان دەکوژێت و ژنانی ناڕازی دەخاتە زیندانەوە و دەستدرێژی دەکاتە سەریان و مافەکانیان پێشێل دەکات. ئەمانە تەنیا نموونەگەلێکی سادە لەو جۆرە توندوتیژییانەن کە دەچنە چوارچێوەی توندوتیژی سیستماتیکەوە، پاڵپشتی سەرەکییان یاسایە و پەروەردەی سیستماتیک و ئیدئۆلۆژیکیش وای کردوە کە زۆر جار لەلایەن کۆمەڵگەوە نابینرێن یان خودی تاکەکانیش ئەبن بە بکەری سەرەکییان!

مەرگی ژینا و ئارمیتا، دوو نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە لە توندوتیژییەن کە ڕێک بە پاڵپشتی یاساکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەچاوکردنی حیجاب و دواتریش بە پارێزراوبوونی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد و حیجاببانان لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕوویان دا. پاش مەرگی ژینا، توندوتیژییە سیستماتیکەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە پەرەی زیاتریان ئەستاند و جگە لە ژنان، پیاوانیش بوون بە بەشێک لە قوربانییانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی.

لە ڕاستیدا توندوتیژیی سیستماتیک لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتیش کوردستاندا کە هەمیشە بە شێوەی جیاواز و بە خوێندنەوەی سیاسی بەرەنگاری دەسەڵات بووەتەوە، بنبڕ نابێ، مەگەر ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە بڕووخێت و یاساکان سەرلەنوێ بنووسرێنەوە. بێگومان دەسەڵاتی تۆتالیتەر/ دیکتاتۆر بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێچکەی خۆی، پەرە بە هەڵاواردنەکان و سەرکوتکارییەکان دەدات، بەڵام گرینگ هەبوونی ئیرادەیەکی گشتگیر بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژییەکانەوە، وەک ئەوەی کە لە پاش مەرگی ژینا کرا و ناوی لێ نرا شۆڕشی ژینا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ ئاسۆ مینبەری بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**



سەرچاوە Serchawe